زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# چەمكی ڕێزمانێتی لە تیۆری بەرهەمهێناندا

**نامەیەكە**

**پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلیژی پەروەردە-بەشی زمانی كوردی كراوە لە زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر وەكو بەشێک لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەزمانی كوردیدا**


**لەلایەن**

## تریفه محسن أحمد

**بەكالۆریۆس لە زمانی كوردی – كۆلیژی زمان- زانكۆی سەلاحەدین- ٢٠١٠**

**بەسەرپەرشتیاری**

## پ.د. تاڵیب حوسێن عەلی


**تشرینی یەكەم ٢٠١٥**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۗ وَلَا تَعۡجَلۡ
بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ
وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا ﴾

صدق الله العظيم

طه: ١١٤

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانی بریتیە لە (چەمکی ڕێزمانێتی لە تیۆری بەرھەمھێناندا) ھەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە .جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە ،ھەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە ھیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوەو پێشکەشی ھیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم .بەڵێن دەدەم لە ھەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە .

واژوو:

ناوی قوتابی:تریفه محسن أحمد

بەروار: ٢٠١٥/١١/٢٢

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نـامەیە لەژێـر سەرپەرشـتیاری مـن ئامـادەکراوە و نووسـراوە و نێـردراوە بـۆ وەرگرتنـی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆری زمانی کوردی .من پشتگیری دەکەم و ڕازیـم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لیژنەی تـاقیکردنەوە بکرێت .

ناو : پ.د. طالب حسێن علی                    واژوو ____________________

بەروار ____________________

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوەو هەروەهـا ئامـاژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیـار،من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو: .......................................

ناو: ........................................

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار : ......................................

پشـتگیری دەکەم کە هەمـوو پێداویسـتیەکان جێبەجـێ کراوە،بـۆیە ڕازیـم کە ئەو نـامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی بـاڵا لە کۆلیژ

واژوو : ........................................

ناو : ..........................................

بەروار : .......................................

# بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە ،ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە : (چەمکی ڕێزمانێتی لە تیۆری بەرهەمهێناندا) خوێندەوە و قوتابیەکەمان کە ناوی (تریفە محسن أحمد) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە .ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆری زمانی کوردی تێدایە .

واژوو :

ناو : پ.د. فریدون عبدول بەرزنجی

ئەندام

بەروار :

واژوو :

ناو : د. دیار علی کمال

ئەندام

بەروار :

واژوو :

ناو : پ.د. طالب حسێن علی

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار :

واژوو :

ناو : پ.د. یوسف شریف سعید

سەرۆکی لێژنە

بەروار :

واژوو :

ناو : پ.ی.د. سعید عمر ئیبراهیم

ڕاگری کۆلیژی پەروەردە بە وەکالەت

بەروار :

# پێشکەشە بە

- خوێنی شەهیدانی خاکی پیرۆزی کوردستان و هەموو پێشمەرگە سەربەرز و خۆڕاگرەکان .

# سوپاس و پێزانین

- ڕێز و سوپاسی زۆر بێپایانم هەیە بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم (پ.د.تاڵیب حوسێن) کە ئەرکی زۆری کێشا بە یارمەتیدانم لە نووسینی ئەم نامەیەدا.
- زۆر سوپاسی یەکە بە یەکەی ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم،کە ئەرک و ماندووبوونی زۆریان کێشاوە بۆم.
- زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێز (د.حاتەم ولیا محمد) دەکەم کە وەک مامۆستا و هاوڕێ و دڵسۆزێک ، درێغی نەکردووە لە هەموو جۆرە یارمەتییەک بۆم لە نووسینی ئەم نامەیەدا.
- زۆر سوپاسی هەموو هاوڕێ و دڵسۆزانم دەکەم ، ئەوانەی کە بە تاکە وشەیەکیش یارمەتییان داوم .
- زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێز (نەبەز اسماعیل) دەکەم کە زۆر یارمەتی داوم.
- زۆر سوپاسی هاوڕێی خۆشەویستم (ئاکار) خان دەکەم کە زۆر یارمەتی داوم.

# پوختە

ئەم نامەیە بەناونیشانی (چەمکی ڕێزمانێتی لە تیۆری بەرهەمهێناندا)یە.تەرخان کراوە بۆ باسکردنی کورتەیەکی تیۆرەکە لە ڕووی سەرهەڵدان و ئەو قۆناغ و کەمووکووڕییانەی کە تیۆرەکەی پێداتێپەڕیووە لەگەڵ باسکردنی ئەو زاراوە گرنگانەی کە چۆمسکی دایهێناون لە چوارچێوەی تیۆرەکەدا بەتایبەتی هەردوو زاراوەی توانست و چالاکی،ئەمەش زیاتر گرنگی پێدراوە بەتایبەتی لە وەرگرتن و فێربوونی زماندا پەیوەست بە بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی لە زماندا.هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە بە لایەنی ڕێزمانێتی ڕستە کراوە کە تێیدا هۆکاری ڕێزمانی بوون یان نەبوونی ڕستەکانی زمانی کوردی خراوەتەڕوو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە یاساکانی ئەم تیۆرە لەسەر ڕستەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی لەبار و گونجاو جێبەجێ بکرێ بەو پێیەی کە لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی لایەنی سینتاکسی زمانەکەدا سوودی لێ ببینرێت.نامەکەش لە چوار بەش پێکدێت بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم : لەم بەشەدا هەوڵدراوە بۆچوونەکانی تیۆرەکە و سەرهەڵدان و باسکردنی بنەما و سوودەکانی بەشێوەیەکی گشتی بخرێتەڕوو .

بەشی دووەم : ئەم بەشە تایبەتە بە نواندنی ڕۆنانی ڕستە لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی کە لە نواندنی ڕستەدا پەیڕەو دەکرێت هەروەها ئاماژە بە شیکردنەوەی هەرەمیی ڕستە کراوە بەتایبەتی لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا.هەر لەم بەشەدا باسی بابەتەکانی (سەرە – تەواوکەر- سەربار) کراوە هەروەها جیاوازی نێوانیان خراوەتەڕوو .

بەشی سێیەم : لەم بەشەدا باس لە چۆنیەتی وەرگرتن و فێربوونی زمان لای مرۆڤ کراوە کە خۆی لەژێر کاریگەری توانست و چالاکی لەم لایەنەدا دەبینێتەوە ،هەروەها بابەتی لۆجیک و پەیوەندی لۆجیک بەلایەنی ڕێزمانی ڕستەکان خراوەتەڕوو،هەر لەم بەشەدا بابەتەکانی (تێگەیشتن ، واتا ، لادانی زمانی) یش باسکراون بە تایبەتی پەیوەندی لایەنی ڕێزمانی بە ڕستەکانی زمان نیشاندراوە .

بەشی چوارەم

لەم بەشەدا هەوڵدراوە تیشک بخرێتە سەر ڕستەکانی زمانی کوردی و بە شێوەیەکی پراکتیکی بەتایبەتی جەختکراوە لەسەر لایەنی ڕێزمانێتی و پلەکانی ڕێزمانێتی لەگەڵ ئەوەشدا باس لە بابەتی پەسەندێتی ڕستەکان کراوە.هەروەها هەر لەم بارەیەوە هەوڵدراوە بنەماکانی ڕێزمانێتی و هۆکاری ناڕێزمانی ڕستەکان دیاری بکرێت و شی بکرێتەوە ئەمەش لەڕێگەی ئەو داتا و نموونانەی کە لەبەشەکەدا بەکارهێنراون وەکو ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ دیاریکردنی لایەنی ڕێزمانێتی ڕستەکان .

## ناوەڕۆک

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


| | |
|---|---|
| پێشەکی ................................................ | ١-٢ |
| بەشی یەکەم :تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ...................... | ٣ - ٤٠ |
| ١-١ سەرهەڵدان و بۆچوونی تیۆرەکە ................................. | ٣ |
| ١-٢- توانست و چالاکی ................................................ | ٦ |
| ١-٢-١- توانست ................................................ | ٦ |
| ١-٢-٢-چالاکی ................................................ | ١٣ |
| ١-٣- ئاستە ڕۆنانییەکانی ڕستە ........................................ | ١٥ |
| ١-٣-١- ڕۆنانی سەرەوە ................................................ | ١٥ |
| ١-٣-٢- ڕۆنانی ژێرەوە ................................................ | ١٩ |
| ١-٤- مۆدێلەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ........................ | ٢١ |
| ١-٤- ١- بارە سنووردارەکان ................................................ | ٢١ |
| ١-٤-٢- یاساکانی فرێزپێکهێنان ........................................ | ٢٢ |
| ١-٤-٣- یاساکانی گوێزانەوە ........................................ | ٢٤ |
| ١-٥- چەمکی ڕێزمانی بەرهەمهێن ........................................ | ٢٥ |
| ١-٥-١- واتای گشتی ڕێزمان ........................................ | ٢٥ |
| ١-٥-٢- واتای تایبەتی ڕێزمان ........................................ | ٢٦ |
| ١-٦- پێکهێنەکانی زمان لەتیۆری بەرهەمهێناندا ........................ | ٢٧ |
| ١-٦-١- پێکهێنی فۆنۆلۆجی ........................................ | ٢٧ |
| ١-٦-٢- پێکهێنی سینتاکسی ........................................ | ٢٧ |

١-٦-٣- پێکهێنی واتایی .......................................................... ٣٠

١-٧- بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان ........................................ ٣٥

١-٨- سوودو بایەخی ڕێزمانی بەرهەمهێنان ................................ ٣٧

**بەشی دووەم : نواندنی ڕۆنانی ڕستە: ........................................ ٤١-٥٥**

٢-١- نواندنی ڕۆنانی ڕستە ............................................................ ٤١

٢-١-١- ڕێگای کەوانەکردن و ناونانی کەوانەکان ............................ ٤٢

٢-١-٢- ڕێگای درەخت ئاسا ............................................................ ٤٢

٢-١-٣- ڕێگای دارشتنەوەی یاساکان .............................................. ٤٥

٢-٣- شیکردنەوەی هەرەمی (درەختی) ڕستە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ....... ٤٥

٢-٤- سەرە ...................................................................................... ٤٧

٢-٥- تایبەتییەکانی سەرە ................................................................ ٤٨

٢-٦- تەواوکەر ................................................................................ ٤٩

٢-٧- سەربار .................................................................................. ٥١

٢-٨- تایبەتییەکانی سەربار ............................................................ ٥٣

٢-٩- جیاکردنەوەی تەواوکەرو سەربار ............................................ ٥٣

**بەشی سێیەم : فێربوون و وەرگرتنی زمان .................................... ٥٦-٧٨**

٣-١- فێربوونی زمان ........................................................................ ٥٦

٣-٢- وەرگرتنی زمان ........................................................................ ٦٠

٣-٣- ڕێزمان و واتا .......................................................................... ٦٤

٣-٤- ڕێزمان و لۆجیک ...................................................................... ٦٦

٣-٥- جۆرەکانی ڕستە بەپێی پۆلینی لۆجیکی .................................. ٧٢

**٣-٥-١- ڕستەی شیکاری ............................................................ ٧٢**

**٣-٥-٢- ڕستەی لێکدانی ............................................................ ٧٢**

**٣-٥-٣- ڕستەی مێتافیزیکی ............................................................ ٧٣**

**٣-٦- ڕێزمان و تێگەیشتن ............................................................ ٧٤**

**٣-٧- لادانی زمانی ............................................................ ٧٥**

**بەشی چوارەم : ڕێزمانێتی و بنەماکانی ............................................ ٧٩ - ١٠٢**

**٤-١- ڕێزمانێتی ............................................................ ٧٩**

**٤-٢- پلەی ڕێزمانێتی ............................................................ ٨٢**

**٤-٣- پەسەندێتی ............................................................ ٨٤**

**٤-٤- جیاوازی نێوان ڕێزمانێتی و پەسەندێتی ...................................... ٨٦**

**٤-٥- بنەماکانی ڕێزمانێتی ............................................................ ٩٠**

**٤-٦- ئەو بنەمایانەی کە ڕێزمانێتی لەسەر بنیاد نانرێت ............................ ٩١**

**٤-٧- پەیڕەوی سیستەماتیکی ڕستە ناڕێزمانییەکان .................................. ٩٣**

**٤-٨- جێگۆڕکێی کەرەسەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕێزمانێتی ڕستە .................. ٩٥**

**ئەنجامەکان ............................................................ ١٠٣ - ١٠٥**

**سەرچاوەکان ............................................................ R111-R106**

**پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی ............................................ I - II**

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ئا | ئامراز |
| ب | بکەر |
| ب.ڕێزمانی | بکەری ڕێزمانی |
| ب.مەنتیقی | بکەری مەنتیقی |
| بە | بەرکار |
| ب گ | بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| پ | پێکهێن |
| تە | تەواوکەر |
| ڕا | ڕاناو |
| ڕ | ڕستە |
| ڕۆ | ڕۆنان |
| ف بەند | فرێزی بەند |
| ف تە | فرێزی تەواوکەری |
| ف ک | فرێزی کاری |
| ف ن | فرێزی ناوی |
| ک | کار |
| ن | ناو |
| * | نیشانەی ناڕێزمانی |
| Complement phrase | CP |
| Logical form | LF |
| Noun phrase | NP |
| Phonological form | PF |
| Phrase structure rules | PSR |
| Prepositional phrase | PP |
| Transformation | T |
| Universal grammar | UG |
| Verb phrase | VP |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Article | ئامراز |
| Argument | ئارگۆمێنت |
| Grammatical function | ئەرکی ڕێزمانی |
| Subject | بکەر |
| Grammatical subject | بکەری ڕێزمانی |
| Logical subject | بکەری لۆجیکی |
| Base | بنکە |
| Object | بەرکار |
| Generative | بەرهەمهێنان |
| Topicalizition | بەلووتکەکردن |
| Parameters | پارامیتەرەکان |
| Component | پێکهێن |
| Syntactic componenet | پێکهێنی سینتاکسی |
| Phonological componenet | پێکهێنی فۆنۆلۆجی |
| Semantic component | پێکهێنی واتایی |
| Component categorical | پێکهێنەری پۆلینی |
| Acceptability | پەسەندێتی |
| Compotence | توانست |
| Complement | تەواوکەر |
| Performance | چالاکی/توانا |
| Determiner | دیارخەر |
| Pronoun | ڕاناو |
| Sentence | ڕستە |
| Deep structure | ڕۆنانی ژێرەوە |
| Surface structure | ڕۆنانی سەرەوە |
| Syntactic structure | ڕۆنانە سینتاکسییەکان |
| Grammatical | ڕێزمانی |
| Transformational and generative grammar | ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |

| | |
|---|---|
| Universal grammar | ڕێزمانی سەراپا |
| Finite state grammar | ڕێزمانی بارە سنووردارەکان |
| Grammaticality | ڕێزمانێتی |
| Rewrite rules | ڕێگای دارِشتنەوەی یاساکان |
| Tree diagram | ڕێگای درەخت ئاسا |
| Cognition | زانین،فێربوون |
| Internal language | زمانی ناوەوە |
| Generative –semantic | سیمانتیکی بەرهەمهێنان |
| Adjunct | سەربار |
| Head | سەرە |
| Prepositional phrase | فرێزی بەند |
| Complement  phrase | فرێزی تەواوکەری |
| Determiner phrase | فرێزی ديارخەری |
| Verb phrase | فرێزی کاری |
| Noun phrase | فرێزی ناوی |
| Phonological form | فۆرمی فۆنۆلۆجی |
| Logical form | فۆرمی لۆجیکی |
| Verb | کار |
| Sentence elements | کەرەسەکانی ڕستە |
| Predicate | گوزارە |
| Transformation | گوێزانەوە |
| Preposition | مەسەلە |
| Ungrammatical | نارێزمانی |
| Noun | ناو |
| Semantic features | نیشانە سیمانتیکییەکان |
| Phrase marker | نیشانە فرێزەکان |
| Aquesition | وەرگرتن/بەدەستهێنان |
| Phrase structure rules | یاساکانی فرێزپێکهێنان |

# پێشەکی

**ناونیشان و بواری نامەکە :**

**ئەم نامەیە بە ناونیشانی (چەمکی ڕێزمانێتی لە تیۆری بەرهەمهێناندا)یە،کە خۆی لە باسکردنی لایەنی ڕێزمانێتی ئەو تیۆرەدا دەدۆزێتەوە ،بەتایبەتی لە تیۆری ستاندەردا کە ماوەی سالآنی ١٩٥٧ تا ١٩٦٥ دەگرێتەوە و هەندێک دوای ١٩٦٥یشی تێدا بەرجەستە بووە لەو شوێنانەی کە پێویستی کردووە.**

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

**بەو پێیەی کە باسکردن و لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێکی زانستی زماندا پەیوەست بە زمانی کوردی کارێکی گرنگە،چونکە کەلێن و ئاڵۆزییەکانی زمان پێویستی بەو جۆرە لێکۆڵێنەوانە هەیە و بابەتەکانی زمان و هەموو لایەنەکانی زمان جێگای لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ لەسەر کردنن،بابەتی سینتاکسیش یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە زماندا پانتاییەکی فراوانی گرتووە و لێکۆڵینەوە لێی زمانەکە بەرەو پێش دەبات. لێکۆڵینەوە لەم بابەتەش لە زمانی کوردیدا،سوود بە زمانەکە دەگەیەنێت.**

**کەرەسە و سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردی- زاری ناوەڕستدایە ،هەروەها تایبەت کراوە بە ڕستەی سادە لە زمانەکەدا.**

**هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدایە و بەتایبەتی لە قۆناغەکانی (١٩٥٧-١٩٦٥) و لە هەندێ شوێنی پێویستدا ئاماژە بە قۆناغی دوای ئەوەش دراوە .**

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازێکی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە بە پشت بەستن بە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە.**

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

**بەگشتی نامەکە لە پێشەکی و چوار بەش و پوختە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێکدێت:**

بەشی یەکەم

لەم بەشەدا زیاتر باس لە تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە و بنەماکانی تیۆرەکە کراوە ،هەروەها ئاماژە بە هەندێ لایەنی سوود و بایەخەکانی تیۆرەکە کراوە. لەگەڵ باسکردنی پێکهێنەکانی ڕێزمان لەم تیۆرەدا کە بریتین لە پێکهێنەکانی (دەنگسازی و سینتاکسی و واتایی).

بەشی دووەم

لەم بەشەدا هەوڵدراوە باسی نواندنی ڕۆنانی ڕستەو چۆنیەتی شیکردنەوەی ڕستە لەم تیۆرەدا و هەروەها باسکردنی سەرە و تایبەتییەکانی لەگەڵ باسکردنی تەواوکەر و سەربار وتایبەتییەکانی سەربار‌دا،لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی لە نێوان تەواوکەر و سەربار‌دا سەرەڕای ئەوەی کە لە نواندنی کەرەسەکاندا هەن،هەروەها باسکردنی ئەو بابەتانەی باسکران لە بارەی کاریگەرییان لە سەر ڕێزمانێتیدا.

بەشی سێیەم

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ بابەتەکانی فێربوونی زمان و وەرگرتنی زمان،لەگەڵ جیاوازی ئەم دوو لایەنە و پەیوەندییان لەگەڵ توانست و چالاکی دا.هەروەها باس لە پەیوەندی ڕێزمان لەگەڵ لۆجیک و واتا و تێگەیشتن و لادانی زمانی کراوە.

بەشی چوارەم

لەم بەشەدا بابەتی ڕێزمانێتی خراوەتەڕوو لەگەڵ باسکردنی بابەتی پەسەندێتی و دەرخستنی لایەنی جیاوازی ئەو دوو چەمکە لەگەڵ یەکتریدا.هەروەها باسکردنی پلەی ڕێزمانێتی و بنەماکانی ڕێزمانێتی و لێکدانەوەی هەندێ ڕستەی ناڕێزمانی و دەستنیشانکردنی هۆکاری ناڕێزمانێتییان لەگەڵ شوێنگۆڕکێی کەرەسەکان لە ناو ڕستەدا و کاریگەرییان لە سەر لایەنی ڕێزمانێتی ڕستەکان.ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە :

### ١-١- سەرهەڵدان و بۆچوونی تیۆرەکە :

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا،تیۆرێکی زمانی لەلایەن چۆمسکییەوە سەری هەڵدا،ئەویش تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بوو ،دوای ئەوەی کە کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان – syntactic structure)لە ساڵی 1957 دا بڵاوکردەوە، ئەم کتێبەش سەرەتایەکی زۆر گرنگ بوو بۆسەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی گەورەی تیۆری زمانی و گرنگییەکی زۆری هەبوو لەناو لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دا،کریستاڵ سەبارەت بەم بەرهەمە دەڵێت:

((ڕێزمانی بەرهەمهێنان وەکو زاراوەیەک چۆمسکی لەکتێبی " ڕۆنانە سینتاکسییەکان- 1957" دایهێناوە ، مەبەستیش لێی ئەوە بووە،کە ئەو ڕێزمانە ئاماژە بەتوانای ڕێزمانێک دەکات،کە پێناسەی کۆمەڵە ڕستەیەکی ڕێزمانی دەکات کە لە زمانێکدا بەرهەمدەهێنرێت.))(Crysta, 2012:208)

هەروەها زاراوەی بەرهەمهێنان زاراوەیەکە ((لە بیرکارییەوە وەرگیراوەو چۆمسکی هێناویەتیە ناو "توانای گرتنەوە"ی ڕێزمانەوە،بۆ ئەوەی ژمارەو کۆمەڵی ڕستە ڕێزمانییەکانی زمانێکی پێ دیاری بکات.لەڕووی تەکنیکییەوە ڕێزمانی بەرهەمهێنان ژمارەیەکە لە "یاسای شێوازبەندانە"،کە پرۆژەی ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕستە بۆ ژمارەیەکی بێشومارو نادیار لە ڕستە سازدەدات (پرۆژەسازدان).ئەو ڕستانە گشت زمانەکە پێکدەهێنن و ئەو کارەش بەو شێوەیە ڕوون و ڕەوان دەکات،کە بۆ هەریەکەیان"دروستە پەسندکردنێک" دادەنێت.)) (محەمەدی مەحوی،٢٠٠٦: ٥)

مەبەست لە بەرهەمهێنانیش،((بەرهەمهێنانێکی بەرجەستەیی نییە بۆ ڕستە ، واتە درکاندنی دەنگی (فۆنەتیک) ی ڕستە نییە،چونکە لەم ئاستە ڕۆنانییەدا هێشتا ڕستە ئاراستە نەکراوە تا بوونێکی فیزیکی هەبێت،بەڵکو مەبەست لە بەرهەمهێنان توانای خودی یاساکانی ڕێزمانە بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لەڕستە ناڕێزمانیەکان.)) (یوسف نوری ،٢٠١٠: ٤) هەروەها سەبارەت بە یاساکانی بەرهەمهێنانی ڕستەکانیش،ئەوە دەبینین کە لەڕووی ژمارەوە هاوسەنگ نین ، تەنانەت ژمارەی ڕستەکان زۆر زیاترە لە ژمارەی یاساکانی بەرهەمهێنانی ڕستەکان ((ژمارەی یاساکانی پێکهێنەری ڕستە و ژمارەی ڕستەکان بە هیچ جۆرێ بەقەد یەک نین ، بەڵکو بە هۆی تەنها چەند یاسایەکەوە ژمارەیەکی بێ کۆتا ڕستە دروست دەکرێ.)) (سەلام ناوخۆش،٢٠٠٥:٥٨)،چونکە لەڕێگەی یاسایەکەوە لەوانەیە چەندین ڕستە بەرهەمبهێنرێت.

سەرەتای لێکۆڵینەوەکانی چۆمسکی لەبارەی زمانەوە لەناو لێکۆڵینەوەکانی بونیادگەریدا دەستی پێکرد،کە((لەئەنجامی تێبینی و کردەی تێڕامانی قووڵەوە توانی بونیادگەرییەکان تێپەڕێنێ و لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی بە ئاراستەیەکی تردا بەرێت،بەوەی سەرلەنوێ بەدوای واتای وردو قووڵی ڕێزماندا گەڕا وهەوڵی دەستنیشانکردنی ماهیەت و سنوورەکانی دا.)) (دیار علی کمال،٢٠٠٢:١٢)

هەروەها چۆمسکی ((بەداهێنانی ئەو ڕێزمانە ویستی ئامانجی زمانناسی بگۆڕێ بەو مەبەستەی ئەو ڕێزمانە گەشە پێ بدات بەوەی وەسفێکی تەواوی ئەو زانیارییە خۆرسکە بکات کە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە لەبارەی زمانەکەیەوە هەیەتی ، ئەو وەسفە دەبێت لەکۆمەڵە یاسایەک پێک بێت ،کە بتوانن "ڕستەی ڕێزمانی " لەزمانەکە پێک بهێنن . )) (سەلام ناوخۆش،٢٠٠٥ :٥٨)

یاسا سینتاکسیەکان ڕێگە بە قسەکەرانی زمانەکە دەدەن کە ژمارەیەکی بێ سنوور ڕستە دروست بکەن و بەرهەمبێنن و تێی بگەن کە هەرگیز پێشتر بەرهەمیان نەهێناوە و بەرگوێیان نەکەوتووە. ئەمەش پێی دەگوترێت لایەنی داهێنەری زمان. (Fromkin& Rodman, 1988:166)چۆمسکی بنەمای ئەم تیۆرەی لەژێر کاریگەریی ماتماتیکەوە هێناوەتە کایەوە،لەماتماتیکیشدا بەهەمان شێوە بەهۆی سیستەمێکەوە لە ژمارەیەکی کەمی نیشانەو یاساوە،کۆمەڵەیەکی بێ کۆتایی لەژمارە دروست دەکرێ.

کاتێک کەسێک فێری ژمارەکان دەبێت تەنها ژمارەکانی (٠، ١،٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ ،٩ ) فێردەبێ و بەهۆی سیستەم و یاسای ماتماتیکییەوە دەتوانێ ژمارەیەکی زۆرو بێ شوماری لێ بەرهەمبهێنێت ،بەم شێوەیەش دەکرێ مامەڵە لەگەڵ کەرەسەو وشەکانی زماندا بکرێت . کاتێک کەسێک فێری زمانێک دەبێ ، ژمارەیەکی کەم لە وشە فێردەبێ ، پاشان لەرێگەی یاسا و رێساکانی لێکدانی ئەو وشانە و بەرهەمهێنانی ڕستەی جیاواز ، ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستەی واتادارو ڕێزمانی بەرهەم دێنێت ، نەک لە فێربوونی هەموو ڕستەکانی زمان و بەکارهێنانیان . بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە بەم شێوەیە بخەینە ڕوو :

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کچەکە | نانەکە | خواردن | بردن | |
| 1 | 2 | 3 | 4 | (چوار وشە/کەرستە) |

1- کچەکە نان دەخوات. 321

2- نانەکە کچەکە خواردی. 312

3- کچەکە نانەکەی برد. 421

4- کچەکە نانەکەی بردوخواردی. 3421 ......تاد

**واتە گرنگی لێکۆڵینەوە زمانییەکان دۆزینەوەی یاساو سیستەمی بەرهەمهێنانی ڕستەکانە هەروەها دەستکەوتنی ئەو کۆدەیە کە ڕستەکان بەهۆیەوە دروست دەبن ، کەواتە ((ڕێزمانی (ب.گ) هەوڵدانێکە بۆ دیارخستنی مۆدێلێکی ماتماتیکی لەزماندا بۆئەوەی یاساکانی بتوانن ڕستەکانی زمان – ڕستە دروستەکان – بەرهەم بهێنن و ڕێگە لە بەرهەم هێنانی ڕستە نادروستەکان بگرن .)) (دیار علی کمال ،٢٠٠٢: ٢٢)**

**یاساکانی بەرهەمهێنان ((بە بەشێک لە ئامرازی بەرهەمهێنانی ڕستە دادەنرێن، زاراوەی بەرهەمهێنانیش لە پرۆسەی ڕێکخستن و چەسپاندنی ژمارەیەکی زۆری بوونی ڕستەی پێشبینیکراو لەزماندا دیاریدەکرێت . بەمەش دەتوانین بەڕوونی زاراوەی یاسای بەرهەمهێنان لە زاراوەی یاسای پێوانەیی (معیاری) جیابکەینەوە، بە شێوەیەکی گشتی یاسای پێوانەیی ڕەفتارە زمانییەکانی پێ دیاری دەکرێت ،کە پێویستە پابەندی بین لە بەکارهێنانی وتەیەکی ڕاست کە لەسەر بنەمایەکی بابەتییانە ئەنجام بدرێت ،لەبەرامبەریشدا یاسای بەرهەمهێنان زانیاری پێویست دەبەخشێت بۆ بەرهەمهێنانی هەموو ڕستەیەکی دروست و پێشبینیکراوی داڕێژراو لە زماندا ،واتە: لە هەمان کاتدا ئەو یاسایە ڕێگر دەبێت لە بەرهەمهێنانی ڕستەی نادروست. )) (میشال زکریا،١٩٨٣: ٢٠٢)**

**کاتێک دەڵێین کەسێک فێری زمانێک بووە مەبەست لەو فێربوونە ئەوە نییە کەتەواوی ڕستەکانی ئەو زمانەی لەبەرکردووە ، کە لەهەل ومەرجی جیاوازدا بەکاریان دێنێ ، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەو کەسە فێری ژمارەیەک یاسا لەگەڵ ژمارەیەکیش لە وشەکانی نێو فەرهەنگی زمانەکە بووە، بەڵام ئەو یاسایانەی فێری بووە توانای زیادبوون و گەشەکردنیان هەیە ، واتە دەتوانێ ژمارەیەکی سنووردار لە وشە و ژمارەیەکی بێ سنوور و نەزانراوی ڕستە بهۆنێتەوە ، وەکو فێربوونی ژمارەکان کە مرۆڤ فێریان دەبێ لە سەرەتادا فێری ژمارەکانی (٠) تا (٩) دەبێ و دواتر ئەو ژمارانە لەتەنیشت یەک ڕیز دەکات و ژمارەیەکی یەکجار زۆرو بێ شومار ژمارەی تری لی بەرهەمدێنێ . کەواتە چۆمسکی بە هۆی بوارەکەی خۆیەوە کە بیرکارییە و لەژێر ئەو کاریگەرییە زمانی شی کردۆتەوە ، بە هۆیەوە گەیشتۆتە ئەو تیۆرە زمانییە ،کە تیۆری بەرهەمهێنانە .**

## ١-٢- توانست و چالاكی :

### ١-٢-١- توانست

توانستی زمانی سیستەمێكی زانیاری زمانییە كە لەلایەن قسەكەرانی ڕەسەنی زمانەوە خاوەنداریەتی دەكرێت. بە پێچەوانەی چەمكی چالاكی زمانییە، ئەو ڕێگایەیە كە لە سیستەمی زمان بەكاردێت لە پەیوەندی كردندا. ئەم چەمكەش سەرەتا لەلایەن چۆمسكییەوە ناسێندرا وەكو بەشێك لە بناغەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، بەڵام لەلایەن چەندان زمانەوانی دیكەوە پەیڕەو كراوە بەرەو پێش براوە، بەتایبەتی ئەوانەی كە لەبواری ڕێزمانی بەرهەمهێناندا كاریان دەكرد بە شێوەیەكی چاولێكەری. لە دیدی بەرهەمهێنەری چاولێكەریدا توانست تاكە ئاستی زمانەكە كە لێكۆڵینەوەی لێدەكرێت و دەخوێندرێت، لەبەرئەوەی ئەم ئاستە تێگەیشتنمان بۆ بەرجەستە دەكات سەبارەت بە ڕێزمانی سەراپا، هەربۆیە زمانەوانانی بەرهەمهێنەر ئەم چینە بە بناغە و بەشی سەرەكی سیستەمی سەرجەم زمانەكان دادەنێن. تیۆرە ئەركییەكانی ڕێزمان ئارەزووی ئەوە دەكەن كە ئەو جیاوازییەی لە نێوان توانست و چالاكی دا هەیە بەلاوەی بنێن، بەتایبەتی گرنگی و پێشینە دراوە بە خوێندن و لێكۆڵینەوە لە توانست.

بەبۆچوونی چۆمسكی بێت، توانست سیستەمێكی نموونەیی زمانە،ئەم سیستەمەش وادەكات قسەكەران بتوانن ژمارەیەكی بێ سنوور لە ڕستە بەرهەمبێنن لە زمانەكەیاندا و لێی تێبگەن. هەروەها ئەو سیستەمە یارمەتی قسەكەران دەدات تاوەكو بتوانن جیاوازی لە نێوان ڕستە ڕێزمانی و ڕستە نارێزمانییەكاندا بكەن . https://en.wikipedia.org/wiki/Linguistic_competence

هەروەها چۆمسكی جیاوازی دەكات لە نێوان توانست، ((كە توانایەكی بە نموونەیی كراوە، لە گەڵ چالاكی دا كە بەرهەمهێنەری وتە ڕاستەقینەكانە. هەر بەم پێیە، توانست زانیاری نموونەیی كەسی قسەكەر و كەسی گوێگرە كە ئەو زانیاریەیان لە زمانەكەی خۆیاندا هەیە، هەروەها توانست ڕاستییەكی هزرییە كە بەپرسە لە سەرجەم لایەنە تایبەتییەكانی زمان. چۆمسكی گفتوگۆ لە سەر ئەوە دەكات كە تەنیا لە بارودۆخێكی بە نموونەیی كراودا، كە تیایدا كەسی قسەكەر و كەسی گوێگر كاریان تێنەكراوە لەلایەن هەلومەرجە ڕێزمانییە ناپەیوەستەكان وەكو سنوورەكانی یادەوەری و سەرقاڵی، چالاكی

ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی توانستە. نموونەی ئاخاوتنێکی سروشتی لە ژمارەیەکی زۆر دەستپێکردنی هەڵە پێکهاتووە و لە ژمارەیەکی زۆر لادان پێکهاتووە. هەربۆیە، چۆمسکی گانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێت جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان توانست و چالاکی دا بکرێت. )) (سەرچاوەی پێشوو:؟) بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی وتەکانی منداڵێکی بچووک بدەین کە لە سەرەتای فێربوونی زماندایە،دەبینین هەڵەو کەموکوڕی زۆر لە قسەکانیدا بەدیدەکرێت،وەک:

5 - کێکە نەبردیمە.

6 - کێکەکەم نەبردووە.

لە ڕستەی (٥) دا،بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دەربڕینەی منداڵێکی بچووک دەریدەبڕێ،لە ئەنجامی ئەوەیە کە هێشتا یاساکانی زمانەکە لە مێشکیدا بەتەواوی جێگیرنەبووە،ئەم جۆرە هەڵەکردنەش لە دەربڕینی قسەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ توانستی زمانی قسەکەر.

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەگەر قسەکەر لەحاڵەتێکی  ئاساییدا ڕستەکان دەربڕێ و هەڵەی تێدا بکات،ئەوە ئەم هەڵە کردنە دەگەڕێتەوە بۆ توانست،بەڵام ئەگەر بێتو قسەکەر لە بارێکی نائاساییدا بوو،وەکو(نەخۆشی،ماندوویتی،سەرقاڵبوون،بارێکی دەروونی تایبەت،..تاد) و قسەکانی هەڵەی تێکەوت ،ئەم هەڵەکردنە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی.بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو ڕستە هەڵانەی منداڵان بەرهەمیدێنن، زیاتر پەیوەستە بە توانست نەک چالاکی.

توانست لە بنەڕەتدا بریتییە لە جێبەجێکردنێکی سەربەخۆ. زۆرجار کەسانێک کە بێدەنگ و لاڵ دەبن لە ئەنجامی ڕووداوێک یان بەرکەوتەیەک وادەردەکەون کە توانای زمانییان لە دەست دابێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دوا بەدوای ئەوە چاک دەبنەوە و هیچ کاریگەرییەکی نەخۆشی و هیچ کۆسپێکی دەروونییان لەسەر نامێنێت. ئەو کەسانەی وا دەردەکەون کە بەم شێوەیە زمانیان دەبێتەوە ،دەبێت ئەو کەسانە وادابنرێن کە توانایان هەر مابێت تەنانەت لەو کاتەی کە بێ دەنگ و لاڵیشن. هەروەها زانیارییە هزرییەکانیان هەر پارێزراون لە کاتی نەمانی تواناشدا. لەڕووی لۆژیکیەوە مەرج نییە ئەوە شتێکی

پێویست بێت یان دروست بێت : كە  قسەكەرێكی زمانی ئینگلیزی كاتێک لە ڕووداوێک یان بەرکەوتەیەک چاک ببێتەوە و بە زمانی یابانی یان سواهیلی قسە بكات . حاڵەتێكی لەمە سادەتر لەلایەن ئەو كەسانەوە بەرجەستە كراوە كە زمانیان دەگیرێ یان قلێشێکی زگماکیان لە بنمیچی زاریاندا هەیە، لەوانەیە بارودۆخێكی زەحمەتیان بۆ دروست بكات بۆ تێگەیشتن یان وایان لێ بكات بێ دەنگ بن.لەگەڵ ئەوەشدا،ئەو زانیارییە زمانییەی كە ئەو كەسانە هەیانە جیاواز و جیاكراوە نییە لەگەڵ ئەو زانیارییە زمانییەی ئەو تاكانەی كە ئەو بارودۆخەیان نییە. خۆبەڕێوەبەری زانیاری لەوەی كە زانیاری ڕاستی جێبەجێکردنی ئێمە ناگۆڕێت،بەڵگەی زۆر بەدەستەوە دەدات كە توانای زمانی ئێمە تا چ ڕادەیەکە. ئەگەرچی ئەو خۆبەڕێوەبەریەی زانیاری بیانووی ئەوە نادات بەدەستەوە كە زمانەوانانی بەرهەمهێنانی مۆدێرن چەند جێبەجێکردنێک و جەختکردنەوەیەكی نموونەیی جیادەكەنەوە لە توێژینەوەی توانایی. چونكە ئەو زمانەوانانە لێكۆڵینەوە لە چالاكی/جێبەجێکردن دەدەنە پاڵ پڕاگماتیک، سایكۆلۆژی و زانستە پزیشكیەكان و چەند بوارێكی دیكە.( smith,1999:28) هەروەها بەرهەمهێنەكان توانست بە زانیاری ناوەكی كەسی قسەكەری ڕەسەن پێناسە دەكەن و لەو بارەیەوە دەڵێن:ئەو زانیارییەیە((كە ئەو كەسە لە مێشكی دا هەیە سەربارەت بە زمانەكەی. لەبەرانبەردا، چالاكی بەوە پێناسەكراوە كە خەڵک لە ڕاستیدا چی دەڵێن  و چی تێدەگەن لەوەی كە یەكێكی تر دەیڵێت. هەروەها چۆمسكی دەڵێت: "توانست  بریتییە لە زانیاری زمانی كەسی قسەكەر و كەسی گوێگر، لەوكاتەی چالاكی بریتییە لە بەكارهێنانی ڕاستەقینەی زمان لە بارێكی كۆنكریتیدا.)) (Farrokhpey,1999:57)

هەروەها ئەگەر ((نموونەی كەسێكی بەركەوتە وەربگرین، ئەوا ئاگاداری ئاڵۆزی و وردەكاری توانای زمانی دەبین ، بەڵام هەموو بە هەڵە گونجاندنێكی نێوان زانیاری و پیادەكردنی شتێكی وا قووڵ و توند نییە. تەنانەت سەرنجدانێكی بەرایی دەتوانێت تێگەیشتنێكی باشمان پێ بدات سەبارەت بەوەی كە ڕێک بە تەواوی چی دەزانین كاتێک زمان دەزانین . ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت ئەوەیە كە پشت بەستن بە ژیری و هەست ، دوور كەوتنەوە و پاشگەزبوونەوە نییە لە زانستیە مەعریفییەكاندا. هەروەها هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان بڕیاردانی زمانیمان سەبارەت بەو ڕستانەی كە لە زمانی زگماكیماندا هەیە، لەگەڵ بڕیاردانی بینینمان سەبارەت بە خەیاڵ و ئەو سەرابەی كە وەكو تیر ئاسا دەبینرێن. بە ئاسانی دەتوانین بڵێین ئەوە ڕاستییە كە ئێمە هەست بە هێڵەكان دەكەین. زانایانی

دەروون هەوڵی ئەوە دەدەن کە چەند تیۆرێک لەبارەی وەرگرتن و پێزانینی بینایی دابهێنن کە بتوانێت ئەو ڕاستییە ڕوون بکاتەوە. بەهەمان شێوە،دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین ئەو هێڵانە فرۆکەی فڕیون بە شێوەیەکی ناڕوون، زمانەوانانیش هەوڵی داهێنانی چەند تیۆرێکی توانایی دەدەن کە ڕوونی بکاتەوە ئەمە بۆچی. )) (smith,1999:29) توانست وەک زاراوەیەک لە سنوورو چوارچێوەی تیۆری زمانیدا بەتایبەتی لەڕێزمانی بەرهەمهێنانـدا بەکاردێت ، بەواتای زانیاری هۆشەکی قسەکەر لە بارەی زمانەکەیەوە دێت . توانست سیستەمی ئەو یاسایانەیە کە قسەکەر کۆنترۆلی کردوون لە بارەی زمانەکەیەوە ، بە هۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانێ ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە پێکبهێنێ و لێیان تێبگات . هەروەها بە هۆی ئەو یاسایانە دەتوانێ ڕستەی دروست و ڕستەی نادروست لەیەکتری جیابکاتەوە ، سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانێ ڕستەی لێڵیش بناسێتەوە.( Crystal, 2012:92)واتە توانست لە جیاکردنەوەی ڕستەی دروست و نادروستیشدا ڕۆڵی خۆی هەیە.

هەروەها ئەم زاراوەیە ((ئەو ژێرخانەیە لەزانیاری کە لە هەموو ئاخاوتنێکدا ڕستە پشتی پێ دەبەستێت لە بەرهەمهێنانیدا.هەروەها ڕێزمانی (ب.گ) بەدوای توانای بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێی زماندا دەگەڕێت بە پابەندبوون بە توانستەکانی خودی زمانەکە ، واتە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو میکانیزمەیە کەلە توانستی زماندا هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەکان ، ئەمەش وادەکات تیۆری ب.گ توانایەکی گەورەی هەبێت . زیاتر لەتیۆرەکانی تر- بۆ لەخۆگرتن و شیکردنەوەو پەسن کردنی زمانەکان . )) (دیار علی کمال،٢٠٠٢: ١٣:١٧)، بۆنموونە :

7 - أ-*سبەی گەشتم کرد.

ب- سبەی گەشت دەکەم.

لە نموونەی (٧- أ)دا،بەکارهێنانی ئاوەڵکاری (سبەی) لەگەڵ کاری ڕابردووی (کرد) دا لای قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە نادروستە ، کاتێ کە گوێ بیستی ئەم ڕستەیە دەبێت ، هەست بە نادروستی ڕستەکە دەکات و هەوڵی ڕاست کردنەوەی دەدات بەم شێوەیەی کە لە ڕستەی (٧-ب) دا دەربڕاوە.

هەروەها زاراوەی توانستی ڕێزمانی بەکاردێت بۆ دەرخستنی ئەوەی کە لەڕاستیدا کەسی قسەکەری ڕەسەن لە ناوەوە چی دەزانێت لە بارەی ڕێزمانی زمانەکەی،(( دوا ئامانجی ئێمە بریتییە لە دیاریکردنی تایبەتمەندی سروشتی سیستەمی زمانی ناوەوەی مرۆڤ. یان وەک چۆمسکی ناوی دەنێت زمانی ناوەوە (I-

language) ،سیستەمی زمانی ناوەوەش ئەو توانایە بە مرۆڤ دەبەخشێت کە قسە بە زمانێک بکات و لێی تێبگات.

لەوانەیە گرنگترین بەڵگە کە ئێمە دەربارەی سروشتی توانستی ڕێزمانی هەمانە تا ئێستا، بکەوێتە میانەی هەست و ژیری کەسی قسەکەری ڕەسەن سەبارەت بە ڕێزمانی بوونی وشەکان و فرێزەکان و ڕستەکانی ئەو زمانە. ))(Farrokhpey,1999:58:59) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

8- *ئەو شیرینیەکە خواردی.

9- *منداڵەکان کتێبەکەی دڕاند.

10- *ڕێزان لە هەڕەشە ناترسێنێت.

هەموو قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانی کوردی ئەم ڕستانە ڕەت دەکاتەوە بەهۆی ئەوەی کە ناڕێزمانین. هەروەها سەبارەت بەپەیوەندی نێوان توانست و بۆماوەیی ،ئەوە دەبینین کە ((ئەگەر وەرگرتنی توانستی ڕێزمانی لەڕاستیدا لەڕووی بۆماوەییەوە کۆنترۆلکرابێت، لەو بەشەی زمان کە تێکەڵ بە تیۆری ڕێزمانی جیهانی دەکرێت،ئەوا پەیڕەوی چەند لایەنێکی دیاریکراو دەکات کە توانستی منداڵ یان هەرزەکار بەبێ ئەزموون زانراون. بەم شێوەیە دەبێت ئەو توانستە ڕێزمانییە بەشێک بێت لە زانیاری بۆماوەیی سەبارەت بە زمانەکە،کە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی منداڵ پێی دەبەخشرێ،واتە ئەو لایەنانەی زمان فێرناکرێن،بەڵکو دەبن بە بەشێک لەو زانیارییانەی کە منداڵەکە بە شێوەیەکی بۆماوەیی ئەو کەلەپوور و میراتەی بۆ دەمێنێتەوە.ئەگەر گریمانەیەکی گونجاو بکەین کە ئەو بەشەی زمان بە شێوەیەکی بەرچاو ناگۆڕێت لە مرۆڤێکی ئاساییەوە بۆ یەکێکی تر، ئەوا ئەوکات ئەو لایەنانەی زمان ،کە بەشێوەیەکی خۆڕسک و زگماکی دەستنیشان دەکرێن، جیهانین. بەم پێیە لە گەڕان بە دوای دیاریکردنی سروشتی ئەو بەشەی زمان، ئێمە لە ژێر کاریگەری ئەوە دەبین کە بنەماکانی ڕێزمانی جیهانی بزانین. بە مانایەکی تر، ئەو بنەمایانەی ڕێزمانی جیهانی کە زۆربەی سروشتی زمان دیاریدەکەن .

بەڵام چۆن دەتوانین پەردە لەسەر ئەو بنەمایانە هەڵبدەینەوە؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەگەر بنەماکان بە جیهانی دانران، ئەوا دەچێتەوە دوای ئەوەی کە ئەو بنەمایانە کاردەکەنە سەر جێبەجێکردنی هەموو جۆرە کردارێکی ڕێزمانی لەهەموو زمانێکدا. هەربەم پێیە شیکاری ورد و تێرو تەسەلی یەک بنیات نانی ڕێزمانی لە یەک زماندا دەکرێت،کە بەڵگە بەدەستەوە بدات بۆ بنەماکانی ڕێزمانی جیهانی. ))

(Radford,2004 :9)

هەر لە بارەی توانست و چالاکیشەوە،((توانست competence (توانا گشتیە زمانییەکە) هەمبەر بە"توانا"performance دەوەستێت. (بەکارهێنانی زمانی تایبەت بە هەر کەسێک) ەوە لە تیۆری زمانییدا ، بەتایبەتی لە "ڕێزمانی گواستنەوەو بەرهەمهێنانی" ی (1965) Chomsky دا"پێڕەوێکە لە یاسا". قسەکەر زاڵە بەسەر ئەو پێڕەوەداو ئەمەیش وەهای لێدەکات بتوانێت ژمارە بێشووماەکان لەڕستە بەرهەمبهێنێت ولێیانبگات و هەڵە ڕێزمانییەکان لەگەڵ "فرەواتایی" بناسێتەوەو بڕیار لەسەر "ڕێزماندروستیی" ڕستەکان و پەیوەندیی فرێزەکانیان بدات . "توانست" ئەو زانیینە ئاوەزییە شاراوەیەی قسەکەری زمانێکی دایکە ، کە لە پرۆسەی زمانوەرگرتنەکەیدا (زمانپژاندن و زمانفێربوون) بەبێ ئاگالێبوونی خۆی ، وەریگرتوون . )) (محەمەدی مەحوی،٢٠٠٦ :١٥)

واتە توانست ئەو زانیارییە زمانییانەی ناو مێشکی قسەکەر - گوێگرە کە توانای بەکارهێنانی ئاسایی و فیزیکی زمانێکی دیایکراو لە هەڵوێستێکی ماددیدا دەردەخات . مەبەستی سەرەکی تیۆری زمانی بەباوەڕی چۆمسکی لەوە دایە ، کە منداڵ چۆن زانیاریی زمانی وەردەگرێت و فێری دەبێت . ئەوەش بە کرۆکی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دادەنێت.لەبەرئەوە دەبینین کە(( ئامانجی سەرەکی چۆمسکی دیاریکردنی ئەو یاسا گشتیانەیە ، کە لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشن و قسەکەری هەر زمانێک بە پێی ڕێزمانی تایبەت بە خۆی بۆ داڕشتنی ڕستە سوودی لێ وەردەگرێ .)) (ڤیان سلێمان حاجی،٢٠٠٩: ١٣) بەم جۆرە دەکرێ بڵێین توانست ، بریتییە لە سیستەمێکی شاراوەی ئەو یاسایانەی کە زانیاری زمانی پێکدێنن لای قسەکەر. ئەمەش چەند مەبەستێک لەخۆدەگرێت لەوانە: توانای مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەو تێگەیشتنی، هەروەها زانینی ئەوەی لەزمانێکی دیاریکراودا ،کە کام دەربڕاوە ڕستەیەو کامەیان ڕستە نییە ، سەرەڕای ئەوەی کە توانای ناسینەوەی ڕستەی لێڵ و ئەو ڕستانەی دەبێت کە لادانی ڕێزمانی،یان واتاییان لێ بەدیدەکرێت . بۆ نموونە :

11 - أ- من نان دەخۆم .

ب-*من خوارد نان. .

هەموو قسەکەرێکی کورد دەزانێ کەڕستەی (١١- ا) ڕستەیەکی دروستە ، بەپێی ڕێساکانی زمانەکە بەرهەمهاتووە ، بەڵام ڕستەی (١١- ب) وەکو ڕستەیەکی دروست پەسەند ناکات.

توانستی زمانیی تاک بریتییە لەو زانیاریانەی کە ئەو تاکە هەیەتی لەبارەی "زمانی دایک" ەوە ، واتە ئەو ژینگە زمانییەی کە تاکەکەی تێدا دەژیت ، هەروەها دەتوانێ گەشە بەو زانیارییانە بدات و توانستی زمانیی خۆی بخاتە بواری چالاکی و بەکارهێنانەوە .واتە((زمان ئەو پێڕەوە چڕو ئاڵۆزەیە ، کە کۆڕپەیەک لە زانیاریی نادیاری لە مێشکی مرۆڤدا پێکهێناوەو ناوی توانستی لێنراوە .)) (محەمەدی مەحوی،٢٠٠٩: ٣)

واتە دەکرێ توانست پەیوەست بە ڕێزمانی زمانەکە و ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە لە هزری قسەپێکەری زمانەکەدا بەرجەستە دەکرێت پێناسەی بۆ بکرێت ،بۆیە ((توانستی ڕێزمانی پێناسەی زانیارییەکی خۆڕسک و زگماکی دەکات دەربارەی یاساکان، نەک پێناسەی ماددە و بڕگەی زانیارییەکان و پەیوەندیەکانیان بکات. لە دیدی چۆمسکی دا، توانستی ڕێزمانی بە شتێکی خۆڕسک و زگماکی دادەنرێت، لەبەرئەوەی توانستی ڕێزمانی پێویستی بە مەشق و ڕاهێنان ناکات بۆئەوەی گەشەی پێبدرێت و دەکرێت لەسەر ژمارەیەکی بێ سنوور لەسەر ئەو ڕستانە جێ بەجێبکرێن کە پێشتر نەبیستراون.)) https://en.wikipedia.org/wiki/Linguistic_

هەروەها ((بەرهەمهێنەکان دینامیکی تر دەڕواننە زمان ، وای دەبینن پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕستەی پەیوەستدار بە توانست لە سەر ئاستی زمان دەبێت، نەک لە سەر ئاستی قسەکردن. )) ( محمد محمد یونس،٢٠٠٤: ٥٧) بۆیە لێکۆڵینەوەکانیش بەو ئاراستەیە ڕۆیشتوون.

## ١-٢-٢- چالاكی

لەبەرامبەر زاراوەی تواناستدا چۆمسكی زاراوەی چالاكی داهێناوە ،كە ئەویش زاراوەیەكە بۆ رەفتاری راستەقینەی زمانیی بەكاریهێناوە كە جیاوازە لەو زانینە بنەرەتییەی لە پشت بەرهەمهێنانییەتی ،واتە چالاكی زاراوەیەكی دیكەی تیۆری زمانییە و لەرێزمانی بەرهەمهێناندا بۆ ئەو دەربڕاوانەیە ، كەقسەكەری زمانێك لە سەر بناغەی "توانست"بەرهەمیان دەهێنێت . ئەمڕۆ "رێزمانی توانا" یش رەچاودەكرێت ، بەتایبەتیی لەزانستی زمانی دەروونیدا . توانا "هەمبەری "توانست" ەو زمانە بەكارهێنراوە بەرجەستەبووەكەیە . لەتواناكەوە بۆ توانستەكە دەچین و لەبەرئەوە زمان لەم حاڵەتەدا توانا كە هەڵسوكەوتەو توانستەكە لەمێشكدایە .(محەمەدی مەحوی،٢٠٠٦: ١٥)

هەروەها ((شێوازی چۆنیەتی بەكارهێنانی توانستە لەكردەی ئاخاوتن دا ولەژێر كاریگەری چەند مەرجێكی نموونەییدا توانست رەنگ پێدەداتەوە . بۆیە دەتوانین رەنگدانەوەیەكی ناراستەوخۆی توانست لەناو چالاكی دا بكەین . كاتێك كە هەڵەیەك لەئاخاوتندا - رستە بەرهەمهاتووەكاندا - دروست دەبێت ، ئەو هەڵەیە هەڵەیەكی چالاكی یە ، نەک توانست .)) (دیار علی،٢٠٠٢: ١٩) بۆ نموونە لەكاتی قسەكردندا زۆرجار قسەكەر تووشی هەڵەیەک دەبێت لەقسەكانیدا جا بەهۆی خێرا قسەكردن بێت،یان دۆخێكی نالەبار ،یان شلەژاوی،حالەتێكی دەروونی یان هەرشتێكی تر بێت ، دەبینین راستەوخۆ هەست بەهەڵەكەی دەكات دەزانێ ئەو قسەیەی كردوویەتی هەڵەیەكی تێدایە ، هەڵەكردنەكەش پەیوەندی بە چالاكی زمانییەوە هەیە و هەست كردن بەو هەڵەیە لەقسەكردنیشدا پەیوەندی بەمێشكی مرۆڤەوە هەیە و توانستی زمانیی ئەم حاڵەتە لێكدەداتەوە و شیدەكاتەوە . بۆ نموونە بڕوانە رستەی(١٢)

12 - أ-*پێشمەرگەكان كوردستان دەپارێزێت .

ب- پێشمەرگەكان كوردستان دەپارێزن .

هەموو قسەكەرێكی زمانی كوردی هەست بەنادروستی رستەی(١٢-أ) دەكات . ئەو نادروستییەش لە چالاكی دایە و قسەكەر لەرێی توانستەوە هەستی پێدەكات و نادروستیەكە راست دەكاتەوە بە رستەیەكی وەک (١٢-ب).

بەم پێیە دەبینین لێكۆڵینەوە لە توانای بەرهەمهێنان ،((پەیوەستە بە لێكۆڵینەوەی توانستی وەسفی ، رێزمان خاوەنی توانستی وەسفی دەبێت ، ئەگەر هاتوو بەشێوەیەكی پتەو و بەهێز دروست بێت ، ئەویش بە كۆمەڵەیەكی دروست لە وەسفەكانی بونیادگەریدا دەبێت ، هەروەها ئەم تیۆرە خاوەنی توانستی وەسفی دەبێت ، ئەگەر هاتوو توانای بەرهەمهێنانی بەهێزی هەبێت لە سیستەمێک لە وەسفەكانی بوونیادگەری ، ئەوەش بۆ هەموو زمانێكی سروشتی دەگونجێت . هەر زمانێكیش ئەگەر هاتوو توانست و

توانای بەرهەمهێنانی بەهێزی تێدا نەبێت ، کە لە سەر بنەمای ئەزموونگەرایی بنیاد نرابێت ، ئەوا ، ئەم حاڵەتە دەچەسپێنێت . تیۆریی زمانی بە ئەزموون لێهاتوویی / توانست بەدەردەکەوێت ، لەسەر بنەمای توانستی بەرهەمهێنانی بەهێز ، لەکاتێکدا بابەتی یەکلاکەرەوە بۆ توانستی شیکردنەوە ، ڕوو لە دوورترین توانای بەرهەمهێنانی بەهێز دەکات .)) (چومسکی،١٩٨٥:٧٨)

بەم جۆرە چۆمسکی بایەخێکی زۆری بە توانستی زمانی داوە ، نەک چالاکی (بەکارهێنان)،چونکە پێی وایە هەندێ هۆکاری جەستەیی وەک : ماندووبوون ، نووستن ، مەستی ، بەکارهێنانی دەرمان و ماددەهۆشبەرەکان توانای زمانی تێکنادەن ، بەڵکو کاردەکەنە سەر بەکارهێنانەکەی و بەشێوەیەکی کاتی تێکی دەدەن . (سەلام ناوخۆش،٢٠٠٥: ٦١)،بۆیە چالاکی ڕەنگدانەوەی تەواوی ڕاستەقینەی توانست نییە ، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆیە.

کەواتە توانست دیاردەیەکی بۆماوەییە و لە هەموو کەسێکدا هەیە و زۆر لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە . لەبەرامبەردا چالاکی دیاردەیەکی بۆماوەیی نییە ، لە ژێر دەسەڵاتی تاکەکەسدایە . هەروەها لە توانستدا هەڵە ناکرێت ، بەڵکو لەچالاکی دا هەڵە دەکرێت.توانست کۆتاییەکی داخراوی هەیەو چالاکیش کۆتاییەکەی کراوەیە ، بەهۆی ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕستەکانی زمان کە ڕێزمان بەرهەمیان دێنێت . واتە لەبەرئەوەی توانست پەیوەندی بە دەستوور و یاساکانی زمانەوە هەیە ، کۆتا داخراوە .

زۆربەی کات چالاکی ڕەنگدانەوەیەکی ناتەواوی توانستە. ئێمە هەموومان جار جارە هەڵەی زمانی دەکەین، یان شتێک بەهەڵە لێکدەدەینەوە کە یەکێکی تر بە ئێمەی گوتووە.هەرچەندە ئەمە واتای ئەوەنییە کە ئێمە زمانی زگماکی خۆمان نازانین یان توانستمان نییە. بەهەڵە بەرهەمهێنان و بەهەڵە لێکدانەوە هەڵەی چالاکییە، کە دەدرێتە پاڵ چەند هۆکارێکی جۆراوجۆری وەکو ماندویەتی، بێزاربوون، سەرخۆشی، مادەی هۆشبەر و هۆکاری دەرەکی تر. ڕێزمانی زمانێک پێت دەڵێت کە پێویستە چی بزانیت لە پێناوی هەبوونی ئەو توانستەی کە کەسی قسەکەری ڕەسەن هەیەتی لەو زمانەدا. بەواتایەکی تر، توانات هەبێت کە وەکو کەسی قسەکەری ڕەسەنی ئەو زمانە قسە بکەی. بەم شێوەیە، ئەوە شتێکی ڕوونە کە ڕێزمان شتێکە پەیوەستە بە توانستەوە زیاتر لەوەی کە پەیوەست بێت بە چالاکییەوە. ئەمە واتای ئەوە نییە کە نکۆڵی لە گرنگی چالاکی بکرێت وەکو بوارێکی لێکۆڵینەوە، بەڵکو بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەیە کە چالاکی بە شێوەیەکی ڕێک و پێکتر لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت لە میانەی بوارەکانی پەیوەست بە

زمانەوانی دەروونیەوە، لێکۆڵینەوە لە پرۆسە سایکۆلۆژییەکان دەکات کە بنچینەی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و تێگەیشتنن.))( Radford,2004:2:3))

## ١-٣- ئاستە رۆنانییەکانی رستە:


چۆمسکی لە رێزمانی (ب.گ) دا هەوڵی داوە وەسفی رۆنانی رستە بکات ،بەتایبەتی لە رێزمانی بەرهەمهێناندا بەوەی کە یاسا گشتییەکانی رستە – یاسای فەرهەنگی و یاسای دارشتنی فرێزەکان – دیاری بکات ،ئەو یاسایانەش وەکو بنەمایەکی زانستی و لۆجیک بەکارببرێن بۆ بەرهەمهێنانی رستەی راست و دروست لە زماندا،بۆ ئەوەی ((یاساکانیش نرخێکی تەواویان بدرێتێ ،پێویستە سەراپای زمانەکە بگرێتەوە، لەهەمان کاتدا بتوانێ هەموو رستەیەکی راست لە زمانەکەدا بەرهەم بهێنێ ،جگە لەو رستانەش ،رێگە بە رستەی نارێزمانی نەدرێت ،کە لە لایەن قسەکەری زمانەکەوە پەسەند نییە.)) (تاڵیب حوسێن،٢٠١٤: ٨٦) واتە ئەوەی کە لە رێزمانی بەرهەمهێناندا بەدیدەکرێت و بایەخێکی زۆری پێ دراوە بریتییە لە یاساکانی سینتاکسی بەتایبەتی ئەوەی کە تەنیا رۆنانی سەرەوە دەگرێتەوە .هەروەها بە پێی ئەم تیۆرە هەموو رستەیەک دوو ئاستی رۆنانی سینتاکسی هەیە ، ئەوانیش (رۆنانی ژێرەوە deep structure و رۆنانی سەرەوە surface structure) ن ، هەردوو رۆنانەکەش پەیوەستن بەیەکەوە، لەرووی شێوەوە جیاوازن و بە یاسای جیاواز بەرهەمدێن ، بەیارمەتی یاساکانی گوێزانەوە کە چەند یاسایەکی تایبەتن و رۆنانی ژێرەوە دەگوازنەوە بۆ رۆنانی سەرەوە.

### ١-٣-١- رۆنانی سەرەوە :

هەردوو ئاستی ژێرەوەو سەرەوە ،کە رۆنانی رستە پێکدێنن ، بەیەکەم قۆناغی بەرهەمی سینتاکسی دادەنرێت . کار و ئەو ئارگیومێنتە پێویستیانەی کار وەریدەگرێت پێیدەوترێت ئاستی ژێرەوە ، بە پێی بنەمای یاساکانی سینتاکسی ریزدەبن و رێکدەخرێن ،کە ئاستی سەرەوە ئاستی گۆکردن و فۆنۆلۆجی دەگرێتەوە ، ئاستی ژێرەوەش لێکدانەوەی واتای رستە دەگرێتەوە . ((رۆنانی سەرەوە پەیوەندی بە ریزبوونی کەرەسەکانەوە هەیە ، لێرەشەوە بۆ دەنگ ، بۆ ئەوەی بەدوای یەکداهاتنی دەنگەکانی تیادا دەستنیشان بکرێت .)) واتە ئەو ئاستەی رۆنانیەی زمانە کە رستە تیایدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە سەروو ناوچەی یاساکانی گوێزانەوە. )) (دیار علی کمال،٢٠٠٢:٢٩:٢٨)

((رۆنانی سەرەوە راستەوخۆ ، خۆی روون ناکاتەوە (لێک نادرێتەوە) بەڵکو بۆ دوو فۆرمی تر ، فۆرمی فۆنۆلۆجیی و فۆرمی لۆجیکیی دابەشدەبێت . فۆرمی فۆنۆلۆجیی ، ئەو ئاستەیە کە سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ فۆنۆلۆجیدا هەیە ولەوێدا شێوەکان ، دەنگەکان ، بە گروپ کردنی ئایتمەکان راستەوخۆ

دەنوێنرێن . فۆرمی لۆجیکیش ئەو ئاستەیە ، کەسنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ واتاسازیدا هەیە.)) (حاتەم ولیا،٢٠٠٩: ٦٥)




دەتوانین بڵێین سینتاکس لەنێوان ئەو دوو ئاستەدا کاردەکات بۆ گەیاندنیان بەیەک و دەرخستنی واتا و ئەرکەکەی . بەپێی تیۆرەکەی چۆمسکی دەکرێ دوو ڕستە ئاستی سەرەوەیان وەک یەک بن ، بەڵام لە واتایەک زیاتریان هەبێ . بڕوانە نموونەی(١٣):

13- پرسەکە کۆتایی هات.

ئەم ڕستەیە دەکرێ دوو لێکدانەوەی واتایی بۆ بکرێت بەم شێوەیە:

1- پرسە(تازیە)کە کۆتایی هات.

2- پرسەکە(مەسەلەکە / دۆزەکە) کۆتایی هات.

بەهەمان شێوە دەکرێ دوو ڕستە لە ئاستی سەرەوەدا جیاوازبن ، بەڵام یەک واتا بگەیەنن . وەک :

14- أ- شەهێن قوتابی نازنازە.

ب- نازناز مامۆستای شەهێنە.


هەروەها دەکرێ ڕستە لە تاکە وشەیەک یان ڕستەیەکی ئاڵۆز پێکبێت ، وەک :

15- گرتمی.

ڕستەی (١٥) لە ڕواڵەتدا یەک وشەیە ، بەڵام لەڕۆنانی ژێرەوەدا لەوشەیەک زیاتر پێکدێت ، واتە لە فرێزێکـی نـاوی و فرێزێکـی کـاری پێکـدێت ، بەم جـۆرە دەبینـین ،((چۆمسـکی لەشـاکارەکەی ساڵی(1965)یدا سەربەخۆیی ئاستی ژێرەوەی ڕێزمان و پێکهێنەرەکانی واتـای بەدیارخست و هەردوو ئاستی(ژێرەوە و سەرەوە) ی کردە بنەمایەک بۆ ڕوونکردنەوەی واتـای ڕستە. )) (کلۆد جێرمـان – ریمۆ لۆبلان، ٢٠٠٦: ٥١) ، ڕستە ((لەگەڵ ڕۆنانی سەرەوەیدا ڕۆنانێکی تـری هەیە ، کە تـایبەتێتی واتـایی ڕستەی تێدا دەچەسپێت . پێویستە لەسەرێکەوە پێک هـاتبێ لە یاسـاکانی بەرهەمهێنـان ، بـۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە بەرهەم بهێنێ ، لە سەرێکی تریشەوە پێک هاتبێ لە یاساکانی گوێزانەوە ، کە قۆناغەکـانی گواسـتنەوە لە ڕۆنانی ژێـرەوە بـۆ ڕۆنـانی سـەرەوە لێـک بـداتەوە .)) (تـاڵیـب حوسێن،٢٠١٤: ٨٩)بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە نموونەی (١٦)

-١٦ دەم ناردن.    من ئێوەم دەنارد
من ئەوانم دەنارد

بەپێی یاساکانی گوێزانەوە لە ئاستی ژێرەوە بۆ سەرەوە بەم شێوەیە پیشان دەدرێت:



((دوای دارشتنی ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە ، دووەم کردەی ڕێزمانی ، یاساکانی گواستنەوەن ، کە بەسەر ئەو ئاستەی ڕستەدا جێبەجێ دەکرێن ، بۆ ئەوەی ڕۆنانی سەرەوە بەرهەمبێت .

یاساکانی گواستنەوە بەگشتی ، گۆڕانکاریی لە ئەرکە سینتاکسییەکانی ڕەگەزەکانی ڕستەدا ناکەن و واتا و بیر ناگۆڕن و جۆرە ڕیزبوونێکی ئازاد بە کەرەستەکانی ڕستە دەبەخشن ، کە دەبنە هۆی ئەوەی ڕستەیەک زیاتر لە شێوەیەکی دەربڕینی هەبێت ، چونکە ڕێبازی گواستنەوە دەتوانێت چەند ڕستەیەکی بە ڕواڵەت جیاواز بخاتە پاڵ هەمان بنجەوە Deep structure و هەمان ڕستە بخاتە پاڵ چەند بنجێکی جیاوازەوە .)) (ئازاد ئەحمەد حسەین ،٢٠١٢: ٢٣٠) کردەی گوێزانەوەی ئاستی ژێرەوەی ڕستە بۆ ئاستی سەرەوە بنەمایەکی گشتییە و هاوبەشە لە نێو زمانەکاندا ، بەڵام چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەی گوێزانەوەکان و ڕیزبوونی کەرەسەکان پارامیتەری* هەر زمانێکن . سەبارەت بە پرۆسەی تێگەیشتن ، ئەو کۆدە هاوبەشەی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی تێگەیشتن ئەنجام بدرێت لەنێوانیاندا لە کاتی قسەکردندا و هاوکات کە ڕستەیەک لە ئاستی سەرەوەی دا ڕوون نەبێ ، لە بەر هەر هۆیەک بێت ( تەمومژی ، فرەواتایی ...تاد ) بە هۆی ئەو کۆدە هاوبەشە کە لەگەڵ ئاستی ژێرەوەی ڕستەکە هەیەتی ڕوون دەبێتەوە .

((گوێزانەوەکان بە شێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا وەسفکردنی ورد بەرجەستە دەکەن بۆ تایبەتمەندی پێکهاتەی ڕستەکان. هەروەها گوێزانەوەکان ڕێگە بەهەبوونی هیچ لێکدانەوەیەکی لێڵ نادەن.هیچ شتێکی وا پیرۆز نییە لە گوێزانەوەدا کە شایەنی دەستکاری کردن و ڕەخنە لێگرتن نەبێت. گوێزانەوەکان بریتین لە ئامرازی وەسفکردنی لێهاتووانە کە کار ئاسانی دەکەن بۆ ئەوەی کە بزانین چ شتێک بە شێوەیەکی بەرفراوان پەسند دەکرێ و بە گرنگ دادەنرێت وەکو سیما و تایبەتمەندییە گشتییەکانی زمان. ))

(smith,1999:61)

---

* پارامیتەر:parameter:گۆڕاوێکی گشتییە لە ڕێزمانی گشتی چۆمسکی دا،کە بەها یان چوارچێوەی تایبەتی پێدەدرێت لە هەر زمانێکدا، پارامیتەر حوکم بە کۆمەڵێک سیمای سینتاکسی ڕووکەش(بە ڕواڵەت پێکەوە گرێنەدراو)دەکات.

**١-٣-٢- ڕۆنانی ژێرەوە :**

**بەرجەستەکردن و دیاریکردنی ڕۆنانی ژێرەوە لە سنووری ڕستەکانی زماندا بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ دادەنرێت لە تیۆرەکەی چۆمسکیدا ،کە چۆمسکی پێی وابوو هەر ڕستەیەک دوو ئاستی ڕۆنانی تێدایە ئەویش ئاستی سەرەوەو ژێرەوەیە .واتە ڕۆنانی ژێرەوە ((زاراوەیەکی تیۆری بنەڕەتییە لەڕێزمانی گوێزانەوە دا ، پێچەوانەی ڕۆنانی سەرەوەیە ، ڕۆنانی(پێکهاتە) یاخود ڕێزمانی ژێرەوە بریتییە لە نواندنی ئایدیایی سینتاکتیکی ڕستە .)) (Crystal 2012: 131)،بۆ نموونە:**

١٧- أ- من تۆ دەبینم ڕۆ.ژێرەوە

ب- تۆ دەبینم ڕۆ.ناوەند


ج- دەتبینم ڕۆ.سەرەوە

**ڕستەی (١٧-أ) کە ئاستی ژێرەوەی ڕستەکەیە،بەپێی یاساکانی (بەخورتی) ڕۆنان پێکهێنان بەرهەمدەهێنرێت و ئەم فۆرمە وەردەگرێت ،هەروەها لەڕێگەی چەند یاسایەکی دیکەی بەئارەزوو فۆرم و سیمای دیکە وەردەگرن وەک لە نموونەکانی (١٧-ب) و(١٧-ج) خراوەتە ڕوو. کەواتە ((بەشێک لە سینتاکس تایبەتە بە یاساکان (یاساکانی گوێزانەوە)،کە ڕۆنانی ژێرەوە دەگوێزنەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە .لێرەدا گرنگ ئەوەیە ،کە ڕۆنانی ژێرەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە هۆی ڕاستی ڕۆنانی سەرەوە بەرهەم دەهێنرێت.ڕۆنانەکانی ژێرەوەش بەهۆی بنجەوە-base- بەرهەم دەهێنرێت،کە لە دوو پێکهێنەر پێک هاتوون: پێکهێنەری پۆلینی- component categorical- و فەرهەنگی وشەکان- lexicon-))(تالب حوسێن،٢٠١٤ :٨٩)**

**کەواتە ڕۆنانی ژێرەوە ئەو ئاستەیە کە((واتای ڕستەی تێدا دەستنیشاندەکرێت و پاشان ڕۆنانەکە بەڕێگەی یاساکانی گواستنەوەی بەخورتی و بەئارەزوو دەگوازرێتەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە .)) (محمد علی خولی،٦٦) هەروەها چۆمسکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ((ڕۆنانی ژێرەوە/پێکهاتەی ناوەوەی ڕستەیە ، ئەگەر لە گووتندا دیاریش نەبێت ئەوا بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی واتایی زۆر گرنگە،لێرەوە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە پەیوەست دەبێت بە واتا زمانییەکان ، واتە : لێکدانەوەی واتای ڕستە دیاریدەکات ، لە کاتێکدا ڕۆنانی سەرەوەی ڕستە پەیوەست دەبێت بە دەنگە زمانییە یەک لەدوای یەکەکان و لێکدانەوەی دەنگەکان لە ڕستەدا دیاری دەکات .)) (میشال زکریا،١٩٨٣: ٢٦٨: ٢٦٩)**

**وەکو ئاماژەی پێدرا لایەنی واتایی ڕستە لە ئاستی ژێرەوە ڕوون دەبێتەوە ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ،((زانیاری سینتاکسیی تاکە ڕێگەیە بۆ دیاریکردنی نواندنی سیمانتیکی لە ئاستی دروستەی قوڵدا .**

ناوەڕۆکی نواندنی سیمانتیکیی تا ڕادەیەک جیهانییەو لە هەموو زمانەکاندا هەیە ، بۆ نموونە چەمکی دیاریکردن لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکدا هەمان بیرە ، بەڵام لە دەربڕینەکەیدا جیاوازە . )) (شیلان عومەر،٢٠١١: ١٠) بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا وشەی (بەرد) لەزمانی عەرەبیدابە (حجر) و لەئینگلیزیدا بە (stone) دەردەبڕدرێت . هەروەها((یاساکانی گوێزانەوە لەسەر دیارخەرە فرێزییە بنەڕەتیەکان جێبەجێدەبن بۆ ئەوەی دیارخەرە فرێزییە ڕووکەشیەکانمان دەست کەوێت. کە تیایدا زیاتر لە یاسایەکی گوێزانەوە –Tجێبەجێدەکرێت، دەکرێت هەندێکجار دیارخەری فرێزی ناوەندیش هەبێت. گوێزانەووەکان ڕستە لە ڕستە وەرناگرنەوە، بەڵکو دیارخەرە فرێزییەکان لە دیارخەرە فرێزییەکانەوە وەردەگرنەوە. لێرەدا هێمایەک دەخەینەڕوو بۆ دیارخەری فرێزی بنەڕەتی و مۆدێلی نیشاندانەکەش پێی دەگوترێت هێڵکاری درەختی یان هێڵکاری لقی/چڵی)) (Fowler,1971:15)، بڕوانە ئەم هێڵکارییە:




چۆمسکی(( ڕۆنانی ناوەوە بە "چالاکی" و دیوی دەرەوە بە "بەجێهێنان"دادەنێ . بەم جۆرە لێکۆڵینەوە لە زمان دیاریکردنی ڕۆنانی ژێرەوە و گوتنەکانی ڕۆنانەکانی ئەو زمانەیە .)) (محمد معروف،١٩٨٧: ٢٨)، واتە ڕۆنانی ژێرەوە پەیوەندی بە توانست و ڕۆنانی سەرەوەش پەیوەندی بە چالاکییەوە هەیە .جیاکردنەوەی پێکهاتەی ژێرەوە و پێکهاتەی سەرەوە شیکارییەکی بچووک نییە، ڕستەیەکی وەکو "کلاوەکەی لەسەری داکەند" گوێزانەوەیەکی مام ناوەندییە.ڕوونکردنەوەیەکی سروشتی بەرجەستە دەکات

بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەنگ و واتا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەست نین بەیەکەوە. ڕووکەشی فۆنەتیکی هێما زمانییەکان هیچ سیمایەکی سیمانتیکی سروشتی لەخۆ ناگرن. جیاکردنەوەی بنەڕەتی و ڕووکەشی لە سینتاکسدا بەو ڕاستییە دەناسرێتەوە کە پێکهاتەی سەرەوە سەرجەم ئەو زانیارییانە لە خۆدەگرێت کە پەیوەستن بە نیشاندانی فۆنەتیکی ڕستەکان، پێکهاتەی ژێرەوەش تەواوی ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت کە پێویستن بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستەکان. بەم شێوەیە،ڕێگای گواستنەوەی سینتاکسی نێوان ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە وا دادەنرێت کە ڕێگایەکە بەهۆیەوە دەنگە دووانەییەکان و واتا دووانەییەکان بە دەست دەهێنرێن.)) (Fowler,1971:17:18) دیارە ئەمەش بەهۆی توانستەوە ئەنجامدەدرێت کە ڕستە لە ڕۆنانی سەرەوە بۆ ڕۆنانی ژێرەوە دەگوازرێتەوەو یاساکانی گوێزانەوە دەکەونە نێوان هەردوو ڕۆنانەکە.

## ١-٤- مۆدیلەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە :

لەلایەکی ترەوە چۆمسکی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا ، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە سینتاکسییەکان سێ بنەمای بە پێویست زانیوە ، کە بریتین لە :

### ١-٤-١- بارە سنووردارەکان:

ئەم بنەمایە ، وەک یەکەم بنەمای ڕێزمانی (ب.گ) دادەنرێت کە((جۆرێکە لە سیستەمی شیکارکردنی دروستەی ڕستە ، و لە سەر بنەمای داڕشتنێکی بیرکارییانە داڕێژراوە ، و پەیوەندی نێوان چەند هەنگاوێ دەخاتە ڕوو.)) (سەباح ڕەشید،٢٠٠٩: ١٧) لەم بنەمایەدا ((ڕستەکان بە هۆی زنجیرە هەڵبژاردنێک بە ئاراستەی لە چەپ بۆ ڕاست بە نیسبەت زمانی ئینگلیزییەوە بەرهەمدێن و هەر کەرەستەیەک کەرەستەیەکی دوای خۆی هەڵدەبژێرێت ، ئەم نموونەیە تەنها دەتوانێت ژمارەیەکی کەم ڕستە بەرهەم بهێنێت .)) (ڤیان سلێمان،٢٠٠٩: ١٤) ، ئەو سیستەمە لە زۆربەی زمانەکاندا پەیڕەو دەکرێت ، ئاراستەکان بەپێی تایبەتمەندی سینتاکسی زمانەکە دەگۆڕێن ، وەک لە زمانی کوردیدا ڕیزکردنەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەبن.

((مەرج نییە ،هەمیشە ئەو سیستەمە لە ڕووی پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستەوە ڕاست و دروست بێت. واتە مەرج نییە ، هەمیشە وشەی یەکەم دەسەڵاتی بەسەر وشەی دوای خۆیدا هەبێت ، و وروژێنەری بێت. بە تایبەتی لە ڕستە ناسادەکاندا.)) (دارا حمید،٢٠١٢: ٢٢) بڕوانە نموونەی (١٨):

18 - ئەو شارەی لێی دەژین ، ناوی هەولێرە.

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦

ڕستەی (١٨) ڕستەیەکی ئاڵۆزە ، لێرەدا وشەی چوارەم (دەژین) ناچار نییە وشەی پێنجەم کە وشەی (ناو)ە هەڵبژێرێت .

### ١-٤-٢- یاساکانی فرێزپێکهێنان:

یاساکانی فرێز پێکهێنان بریتیین لە((کۆمەڵێک یاسا کە بۆ ڕۆنانی فرەیز بەکاردەهێنرێن . ئەو یاسایانە لە گەورەترین یەکەی شیکردنەوەی زمانەوە دەستپێدەکات ، کە ڕستەیە . ڕستەکان بۆ یەکەی فرێزی شیدەکاتەوە . ئەم مۆدیلە کار لەسەر کەتیگۆری ڕێزمانی دەکات ، نەک پەیوەندییە ڕێزمانییەکان . چونکە ئەم دوو یەکە زمانییە جیاوازن.بەوەی کە:

أ-کەتیگۆری ڕێزمانی ئەرکە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە ، وەک (بکەر ،بەرکار ...تاد) کە پێشتر و لە ڕێزمانی دێریندا بۆ دەستنیشانکردنیان پشت بە واتا دەبەسترا. بەڵام لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا و لە شێوەی درەختی هێڵکاریدا و بەپێی شوێنی کەرەستەکان ئەرکە ڕێزمانییەکان دەستنیشاندەکرێت . چونکە وشە نرخی ڕێزمانی خۆی لەو شوێنە وەردەگرێت ، کە تێیدا بەکاردەهێنرێت.

ب-سنووری پەیوەندی ڕێزمانی فراوانترە لە ئەرکی ڕێزمانی ، بکەر و بەرکار دەکرێ ببنە بەشێک لە پەیوەندی ڕێزمانی ، بەم شێوەیە کەتیگۆری ڕێزمانی دەبێتە بەشێک لە پەیوەندی ڕێزمانی ، فرێزی ناوی پۆلی ڕێزمانییە کە دەکرێ ، ببێتە بەشێک لە فرێزی ناوی سەرەکی و لەڕۆڵی کەتیگۆری بکەریدا بێت ، یان بترنجێتە ناو فرێزی کاری و لە ڕۆڵی کەتیگۆری بەرکاریدا بێت ، بەمەش پەیوەندی ڕێزمانی دروست دەبێت .)) (دارا حمید،٢٠١٢: ٢٣)

بەمجۆرە یاساکانی فرێزپێکهێنان کە لە ڕۆنانی ژێرەوە کاردەکەن ، واتە پەیوەستن بە توانستەوە ، ڕێگە بە بەکارهێنەری زمان دەدەن کە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمبهێنن ، چونکە هەنگاوی یەکەمی

بەرهەمهێنـانی هەمـوو ڕستەیەک لە ڕۆنـانی ژێـرەوە دەسـتپێدەکات و دواتـر لەگەڵ بەکارهێنـانی ئەو یاسایانە ڕستەی دروست لەڕووی ڕێزمان و واتاوە بەرهەمدەهێنرێن .

سەبارەت بە کەموکورییەکـانی یاسـاکانی فرێزپێکهێنـان دەتـوانین بڵێـین ئەم یاسـایانە ((بەسـەر هەمـوو زمانێکدا جێبەجێ ناکرێ ،تەنیا ئەو زمانانە نەبێ ،کە لەڕووی ڕیزبوونی کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکانیاندا لە زمانی ئینگلیزی دەچن و ناشکرێ ئێمە ڕۆنانی ژێرەوەی (بۆ نموونە زمـانی کـوردی) دروست بکەین بـۆ ئەوەی لەگەڵ یاسـاکاندا بگـونجێ ،یـان ئەگەر یاسـاکە جێبەجێش بکـرێ لەدواییـدا پێویسـتی بە یاسـای گوێزانەوەی زیاتر دەبێ.)) (سەباح ڕەشید،٢٠٠٩: ٢٤) بـۆ نمـوونە ئەم یاسـایەی خـوارەوە لەگەڵ زمـانی کوردیدا ناگونجێ:

S ⟶ NP+VP

VP ⟶ V+NP

19- Niyan drinking water

NP VP NP

ئەگەر ئەم ڕیزبوونە پیادەبکرێ بەسەر ڕستەکانی زمانی کوردی،ئەوا ڕستەکە پلەیەکی ڕێزمـانێتی نزمتـر وەردەگرێت وەکو لەنموونەی(٢٠) دا خراوەتەڕوو،بەڵام ڕیزبـوونەکە لە کوردیـدا بەشێوەیەکی ترە.بـڕوانە نموونە(٢١)

20- أ- نیان دەخواتەوە ئاو.

21- ب- نیان ئاو دەخواتەوە.

VP NP NP

واتە جۆری ڕیزبوونی بنجی کەرەسەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە. هەروەها یاسای (NP ⟶ Article+ N) کە لە زمـانی ئینگلیزیـدا ئەگەری هـاتنی هەیە و لەسـەر ڕستەکانی زمانی کوردیدا جێبەجێ نابێ،چونکە لەزمانی کوردیدا لە فرێزێکی ناویدا ئامراز دەکەوێتە دوای نـاوەکە ،نەک پێش ناوەکە، کەواتە لەبەرامبەردا ئەم یاسایە (NP⟶ N+ Article) ئەگەری هاتنی لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا هەیە.بڕوانەنموونەی (٢٢):

22- کوڕەکە - The boy

((یاساکانی فرێزپێکهێنان خۆیان سنووردارن ،دەکرێ زۆر فراوان بکرێ و هەموو جۆرە ڕستەیێ دەرکەون،بەڵام ئەوسا ڕێزمانەکە ئاڵۆز دەبێ.)) (سەباح رەشید،٢٠٠٩ :٢٦)هەر لە یاساکانی فریزپێکهێناندا کەم و کوڕی تریش هەیە،ئەویش ئەوەیە ،کە ((زۆرجار یاساکانی فرێزپێکهێنان پەی بەو لێکچوون و جیاوازییانە نابا،کەلە ڕستەکاندا بەدەردەکەون ،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە ڕستەکان لێکدانەوەی جیاوازییان بۆ دەکرێ لە ڕووی واتاوە ،لەبەرئەوە یاساکانی فرێز پێکهێنان هەندێ ڕستەی جیاواز لە پێکهاتەیێ کۆدەکاتەوە و جاری واش دەبێ ڕستەی لێکچوو لێکدادەبڕێ.)) (سەرچاوەی پێشوو:٢٨) بۆ نموونە: ئەم ڕستانەی خوارەوە لەڕووی واتاوە یەکن،کەچی لەڕووی پێکهاتەی ڕستەکانەوە جیاوازن.

23- شیرین بازنەکەی لە نەسرین کڕی.

24- نەسرین بازنەکەی فرۆشت بە شیرین .

**١-٤-٣- یاساکانی گوێزانەوە :**

سێیەم مۆدێلە لە مۆدێلەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا، و لە هەموو مۆدێلەکانی پێشتر بە بەهێزتر دادەنرێت .((یاساکانی گوێزانەوە توانای دەستکاریکردنی ئەرگیومێنتە پێکهێنەرەکانی ڕستەیان هەیە ، کەچی یاساکانی فرەیزپێکهێنان ئەو توانایەیان نییە.)) (دارا حمید،٢٠١٢: ٢٦)بۆ نموونە:

25- منداڵەکە ژێرپیاڵەکەی شکاند.

26- ژێرپیاڵەکە منداڵەکە شکاندی.

## ١-٥- چەمكی ڕێزمانی بەرهەمهێن :

چۆمسكی زاراوەی ڕێزمانی بە مانای ڕێزمانی بەرهەمهێنان بەكارهێناوە ، كە دوولایەن لە خۆدەگرێت :

### ١-٥-١ واتای گشتی ڕێزمان

ڕێزمان بە پێی ئەو بۆچوونەی چۆمسكی كەلە كتێبی "ڕۆنانە سینتاكسییەكان"(1957) دا بڵاوی كردەوە ، بەدەربوو لەواتا و هیچ جۆرە گرنگی دانێكی بۆ واتا دانەنابوو .((بە پێی ئەم بۆچوونە ڕێزمان بریتییە لە زانیاری هۆشەكی ئاخێوەر ، ڕێزمان لەم پەرتووكەدا وەك ئامێرێك دەبینرێت و ڕستەی ڕێزمانی پێكدێنێت نەک ناڕێزمانی .)) (عبدالواحد مشیر،٢٠١٤: ٢٢٧)، هەروەها ((ڕێزمانی بەرهەمهێن زاراوەیەكە بەو كۆمەڵە یاسایە دەوترێت كە جۆری سیستەمەكانی زمانی تێدا دەستنیشان دەكرێت. )) (محەمەد محەمەد یونس،٢٠٠٤:٨٣)

هەرچەندە چۆمسكی لە سەرەتادا ، واتە لە ساڵی ١٩٥٧ دا گرنگی بەواتا نەدابوو ، بەڵام دواتر گرنگی واتای بۆ دەركەوت و پێداچوونەوەی بە بۆچوونەكانی خۆی كردەوەو واتاشی بە بەشێك لە ڕێزمان دانا وەک دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی . ئەمە سەرەڕای ئەوەی كەچۆمسكی سەرەتا پێی وابوو كە دەبێت ڕستەسازی جیابكرێتەوە لە واتاسازی ، ڕستەسازی بۆ ڕستەسازی كاربكات بەتەنها .هەروەها چۆمسكی پێشی وابوو كە شوێنی ڕستەسازی (syntax) لە زماندا وەک شوێنی دڵە لە لەشی مرۆڤدا .شتێكی تری گرنگ كە چۆمسكی بایەخی پێداوە و ((لەتیۆرە زمانییەكەی پێشكەشی كردووە ، وردیی و ڕوونییە كە لەو ڕێزمانانەی(دەستوورەی) داینا بەكاریهێناوە ، هەوڵی دا وا لەو ڕێزمانە بكات ، كە لەڕووی وردێتی و ڕوونیەوە تا ڕادەیەكی زۆر كەوتبووە ژێر كاریگەری لەگەڵ یاسا بیركارییەكان لێكچوویێت.)) (نایف خرما،٢٠١٣: ٣٨١) لەم بارەیەوە چۆمسكی دەڵێت ڕێزمان بریتییە لە ئامێرێك و میكانیزمێك ، واتە لە كۆمەڵە یاسا و دەستوورێك پێكدێت كە وەسفێكی تەواوی ڕۆنانی زمان دەكات ، ئەویش كۆمەڵە ڕستەیەكی بێ سنوورە،جگە لە ڕستەی ڕێزمانی هیچ ڕستەیەكی تر پەسەند ناكات .

ڕێزمان (( واتە ئەو ڕووەی كە زمانناس لەسەر یاساكانی زمان بەدەستەوەی دەدا- ناساندنێكە لە توانایی زمانی ئاخێوەر و نەک لە كردە یان ئاكاری زمانی ئەو.)) (محەمەد ڕەزای باتینی ،١٩٨٧: ١٣٤) هەروەها ڕێزمانی بەرهەمهێنان ،تەنیا بە واتای بەرهەمهێنانی ماددی ڕستەكان نایێت ، بەڵكو دەبێ ڕێزمانەكە توانای جیاكردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی هەبێت ، واتە ئەگەر وشەكان بەپێی دەستوور و یاسای زمانەكە ڕیزكرابن ئەوا بە ڕستەی تەواو هەژماردەكرێت، ئەگەرنا ڕستەیەكی ناتەواوە لەڕووی ڕێزمانەوە .چۆمسكی ئەنجامدانی ئەم كارەی وەک داهێنانێک بوو بۆ ئەو ڕێزمانە-

ڕێزمانی بەرهەمهێنان- کە تێیدا(( ویستی ئامانجی زمانناسی بگۆڕێ بە مەبەستی گەشەپێدانی ئەو ڕێزمانە بەوەی وەسفێکی تەواوی ئەو زانیارییە خۆڕسکە بکات کە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە لەبارەی زمانەکەیەوە هەیەتی ، ئەو وەسفەش دەبێت لە کۆمەڵەی یاسایەک پێک بێت کە بتوانن "ڕستەی ڕێزمانی" لەزمانەکەدا پێک بهێنن . لە تیۆرەکەی چۆمسکی دا ئەو یاسایانەی کە ڕستەی ڕێزمانی پێک دەهێنن و ڕستەی ناڕێزمانی پێکناهێنن بەو ڕێزمانە دەگوترێ ڕێزمانی بەرهەمهێن یاخود پێکهێنەر .)) (سەلام ناوخۆش،٢٠٠٥: ٥٨) ئەمەی سەرەوە سەبارەت بە واتای گشتی ڕێزمان بوو لەتیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا،لەگەڵ ئەوەشدا چۆمسکی واتای تایبەتی ڕێزمانیشی بەم شێوەیە باسکردووە و ڕوونکردۆتەوە:

### ١-٥-٢- واتای تایبەتی ڕێزمان :

چۆمسکی واتای تایبەتی ڕێزمانی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە ، کە لە تیۆرەکەیدا هەوڵی داوە سەرلەنوێ زمان دابڕێژێتەوە ، هەروەها دەبێت توانای وەسفی توانستی زمانی لەلای قسەکەر بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا هەبێت ، ئامانجی سەرەکی سینتاکسیش بە پێی ئەم وەسفە بریتی دەبێ لەو توانستەی کە پەسەندی ڕێزمانەکە دەکات و مۆدێلێکی نموونەیی پێکدەهێنێت ، بەهۆیەوە دەتوانین ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بهێنین . بەرهەمهێنانیش ، لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرهەنگی وشەکان و یەکەکانی زمان،کۆمەڵە یاسایەک بەرهەم دێنێ ،دەکرێ بەو کۆمەڵە یاسایە بگوترێ ڕێزمانی بەرهەمهێنان.واتە ڕێزمانی هەموو زمانێک بریتییە لە کۆکراوەیەکی سنووردار لە یاسای گوێزانەوە کە لەگەڵ فەرهەنگی وشەکانی زمان دا ژمارەیەکی نادیار و بێ کۆتایی ڕستە بەرهەم دێنن. هەروەها چۆمسکی شارەزایانە هەوڵی داوە وا مامەڵە لەگەڵ وشەکانی زمان بکات ، وەک کەرەسەیەکی ڕووت(مجرد) کە دایببڕێت لەبەهاکەی ،بۆ نموونە وشەیەکی وەکو (گوڵ) داببڕێ لە هێما و هێمابۆکراو و تایبەتمەندییەکانی و وەک هێمایەکی بیرکاری بۆ نموونە هێمایەکی وەکو (س) بەکاربێنێت و دواتر بەهۆی لێکدان و بەکارهێنانی ئەو کەرەسەیە لەگەڵ کەرەسەی تردا ، چەندین یاسا بەرهەم دێت ، بەهۆی دیاریکردنی ئەو یاسایەنەش دەتوانرێ ڕێزمانی زمانێک دیاری بکرێت . ئەو هاوکێشەی خوارەوە زیاتر مەبەستەکە ڕوون دەکاتەوە :

$$ع = س^2 + س + 1$$

((ئەگەر بەهای(س) هەریەک لەم ژمارانە بێت {1، 2، 3، 4 ،5،......} ئەوا کۆمەڵەی {3، 7، 13، 21، 31 ،......} بەرهەم دەهێنێت ، لەم گۆشەیەوە وشەی بەرهەمهێنان تەنیا بە واتای

بەرهەمهێنانی ڕستەکان نایێت ، بەڵکو بەواتای دیاریکردنی بیرکارییانە و وردیی لە ڕۆنانی ڕستەکەدا دێت ، کە ڕێزمانەکە بەرهەمی هێناوە.)) (محسن علی،٢٠١٣: ٧)

## ١-٦- پێکهێنەکانی زمان لەتیۆری بەرهەمهێناندا:

لە قۆناغی دووەمی ڕێزمانی (ب .گ)دا چۆمسکی هەوڵیدا بە شێوەیەکی ورد و کارەکی پەیوەندی نێوان پێکهێنەکانی زمان دەستنیشان بکات.مەبەستیش لە ((پێکهاتە(پێکهێن) زاراوەیەکە لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا بۆ ئەو پێکهاتانە بەکاردەهێنرێت ، کە "ڕێکخراوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان " لێیان پێکهاتووە .)) (محەمەدی مەحوی،٢٠٠٦: ٢)، ئەمەش پاش ئەوە دێت کە چۆمسکی توانی پەیوەندی لایەنی واتایی بە سینتاکسەوە ببەستێتەوە،هەروەها پێکهێنی واتاییش بە یەکێک لە پێکهێنە سەرەکییەکانی زمان هەژماربکات پێکهێنەکانیش بریتیین لە :(پێکهێنی فۆنۆلۆجی، پێکهێنی سینتاکسی، پێکهێنی واتایی).

### ١-٦-١ پێکهێنی فۆنۆلۆجی


پێکهێنی فۆنۆلۆجی وەک یەکێک لە سێ پێکهێنەکەی زمان ((یاساکانی نمایندەی فۆنۆلۆژی لەسەر ڕۆنانی سەرەوە پیادە دەکات بۆ لێکدانەوە و دەرخستنی فۆنۆلۆژی .)) (کلۆد جێرمان- ریمۆ لۆبلان،٢٠٠٦: ٩١) ، هەروەها ((ئەم پێکهێنە لە ڕێزماندا شێوەی دەنگی ئەو ڕستەیە دیاری دەکات ، کە بە هۆی یاسا سینتاکسییەکانەوە بەرهەم هاتووە. بە واتایەکی تر کاردەکات بۆ گەیاندنی ڕۆنانی بەرهەمهاتوو بە پێکهێنی ڕستەکە بە ئاماژەکردن بە شێوەی دەنگی .)) ( چومسکی،١٩٨٥:٣٩)

### ١-٦-٢- پێکهێنی سینتاکسی

پێکهێنی سینتاکسی،ئەوەیە کە نیشانە فرێزەکان(phrase marker) بەرهەم دەهێنێت ، واتە ئاستی ژێرەوەی ڕستەکان نیشاندەدات ،وەک پێکهێنێکی سەرەکیش لە ڕێزمانی (ب.گ)دا دەردەکەوێت هەروەها قسەپێکەری زمانیش دەتوانێت ژمارەیەکی بێ سنوور ڕستەی لێ بەرهەمبهێنێت.هەروەها ((ئەو پێکهێنەیە کۆمەڵەیەکی بێ کۆتا لە کەرەسەکانی ڕستە دیاری دەکات.)) (چومسکی،١٩٨٥ :٣٩) بەم جۆرە پێکهێنی سینتاکسی لەسەر دوو پێکهاتە کاردەکات ، کە پێکهاتەی بەرهەمهێن و پێکهاتەی گوێزانەوەیە.لەگەڵ هەردوو پێکهاتەکەی تردا کە فۆنۆلۆجی و واتاییە، بەیەکەوە پێکهاتەکانی ڕێزمان تەواو دەکەن.

هەروەها ئەم پێکهێنە (( پێکهێنی بنکەیی بەخۆوە دەگرێت (یاساکانی دووبارە نووسینەوە یاسا لەسەر بنەمای پۆل کردن و یاسا فەرهەنگییەکان) کە پێویستیان بە ڕۆنانی قووڵ هەیە، ئەوە لەلایەک ، لەلایەکی ترپێکهێنی گوێزراو خۆی ڕۆنانی قووڵ دەگۆڕێت بۆ ڕۆنانی سەرەوە یان ڕۆنانی بەرچاو .)) (کلۆد جێرمان-ریمۆ لۆبلان،٢٠٠٦: ٩١)، ئەمە تاکە پێکهێنە لە گوێزانەوەدا کە لایەنی داهێنان لەزماندا بەرهەم دێنێ ، چونکە بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی کاری سەرەکییەتی . پێکهێنی سینتاکسی ((ئەم بنیاتە لە ڕستە دەدوێت . ئەم بەشەی زمان خۆی لە دوو بەش پێکدێ : بنکە base و یاساکانی گوێزانەوە . پێکهاتەی فۆنۆلۆژیش بریتییە لە کۆمەڵێ یاسای فۆنۆلۆژی ، ئەو یاسایانە فۆرمەلە دەکرێن بۆ ئەوەی پێکهاتەی سەرەوە بەرەو نواندنی فۆنەتیکی بچێت . لێرەش وشەکە هەم دەنگی خۆی دەبێت هەم شێوەی نووسینی graph ی دەبێت.)) (سەلام ناوخۆش،٢٠٠٥: ٦٢) لەگەڵ پێکهاتەی سیمانتیکیش دەکرێ بەم شێوە هێلکارییە بخرێتە ڕوو:

پێکهێنی سینتاکسی





((پێکهێنی سینتاکسی لە دووبەش پێکدێت:بەشی یەکەم، بنەمایەکە کە ڕۆنانی ژێرەوە دورستدەکات و بەشی گوێزانەوە کە ئەو ڕۆنانەی ژێرەوە دەگونجێنێت لەگەڵ ڕۆنانی سەرەوە. ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەیەک پەیوەستە بەپێکهێنەری سیمانتیکی بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی، هەروەها ڕۆنانی سەرەوەش دەچێتە نێو پێکهێنی فۆنۆلۆژیەوە و دەچێتە ژێر لێکدانەوەی فۆنەتیکی. کەواتە دوایین کاریگەری ڕێزمانە ئەوەیە کە لێکدانەوەی سیمانتیکی بە لێکدانەوەی فۆنەتیکی ببەستێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چۆن ڕستەیەک لێکدەدەرێتەوە.هەروەها ئەو پەیوەندییە لەلایەن پێکهێنی سینتاکسییەوە میانگیری دەکرێت لە ڕێزماندا،ئەویش تاکە بەشی داهێنەرە کە خۆی بنیات دەنێت.)) (Chomsky ,1971:65)

کەواتە ((وەسفکردنێکی لەم شێوەیە بۆ فۆڕمی پێکهێنەری سینتاکسی لەوانەیە نامۆ بێت ئەگەر یاسا دەسکردەکان وەکو مۆدێلێک دابنرێت بۆ پێکهاتەی ڕاستەقینەی ڕستەیەک لەلایەن قسەکەرەوە.هەروەها پێدەچێت کە شتێکی بێ مانا و بێ بەها بێت،ئەگەر یەکێک وادابنێت قسەکەر یەکەمجار دیارخەری فرێزی گشتی دەربڕێت لەڕێگەی یاسا بنچینەییەکانەوە و دواتر تاقییان بکاتەوە لەڕێگەی یاساکانی گوێزانەوەوە بۆ ئەوەی دەربیخات کە ئایا ئەو دیارخەرە فرێزە گشتییە تەواو ڕۆنراوە.ئەو بێ مانابییە لەڕاستیدا لە ئەنجامی بێ مانابییەکی قووڵترە سەبارەت بە سیستەمی یاساکانی بەرهەمهێنان وەکو شێوازێک کە خاڵ بەخاڵ بۆ بنیات نانی ڕاستەقینەی ڕستەیەک بێت لەلایەن قسەکەرەوە ))

(Chomsky ,1971: 65)

پێکهێنەکانی زمان پێکەوە وەک سیستەمێک پێکهێنەکانی دەنگ و واتا بەیەکەوە دەبەستنەوە و هەر پێکهێنێکیش بەشێک لە ڕێکخستنی ڕێزمان لەخۆدەگرێت،بەڵام (( پێکهێنی سینتاکسی بە تاکە پێکهێنی بەرهەمهێنان دادەنرێت،واتە ئەو پێکهێنەی کە وەسفی ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە دەکات،لە کاتێکدا دوو پێکهێنەکەی تر شیکارین، دوای ئەوەی کە پێکهێنی سینتاکسی شێوازی ڕستە دەچەسپێنێت ، پێکهێنی واتایی،واتای ڕستەکان شیدەکاتەوە ،پێکهێنی فۆنۆلۆجیش شیکردنەوەی دەنگەکان دەکات.)) (میشال زکریا،١٩٨٣: ٢١٢) هەروەها ((فۆڕمی ڕێزمان لەوانەیە بەم شێوەی خوارەوە بێت: ڕێزمانێک پێکهێنی سینتاکسی و پێکهێنی سیمانتیکی و پێکهێنی فۆنۆلۆژی لە خۆدەگرێت. پێکهێنی سیمانتیکی و پێکهێنی فۆنۆلۆژییەکە بە ڕوونی لێکدەدرێنەوە و هیچ ڕۆڵێکیان لە دروستکردنی پێکهاتەکانی ڕستەدا نییە. پێکهێنە سینتاکسییەکەش لە دوو بەش پێکدێت، یەکەمیان بەشی بنچینەیی و دووەمیان بەشی گوێزانەوەیە. بەشی بنچینەیی لە چەند بەشێکی جۆراو جۆری بچووکتر و وشە پێکهاتووە. بەشی بنچینەی ڕۆنانی ژێرەوە دروست دەکات، ئەو ڕۆنانەش کە دەچێتە نێو پێکهێنی سیمانتیکی، لێکدانەوەی سیمانتیکی وەردەگرێت. ڕۆنانی ژێرەوە بە شێوەی نەخشەیی لەگەڵ یاساکانی گوێزانەوە دەگونجێندرێت لە ڕۆنانی سەرەوەدا،ڕۆنانی سەرەوەش لێکدانەوەیەکی فۆنەتیکی پێدەدرێت لەلایەن یاساکانی پێکهێنە فۆنۆلۆژییەکانەوە.بەم شێوەیە ڕێزمان لێکدانەوە سیمانتیکیەکان دەداتە پاڵ ئاماژەکان و ئەم

**تێکەڵکردنەش لەلایەن یاساکانی پێکهێنی سینتاکسیەوە میانگیری دەکرێت))**
(Chomsky,1971:66 )**لەم هێڵکارییەدا زیاتر مەبەستەکە ڕوون دەبێتەوە:**




### ١-٦-٣- پێکهێنی واتایی

**سەرەڕای ئەووەی کە تیۆرەکەی چۆمسکی بایەخێکی زۆری بە لایەنی سینتاکسی داوە،هەروەها ((ئەم ڕێبازە هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە قۆناغێکی نوێی هێنایە ناو لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانییەوە،کەتوانی بەشێوەیەکی ڕوون پەیوەندی لایەنی واتایی بە سینتاکسەوە دەستنیشان بکات،هەروەها لەڕووی واتاوە ڕستەکانی زمان لێک بداتەوە.ئەم کارەش بووە هۆی ئەووەی،کە جارێکی تر دیراسەکردنی واتا –واتای وشە و واتای ڕستە- ببوژێتەوە و لەهەمان کاتدا بە یەکێک لە سێ پێکهێنەرەکانی زمان(پێکهێنەری**

**فۆنۆلـۆجی و سینتاکسی و واتـایی) دابنرێت.)) (تاڵیب حوسێن،٢٠١٤: ٣٣) پێکهێنی واتـایی بە گشتی ((هەوڵ دەدات بۆ دووبارەکردنەوەی نموونەکە کە توانای لێکدانی ڕاستەقینەی نێوان دەنگ و واتایە کەچی لە ڕوانگەی گوێزانەوەکان تەنیا هەر رووخسارێکی رووتە هەر ڕێزکراوەو ناتوانێ گۆڕانکاری لە واتاکانی ڕۆنانی قووڵ دا بکات کە پێویستە لەم بوارەدا رەچاو بکرێت کە بە تیۆری نموونەیی ناونراوە ، ڕۆنانی قووڵ دەسنیشانی نمایندەی واتایی و ڕۆنانی سەرەوە دەستنیشانی نمایندەی دەنگی دەکات.)) (کلۆد جێرمان-ریمۆ لۆبلان،٢٠٠٦: ٩٣) ڕۆنانی سینتاکسیش لە نێوانیان کاردەکات بۆ گەیاندنی هەردوو لایەنی واتا و دەنگ بەیەکترەوە و بەیەکەوە قاڵبی ڕیزمان تەواو دەکەن.**

**ئەم پێکهێنە ((نواندنی واتایی دەکەوێتە سەر ، واتە ئەرکی لێکدانەوەی واتای ڕستەکان لە ئەستۆ دەگرێت بە هۆی ئەو داکردنانەی (input)، کە یاساکانی ڕۆنانی لە ئاستی ژێرەوە بەرهەمیان هێناوە ، کەواتە سیمای واتایی هەریەک لە وشەکان و ڕیزبوونیان لە ڕستەدا بە پێی دەستووری زمانەکە کردەی واتایی دەگاتە ئەنجام .)) ( محسن علی حسێن،٢٠١٣: ١٧) هەر سێ پێکهێنەکە ( فۆنۆلۆجی و سینتاکسی و واتایی ) لە چوارچێوەی زماندا کۆدەبنەوەو دەنگ و واتا بەیەک دەگەیەنن . هەر بۆیە ((چۆمسکی ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕۆنانی سەرەوە لەتوانای دا نییە چارەسەری هەندێ لە کێشەکانی واتایی لە هەندێ ڕستەدا بکات . بۆ تێگەیشتنی ئەو جۆرە ڕستانە ناچارین پەنا بەرینە بەر ڕۆنانی قووڵ . بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک : زۆر لە خەڵکی کەمێک لە کتێبەکان دەخوێننەوە و ڕستەی : کەمێک لە کتێبەکان لەلایەن خەڵکانێکی زۆر خوێنراونەتەوە . لەم دوو ڕستەیەدا ناچارین پەنابەرینە بەر هەردوو ڕۆنانەکە کە ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانی قووڵە بۆ ئەوەی هەست بە جیاوازی نێوان ئەو دوو دەربڕینە بکەین .)) (کلۆد جێرمان- ریمۆ لۆبلان،٢٠٠٦: ٩٦)**

**هەروەها پێکهێنی واتایی،((ئەو پێکهێنەی ڕێزمانە کە ئەرکی واتایی ڕستەکە بەجێدەگەیەنێت و لێکدانەوەی سیمانتیکیانەی ڕستەکە دەکات بە پێی ئەو زانیارییە واتاییانەی کە کەرەسەکان خۆیان هەڵی دەگرن ئەو ڕیزبوون و ئەرکانەی لە ڕێزماندا پێیان دەدرێت.)) (دیار علی،٢٠٠٢: ٣١)، چۆمسکی لە پاش ڕۆنانکارەکان ((توانی متمانەیی بۆ لێکۆڵینەوەی واتا بگەڕێنێتەوە ، بە تایبەتی لە واتاسازی ڕستەدا ، ئەمەش بوو بە یەکێک لە سێ پێکهێنەرەکانی زمان (پێکهێنەری فۆنۆلۆژی ، پێکهێنەری سینتاکسی ، پێکهێنەری واتایی )هەروەها ئەوەشی دیاریکردووە ، کە پەیوەندی نێوان دەنگ و واتا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە ، بەڵکو ئەو دەنگانە دەبێت ، بە ئاستێکی تردا تێپەڕن ، کە ئاستی ڕێزمانە، واتە ئەو دەنگانە بە پێی دەستوور و یاسا لێکدەدرێن ،لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا بۆ پێکهێنانی**

وشەو مۆرفیمەکانی زمان ، هەروەها وشەکان لە ئاستی سینتاکسدا لێکدەدرێن بۆ پێکهێنانی گرێ و ڕستەکانی زمان ، کە هەر یەکێک لەو یەکانەش - وشەو گرێ و ڕستەکان - بە پێی ڕێساکانی ئەو زمانە واتا وەردەگرن.)) (تاڵیب حوسێن عەلی،٢٠١١: ١٨) لەلایەکی ترەوە هەردوو زانا،کاتز و فۆدەر،((پێشنیازی ئەوەدەکەن کە دەبێت ڕێزمان وەکو سیستەمێکی یاساکان بیری لێبکرێتەوە، کە ئەو یاسایانە پەیوەستن بە فۆڕمە دەرەکییەکانی ڕستەکانی زمانێک و فۆڕمی ئەو ڕستانە پەیوەست دەکەن بە واتاکانیانەوە و ئەو واتایانەش وەکو نواندنێکی سیمانتیکی جیهانی دەردەبڕدرێن، ڕێک وەکو ئەوەی کە چۆن دەنگەکان بەهۆی نواندنێکی فۆنۆلۆجی جیهانییەوە دەردەبڕدرێن.ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە سیمانتیک بکەن بە بەشێکی ڕوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنان،بۆئەوەی لە توێژینەوەکاندا تێگەیشتنێکی باش و ڕوونی بۆ بکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەم دوو زانایە وادادەنێن کە نواندنە سیمانتیکییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی هاوشێوەی پێکهاتەی سینتاکسی نین، بۆیە پێشنیاری ئەوەدەکەن کە دەبێت وەسفکردنێکی زمانی تەواو هەبێت و کۆمەڵە یاسایەکی نوێ لەخۆ بگرێت، وەکو یاساکانی پێکهێنەری سیمانتیکی،واتە پەیوەست کردنی سینتاکس و پێکهاتە فۆنۆلۆجییەکان بە واتاوە.))

https://en.wikipedia.org/wiki/Linguistic_competence

دوای ئەوەی چۆمسکی گرنگی واتای بۆ دەرکەوت و هەوڵی دا زیاتر بایەخی پێبدات لە لێکۆڵینەوەکانی دا،لە کتێبەکەی ١٩٦٥ یدا ((لە هەندێ لە بۆچوونەکانی خۆی پاشگەزدەبێتەوە و هەوڵدەدات لەم بەرهەمەیدا ڕاستیانبکاتەوە ، ئەویش بە دووبارە درووژاندنەوەی سەربەخۆیی کردە سینتاکسییەکان لە کردە واتاییەکان .)) (حاتەم ولیا،٢٠٠٩: ٥٧) سەبارەت بە پەیوەندی پێکهێنەکان و پەیوەندییان لە گەڵ ئاستی ژێرەوە و سەرەوە دا ، وا دەردەکەوێ کە هەردوو پێکهێنەری فۆنۆلۆژی و پێکهێنەری واتایی ، ((تەنیا ئەرکیان لێکدانەوە دەبێ و هەر یەکێکیان ئەو زانیارییەی کە پێکهێنەری سینتاکسی دەیان داتێ بەکاردێنن . ئەم کۆمەڵە زانیاریەش بریتییە لە سیما تایبەتییەکانی کەرەسەکان و چۆنیەتی پەیوەندی نێوانیان لە ڕستەیەکی دیاریکراودا ، بۆیە دەبێ پێکهێنەری سینتاکسی بۆ هەر ڕستەیەک لە دوو ئاستدا بێت . ئاستی ژێرەوە بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە و ئاستی سەرەوە بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی گۆکردنی ڕستەکە.یەکەمیان لە ڕێگەی پێکهێنەری واتایی دەنوێنرێت و دووەمیان لە ڕێگەی پێکهێنەری فۆنۆلۆژیەوە)) (ڤیان سلێمان حاجی،٢٠٠٩: ٢٢)

ئەم نموونەیەی چۆمسکی کە دواتر بە تیۆری ستاندارد ناسرا،بە شێوەیەکی باوەڕنەکراو بە سەر گۆڕەپانی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا زاڵ بوو.زۆر هەوڵ درا بۆ زیاتر پەرەپێدان و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی بەتایبەتی لە بارەی چۆنیەتی بەدەستهاتنەوەی واتای ڕستە بەوەی کە نابێ تەنیا بە ئاستی ژێرەوەی ڕستەوە بەند بێ،یان دۆزینەوەی جێگرەوەیەکی گونجاو بۆی.(سەرچاوەی پێشوو: ٢٢)، هەروەها چۆمسکی زۆر سوودی لە بنەمای تیۆری کاتز و فۆدەر بینی بۆ تیۆرەکەی خۆی ، ((گرینگیدانێکی زۆری چۆمسکی لەم قۆناغەدا (ستاندەرد) بۆ واتا لە ئەنجامی ئەو سوودانەوە بوو ، کە چۆمسکی خۆی لە لێکۆڵینەوە واتاییەکانی زانایانی ئەمریکی (کاتز و فۆدەر و پوستال) پێی هەڵسابوون . وەریگرتبوو ئەمەش چۆمسکی هاندا کە بەسەر ڕێزمانەکەی پێشوویدا بچێتەوەو ئاستێکی واتایی بۆ ڕێزمانەکەی زیاد بکات.)) ( حاتەم ولیا،٢٠٠٩: ٥٧) بەمەش پێکهاتەکانی ڕێزمان بووە سێ پێکهاتە و تیۆری ستاندەرد کە بۆ پڕکردنەوەی کەموکورییەکانی تیۆری پێش خۆی دروست بووە و ئەم تیۆرەی چۆمسکی ،هەموارکردنەوەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بوو دوای ئەوەی قوتابییەکانی ڕەخنەیان لێگرت ، کاتز و فۆدەر لە ساڵی 1963 دا بەناوی language لێکۆڵینەوەیەکیان بڵاوکردەوە دەربارەی ( the structure of semantic theory) پێکهاتەی تیۆرێکی سیمانتیکی کە بە تەواوکەری ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکی دادەنرێت (پێکهاتەی سینتاکسیsyntactic structure ) لە (1957) و کە چۆمسکی زۆر سوودی لە بیرۆکەکەیان وەرگرت . تیۆرەکەی (کاتز و فۆدەر) کایگەرییەکی تەواوی کردە سەر تیۆری پێوانەی ڕێزمانی گوێزانەوە ، کە چۆمسکی لە بەرهەمی دووەمیدا (چەند لایەنێکی تیۆری پێکهاتی سینتاکسی (Aspect of the theory of syntax 1965) خستییەڕوو و وای لێکرد بە تیۆرەکەی دابچێتەوە،دەتوانین تیۆری ستاندەرد لەم هێلکارییە دا بخەینە ڕوو :



جیاکردنەوەی قۆناغی (1957) و قۆناغی (1965) لەزیادکردنی پێکهێنی واتادا خۆی دەبینێتەوە ، کە چۆمسکی لە قۆناغی (1965) دا گرنگی پێدا .((سیمای سەرەکی ئەم قۆناغەش،کە لە قۆناغەکانی پێش خۆی جیابکاتەوە ئەوە بوو ، چۆمسکی نواندنێکی واتایی بۆ ڕستە زیادکرد ، ئەم نواندنە واتاییەش بە تەواوی لەسەر بنەمای ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە بوو . بە واتایەکی تر تیۆرەکە وایدادەنا کە گۆڕان لە ڕۆنانی ژێرەوەدا نابێتە هۆی گۆڕانی واتا و دەبێ واتای ڕۆنانی ژێرەوەو ڕۆنانی سەرەوە یەکسانبن .)) (حاتەم ولیا،٢٠٠٩: ٥٨)

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەم قوتابخانەیە بۆ پەیوەندی واتا بە سینتاکسەوە ، دوو ڕێبازی جیا سەریهەڵدا .((هەردوو ڕێبازەکە لەوەدا یەکدەگرنەوە ، کە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕستە لە مێشکی مرۆڤدا- لە ڕووی تیۆرییەوە- گونجانێکی وردی ئاڵۆز لە نێوان هەرسێ پێکهێنەری ڕێزمانیدا هەیە ، یەکێک لەو پێکهێنەرانە وەکو دینەمۆ کاردەکات و یەکەم هەنگاو هەڵدەنێ بۆ دەستپێکردنی پرۆسەکە . بەڵام جیاوازییان لەوەدایە کە کام پێکهێنەر هەنگاوی یەکەم دەنێ .

چۆمسکی وای دەبینێ کە سینتاکس هەنگاوی یەکەم جێبەجێدەکات ، پاشان واتا و دەنگ هەنگاوەکانی تر بەجێ دەهێنن .هەرچی ڕێبازی دووەمە بۆ ئەوە دەچێت ، کە گڵپەی یەکەم لە پێکهێنەری واتاییەوە دەردەچێت ، پاشان سینتاکس و دەنگ دەخرێنە ناو (هەویرەکەوە) ، کە پێکهێنەری واتایی بەرهەمی دەهێنێ و قۆناغەکانی دروست بوونی تەواودەکات ، بەم جۆرە دەبێتە ڕستەیەکی تەواو ئامادەکراو بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت .)) (تاڵیب حوسێن،٢٠١٤: ٣٣) واتە هەر ڕێبازێک بە بۆچوونێکی جیاواز دەڕوانێتە ڕستە بەرهەمهاتووەکان ،کە تێیدا ئاماژە بۆ گرنگی و بایەخی یەکێک لەو پێکهێنەرانە دەکەن و دەبێتە بنەما و دەسپێکی بەرهەمهێنانی ڕستەکانی زمان.

واتای سیمانتیکی ڕستە ((لە ڕێگەی پێکهاتەی سینتاکسی و واتای ئەو کەرەسانەوە دەسنیشان دەکرێت کە ڕستەکە پێکدەهێنن . هەرچی ڕۆڵی سیمانتیکە لەوەدا بەدەر دەکەوێت ، کە بایەخ بە پەیوەندی نێوان ئەو دەربڕینانە دەدات ، کە لە ڕووی پێکهاتەی سینتاکسی و واتای سیمانتیکەوە ڕاست و دروستن ، هەروەها لە سەر ئەو واتایە دەوەستێت کە ڕووبەرێکی فراوان لە هەواڵدان ، یان زانیاری وەرگرتن لە زماندا بەخۆیەوە دەگرێت ، کە قسەکەر بەمەبەستی گەیاندنی هەواڵ بە گوێگر ، یان پرسیارکردنە لە چەند هەواڵێکی دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری .)) ( تاڵیب حوسێن، ٢٠١١: ٣٧٧)

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێسای سەربەخۆی سینتاکسی بوو بە سەرچاوەی مشتومرێکی زۆرلە نێوان زمانەوانەکاندا بە تایبەتی ئەوانەی ، کە لەناو ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا کاریاندەکرد . لەدوای ساڵی 1970 کۆمەڵێکی تر لە زمانەوانەکان وەک (Mc Cawley & Lakeoff) لە چوارچێوەیەکی تردا

**شـاكارێكى نوێيـان گەشەپێسـەند لەنـاو لێكـۆڵینەوە زمانییەكانـدا ، كە بە سـیمانتیكى بەرهەمهێنـان (generative semantics) ناسرا ، لایەنگرانى سیمانتیكى بەرهەمهێنـان بڕوایـان وابـوو ، كە پێكهاتەى بەرهەمهێنان لە تیۆرى زمانیدا پێویستە سیمانتیك بێت نەک سینتاکس ، چونكە ڕێزمـان لە پەسنكردنى واتـاى ڕستەوە دەستپێدەكات ، دواتر دروستەى سینتاکس بەرهەمدەهێنێت .)) (تـارا موحسین قادر،٢٠١١: ١١)**

**بیرۆكەى قوتـابخانەى سیمانتیكى بەرهەمهێنان لەناو تیـۆرى زانستى زمـانى بەرهەمهێنانـدا لەسـەرەتـاى حەفتاكـانى سـەدەى پێشـوودا لاى زمـانەوانە ئەمریكییەكـان سـەرهەڵدا .(( گروپـى (سـیمانتیكى بەرهەمهێنان) لەو باوەڕەدابوون كە گۆڕینى واتـا بە هۆى یاساكانى گوێزانەوە هێنـدە پەیوەست نییە بە خودى ئەو یاسایانەوە ، هێندەى كە پەیوەستە بە تێگەیشتنى چۆمسكى لە چەمكى ڕۆنـانى ژێـرەوە .))( حـاتەم ولیـا،٢٠٠٩: ٦١) چەمكـى دیـاریكردن لەئـاوەزى هەر ئاخێوەرێكـدا هەمـان بیـرە ، بەڵام لە دەربڕینەكەیدا جیاوازە ، لە زمانى كوردیدا : وەک (كـوڕەكە)،لەزمـانى عەرەبیدا بە(الولـد) و لەزمـانى ئینگلیزیدا بە (the boy) دەردەبڕێت . كەواتە ئەوەى دەگۆڕێت ، ناوەڕۆكى دروستەى قووڵ و ڕووكەشە . بۆیە دروستە سینتاكسییەكان بە دیاریكەرو جیاكەرەوەى زمانەكانى جیهان دانـراون .)) (شیلان عـومەر حسەین،٢٠١١: ١٠) كەواتە چۆمسكى زۆر بەڕوونى ئەوەى بـۆ دەركەوتـووە ، كە نـاتوانرێ هیچ ڕستەیەک بە تەواوى لێكدانەوەى بـۆ بكرێت ، تەنهـا لەلایەنـى سینتاكسییەوە تـاوەكو پشت بە واتـا نەبەستێ . بۆیە بێ گەڕانەوە بۆ پێكهێنى واتـایى لە ڕێزمانـدا ، ڕێزمان كەم وكوڕى دەبێ و نـاتوانین بە تەواوى لە ڕستە بەرهەمهاتووەكانى زمان و مەبەستى قسەكەر بە ڕوونى تێبگەین ، تـاوەكو نەگەڕێینـەوە بـۆ لایەنە واتـاییەكەشى ، سەرەڕاى لێكدانەوەى لە لایەنى سینتاكسیدا .**

## ١-٧- بنەماكانى ڕێزمانى بەرهەمهێنان :

**تایبەتمەندى ڕێزمانى ب.گ خۆى لەوەدا دەبینێتەوە كە گرنگى بەو توانـا خۆڕسكە بۆمـاوەییە دەدات كە لەلاى منـداڵ / مرۆڤـدا هەیە ، ئەم توانـا خۆڕسكەش وەک بنەمـایەک بەكاردێت بـۆ ئەوەى مـرۆڤ فێـرى زمان بێت لە ژینگەیەكى زمانیدا . هەروەها دیاریكردن و باسكردنى دوو لایەنى زۆر گرنگ لە زمانـدا ، ئەوانیش توانست و چالاكین ، واتە ((دانـانى توانست وەک مەیدانى كارى لێكۆڵینەوە زمانى یەكان ، كە بەم هۆیەوە تیۆرەكە توانى بیرۆكەى تەنها پەسن كردن ببەزێنێت بۆ پەسنكردن و شیكردنەوە .)) (دیار علی،٢٠٠٢: ١٧) ، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم ڕێزمـانە لایەنـى ((چـالاكى تێـدەپەڕێنێت و كـار لەسـەر توانست دەكات بەو بڕوایەى كە ماهیەتى زمانە ، ئەم خاڵەش یەكێكە لە بنەما بەهێزەكانى ڕێبازەكە و هۆكارى**

سەرەکی هەنگاونان بوو بەرەو ڕێزمانی سەراپا (universal grammar) کە لە کۆکردنەوەو دەست نیشانکردنی یاسا ڕێزمانییە گشتیەکانی زمانی مرۆڤایەتیدا خۆی دەنوێنێت .)) (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠)

سەبارەت بە بیرۆکەی سەرەکی کە پرۆگرامی بەرهەمهێن ئاراستەی دەکات،(( بەرهەمهێنانە لەبواری زماندا ، کە بە پێی ئەم پرۆگرامە قسەکەر دەتوانێ کۆمەڵێکی بێ کۆتایی لە ڕستە دروست بکات و پێشتریش گوێی لێیان نەبووە . ئەمەش ئەو سیفەتەیە کە مرۆڤ لە ئامێر و ئاژەڵان جیادەکاتەوە ، بۆیە ئەگەر منداڵان توانییان کۆمەڵێ ڕستە بەکاربێنن کە لە لای گەورەکان پەسەند بن ، ئەمە مانای ئەوەیە کە مەسەلەکە تەنها لاسایی کردنەوەی ئەو ڕستانە نییە کە لە گەورەکانیان گوێ لێ بووە ، بەڵکو شتێک لە ئارادایە ئەویش ئەوەیە کە منداڵان بە توانایەکی زمانییەوە لەدایک دەبن ، کە وایان لێ دەکات بتوانن قسە بکەن ، بۆیە پێویستە لەو توانایە بکۆڵینەوە ، کە وا لە قسەکەر دەکات کۆمەڵێ ڕستەی نوێ دروست بکات و لێیان تێ بگات ، ئەوەش لە جیاتی گرنگی دان بە کۆکردنەوەی ئەو کەرەسە زمانییانەی کە قسەکەران قسەی پێ دەکەن ، چونکە لە ڕووی کۆکردنەوەی کەرەسەی زمانییەوە ناتوانین سەرتاپای ئەو کەرەسانە ڕووماڵ بکەین کە پێویستمان پێی هەیە ، بەڵکو ناتوانین ژمارەیەکی کەمیشی لێ ڕووماڵ بکەین .)) ( محمد محمد یونس،٢٠٠٤: ٨٣)

ئەم تیۆرە کار لەسەر لایەنی هۆشەکی دەکات و توانیویەتی توانست و چالاکی لە یەکتر جیابکاتەوە ، توانستی وەک لایەنێکی هۆشەکی بە کرۆکی لێکۆڵینەوەکان داناوە و ((هەستکردن بە دیوی چالاکی و جیاوازی لەگەڵ توانست دا پرەنسیپێکی هۆشەکی دۆزیویەتەوە کە توانیویەتی بڵێت لە پشت هەموو ڕەوشتێکی ڕاستەقینەی زمانییەوە ، توانستێکی شاراوەو زانینێکی ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە ڕێزمان هەیە .)) (دیار علی،٢٠٠٢: ٢٠) ڕێزمانی ب.گ دەیەوێت لە بەرهەمهێنانەوە دەست پێ بکات وەک پایەیەکی بنەڕەتی ، بەوەش میکانیزمی بەرهەمهێنان بدۆزێتەوە .((ئەم بیرۆکەیەش لەوەوە هەست پێ دەکرێت کە دەکرێ لە ڕێگەی کۆمەڵە کەرەسەیەکی بەکۆتا (فۆنیمەکان ، وشەکان.....) کۆمەڵە کەرەسەیەکی بێ کۆتا بەرهەم بهێنرێت .)) (سەرچاوەی پێشوو:٢١) هەروەک چۆن دەتوانرێ بەهۆی بیری ماتماتیکییەوە لە ڕێگەی ژمارەکانی (٠ ،١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩) کە ژمارەیان سنووردارن و کۆمەڵە کەرەسەیەکی بە کۆتان ، کۆمەڵە ژمارەیەکی بێ کۆتا دروستبکرێت و بەرهەمبێت،((زمانیش وەک ماتماتیک لە جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی لەیەکتری پەیڕەوی یاساکان دەکات .)) (مهاباد کامیل،٢٠١٠: ٦)جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی ، یەکێکە لە بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان ، بەهۆی ئەوەی کە ئەم ڕێزمانە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەموو قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانەکە لە توانای دا هەیە ژمارەیەکی بێ کۆتای ڕستەی ڕێزمانی و دروست بەرهەم بهێنێت .

((زمـان بـێ کۆتـاییە و قسـەکەرانی زمـان هـیچ سنووڕێکیان بـۆ زانیارییەکانیـان نیـیە کە لە ڕێگەی سیستەمێکی بەکۆتای یاساکانی ڕێزمانییەوە دیاری دەکرێت و تایبەتمەندییەکانی ئەو ژمارە بێ کۆتـاییە لە ڕستەدا دەستنیشان دەکات.)) (عبدالقادر الفاسی الفهری،١٩٨٢: ٤٥) ،ڕستەی بەرهەمهاتوو لە هەمان ئاستی ڕۆنانی خۆیدا نامێنێتەوە ، بەڵکو بۆ ئاستێکی ڕۆنانی سەرووتر دەگوازرێتەوە کە تیایدا درکاندن و هەبوونێکی هەستپێکراوی دەبێت بەهۆی کرداری گوێزانەوە . هێنانەکایەی گوێزانەوە وەک بنەمایەک لە تیۆری ب.گ دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ڕستەکان و پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆنانی سەرەوە و ژێـرەوە بـوو ، لەهەمووشـی گرنگتـر بـۆ چارەسـەرکردنی ئەو گرفتـانەی کە ڕێزمـانی ڕۆنـانی فرەیـز نەیدەتوانی چارەسەری بکات ، بێ ئەم بنەمایەش تیۆرە ڕێزمانیەکە سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا لە پەسنکردن و شیکردنەوەی ڕێزمانیدا بەو ئاستە چالاکەی ئێستای ، لە بنەڕەتیشدا بیرۆکەی گوێزانەوە کە خۆی لە یاساکانی گوێزانەوەدا دەبینێتەوە ، لەسەر ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە کاردەکات و دەیگۆڕێت بە فۆڕمێکی دەرەکی کە لە ڕێگەی فۆنیمەکـانەوە گوزارشتی لێ دەکرێت . گـوێزانەوە بریتـی یە لەو کـردە ڕێزمانیـانە کە ڕۆنـانی سـەرەوەو ژێـرەوە بەیەکەوە پەیوەنـد دەکەن .( دیـار علـی،٢٠٠٢: ٢٥) دەستنیشانکردنی هەردوو ئاستی ژێرەوە و سەرەوە بە مەبەستی گەیاندنی بیرێک ، لە ئاستی ژێرەوەدا لە کەرەستە فەرهەنگییەکان یەکەی زمانی پێویست پێکدەهێنرێت ، دواتـر یەکە زمانییەکەش دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی سەرەوە.

تیـۆری ب.گ ((تیـۆرێکی هۆشـەکییە ، بەو پێـیەی ئەقڵـی مـرۆڤ چەنـد زانیـارییەکی خۆڕسکی تێـدا هەڵگیـراوە ، کە قۆنـاغ بە قۆنـاغ گەشـە دەکـات،ئەو یاسـایانە ڕێپیشـاندەرن بـۆ جیـاکردنەوەی ڕسـتەی دروسـت لە نادروسـت)) (مهابـاد کامیـل،٢٠١٠: ٦) ئامـانجی ئەم تیـۆرە هێنانەکـایەی ڕێزمـانێکی سەراپاییە.گەیشتن بە یاسا گشتییەکانی زمانەکان هەروەها زانینی نهێنـی فێربـوونی زمـان لای منداڵ ، یەکێکی تر بوو لەمەبەست و ئامانجەکانی ئەم تیۆرە .

## ١-٨- سوودو بایەخی ڕێزمانی بەرهەمهێنان :

ڕێزمـانی ب.گ ((هەوڵـدانێکە بـۆ بەدیارخسـتنی مۆدێلێکی ماتمـاتیکی لە زمانـدا بـۆ ئەوەی یاسـاکانی بتوانێت ڕستەکانی زمان – تەنها هەموو ڕستە دروستەکان – بەرهەم بهێنێت و ڕێگەش لە بەرهەمهێنـانی ڕستە نادروستەکان بگرێت .)) (دیار علی،٢٠٠٢: ٢٢) چۆمسکی لەم تیۆرەدا ئەو زانینە شاراوەیەی بـاس کردووە ، کەقسەکەر دەربارەی زمانەکەی دەیزانێ و ناوی ناوە (توانست) ، هەرچەندە پێشتریش سۆسێر باسـی کـردووە بەنـاوی(زمـان langue) ، بەڵام بەم شێوەیەی چۆمسکی باسی نەکـردووە . هەروەهـا زاراوەی چـالاکی کە بەرامـبەر (parole)ی سۆسـێر دەوەسـتێتەوە .واتە ،((چۆمسـکی و زماننـاسـە بەرهەمهێنەکـانی تـر جیـاوازی چەمکەکەیـان لەبـارەی توانسـتەوە پیشـان دەدەن ، چەمکـی دی سۆسێر

سەبارەت بە زمان بە چەمکێکی وەستاو دادەنرێت ، کە بە گەنجینەی زمانەوانی وەسفی دادەنرێت ، دەکرێ ئەم لایەنە داهێنەرانە بێ سنوورە بۆ زانینی توانای قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە بێت. ئەمەش داهێنانی زمانی بەرهەمهێنە کە لە ئامانجە پۆلینکارییە سنووردارییەکەی بلۆمفیلدییەکان جیادەکاتەوە، کە ئامانجێکە نەوەی بلۆمفیلدییەکان نکۆڵی لێ ناکەن .)) (محمد محمد یونس،٢٠٠٤: ٤٩) دیسانەوە چۆمسکی وای دەبینێ کە توانست ، توانای دەست بەسەر زماندا شکانە (وەک سیستەم نەک ڕەفتار) کە خەزن کراوە لە هزری قسەکەری ڕەسەنی زمانەکەدا (یان ئەوانەی کە زمانەکە دەزانن).ئەوەش ئەنجامی کارلێکی نێوان:

1 - ڕێزمانی گشتی (universal grammar) کە لە هزری هەموو مرۆڤێکدا هەیە(ئەوەی بە زمانی خۆیی) ناسراوەو تایبەتە بە مرۆڤ ، و لە ڕێی بۆهێڵەکانی بۆماوەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەمێنێتەوە .

2 - ژمارەیەکی تەواو لە گوتە نموونەییەکان کە دەکرێ بە یاریدەی توانای زگماکی منداڵ بۆ زانینی بنەما و پێوەرەکانی ڕێزمانی گشتی شی بکرێتەوە .)) ( سەرچاوەی پێشوو: ٥٦)

یاسای گوێزانەوەش (( ڕێگە دەدات بە گواستنەوەی زیاتر لە هێمایەک بۆ چەند هێمایەکی یەک لەدوای یەک ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەرجەکانی گواستنەوە ، ئەمەش وا لە یاسای گوێزانەوە دەکات بەهێزتربێت لە یاسای بونیادگەریدا پێچەوانەکەشی دروست نییە ، جیاوازییەکی سەرەکی تریش هەیە کە یاسای گوێزانەوە تەنها ئاڵوگۆڕی یەک لە دوای یەکی هێماکان ناکات ، بەڵکو هەموو ناوەڕۆکەکەی (پێکهاتە) کانی تریشی دەگۆڕێت ، کە لە کاتی گوێزانەوەی گووتەیەکی زمانی لق و بنچینەش دەگوێزێتەوە کە تەنها پەیوەستن بەوەوە.

هێما بەکارهاتووەکان لە یاسای بونیادگەری بابەتێکن لە خودی خۆیاندا ، بەڵام لە یاسای گوێزانەوە هێما بەکارهاتووەکان بابەتێکن بۆ ئەو بەشانەی کە لە سەریان دەوەستێت.)) (عادل فاخوری،١٩٨٨: ٢٥)

دیسانەوە چۆمسکی لە قۆناغی (١٩٦٥)دا بە ئاشکرا باسی لە چەمکە ئەرکییەکانی ڕستەی کردووە(بکەر-بەرکار....) و لە پۆلەڕێزمانییەکانی جیاکردۆتەوە ،((چەمکی بکەر جیاوازە لە چەمکی فرێزی ناوی(NP) چونکە چەمکی بکەر ئەرکێکی ڕێزمانی(grammatical function)هەیە نەک چەمکی پۆلی ڕێزمانی(grammatical category) بۆیە پێویستە بە ڕوون و ئاشکرایی جیاوازی لە نێوان چەمکە ئەرکییەکانی وەکو بکەر و گوزارە (predicate) و چەمکە پۆلییەکانی وەکو فرێزی ناوی و فرێزی کاری بکەین .)) (چۆمسکی،١٩٨٥: ٩٤) ئەم جیاوازییەش لە سەر بنەمای دیاریکردنی شوێنی

**کەرەسەکان لە ڕستەدا ڕوون دەبێتەوە ، واتە کەتیگۆری ڕێزمانی ((ئەرکە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە ، وەک(بکەر،بەرکار،...تد)کە پێشتر و لە ڕێزمانی دێریندا بۆ دەستنیشانکردنیان پشت بە واتا دەبەسترا . بەڵام لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا و لە شێوەی درەختی هێلکاریدا و بەپێی شوێنی کەرەستەکانی ئەرکە ڕێزمانییەکان دەستنیشاندەکرێت . چونکە وشە نرخی ڕێزمانی خۆی لەو شوێنە وەردەگرێت ، کە تێیدا بەکاردەهێنرێت .)) (دارا حمید،٢٠١٢: ٢٣)**

**لەبەرئەوە دەبینین سوودی هێڵکاری درەختی لە ڕێزمانی (ب.گ) دا ، لەوەوە بەدەردەکەوێت کە شوێنی کەرەستەکانی ناو ڕستە جیادەکاتەوە و دیاری دەکات ئەویش (( بە هۆی نواندنی پەیوەندی تایبەتی نێوان کەرەسەکانەوە لە هێلکاری درەختێدا ئەرکی ڕێزمانی کەرەسەکانی ڕستە دەستنیشاندەکات (بکەر-بەرکار...هتد)ئەمە لە کاتێکدا کە پێشتر واتا ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لەم دیاریکردنەدا بۆیە ئەم لایەنە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورە بوو لە تیۆری ڕێزمانیدا .)) (دیار علی،٢٠٠٢: ٣٤) هەروەها یاسا سینتاکسییەکان ((شێوەی ڕێکخستنی فرێزەکان لە ڕستەدا دیاری دەکەن و چۆنێتی پۆلینکردنی فرێزەکانیش دەستنیشان دەکەن ، بۆیە لەشیکردنەوەی پێکهاتەکانی ڕستەدا کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی فرێزی (ناوی ،جێناوی ، ئاوەڵناوی ، کرداری ،....تاد)دیاریدەکرێت ، کە شوێنێکی ناوەند لە هەرەمی پێکهێنەکان دەگرن ، پاشان کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو ، کردار ،...تاد) دیاریدەکرێت.)) (ئومێد بەرزان برزۆ،٢٠١٢: ٦٧)،کە شوێنیان لە شوێنی فرێز نزمترە ، واتە ڕستە لە فرێز پێکدێت و فرێزیش لە وشە و مۆرفیم .**

**هەروەها ئەم ڕێزمانە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ڕێزمانی بەندێتی دا هەیە ،((ڕێزمانی بەندێتی هەر ئەو ئامانجانەی ڕێزمانی گواستنەوەو بەرهەمهێنانی هەیە ، توانستی وەسفکردن و توانستی لێکدانەوە . کە یەکەمیان پەیوەندی بە تاکە زمانێک و دووەمیان بە بیردۆزی زمانەوە هەیە ، توانستی وەسفکردن لەو ڕێزمانەدا دەبێ کە دەتوانێ ڕەنگدانەوەیەکی سەلیقەی قسەکەر بێت ، واتە ئەو زانیارییە زمانیانە بدرکێنێ کە لە مێشکی قسەکەردا هەن و هەڵگیراون وەک زانیاری دەربارەی گۆکردنی وشە و هێز و پەیوەندی ڕستەکان لەگەڵ یەکتریدا و پەیوەندییە ڕێزمانیەکان و تەم و مژی واتایی وڕێزمانی و هاوواتایی و ..هتد ئەو ڕێزمانەی توانستی لێکدانەوەی هەیە ئەوا دەتوانێ شوێنی زمانی قسەکەر لە چوارچێوەی ڕێزمانێکی سەراپادا بکاتەوە . هەروەک لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا تێبینی دەکرێ ئەم دوو ئامانجە زۆرجار بەرەنگاری یەکتر دەوەستن ، چونکە گەیشتن بە توانستی لێکدانەوە وا پێویست دەکات کە ژمارەی ئەو ڕێزمانانەی ڕێگە دەدرێن کەم بکرێتەوە ، بەڵام بۆ گەیشتن بە ڕێزمانێکی وا کە کە توانستی وەسفکردنی هەبێ ، دەبێ میکانیزمەکە فراوانتر بکرێ و ئەمەش بەوە دەکرێ کە**

ژمارەی ئەو ڕێزمانانەی ڕێگە دەدرێن تەواو زیاد بکرێت تا ئەوەیان هەڵبژێرێ کە لە ڕێزمانی سەراپادا دەگونجێت .)) (ساجیدە عەبدوللا،٢٠١٠: ٣٣: ٣٤)

چۆمسکی دەیویست زمانەکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە و لە چوارچێوەی ڕێزمانێکی گشتیدا کۆیان بکاتەوەو تایبەتمەندی زمانەکانیش کەم بکاتەوە،واتە((هەوڵی دا بگاتە ئەو دەستووره زمانییە گشتییانەی ، کە هەموو ئەو زمانانە کۆنترۆڵ دەکەن،کە بە ڕاستی توانی بگات بە هەندێکی و هەموو زاناکانی زمان دانیان پەوەدانا ، هەروەها هەندێ لە هاوەڵەکانی دەستیان کرد بە تەواوکردنی ئەوەی ئەو لەبارەیەوە کردی .)) ( نایف خرما،٢٠١٣: ١٥٤) چۆمسکی هەوڵی دا تیۆرێکی ڕێزمانی جیهانی و گشتگیر بۆ هەموو زمانەکان بێنێتە کایەوە ، کە لەسەر بنەمای ڕستەسازی بونیادنرابێت . ئەو ڕێزمانەش بەناوی(Universal Grammar) ەوە بێنێتە کایەوە.

# بەشی دووەم


## نواندنی ڕۆنانی ڕستە:

### ٢-١- ڕۆنانی ڕستە :

دوو جۆرە ڕۆنان هەیە بۆ نواندنی ڕۆنانی ڕستە کە ئەمانەی خوارەوەن :

١-ڕۆنانی ناهەرەمی : لەم ڕۆنانەدا لەڕستەوە بۆ وشە دەڕۆین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، چونکە لەم ڕۆنانەدا هەموو وشەکان یەک گرنگییان دەدرێت و هەروەها لەیەک ئاست دان . وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:


٢٧- منداڵەکە دیوارەکەی پیس کرد.




ئەم جۆرە نواندنەش زیاتر لە ڕێزمانی چاولێکەریدا پەیڕەودەکرا.

٢-ڕۆنانی هەرەمی : ((لەم جۆرە ڕۆنانەدا ڕاستەوخۆ ناڕۆین بۆ وشە بەڵکو بۆ پێکهاتی تر دەڕۆین ، ئینجا بۆ وشە ، چونکە وشەکان یەک گرنگیان نییە .)) (عبدالواحد مشیر،٢٠١٤: ١٨٠) بڕوانە نموونەی ژمارە(٢٨)

٢٨- شیرین کچێکی جوانە.




لەم جۆرە ڕۆنانەدا بە پێی گەورەیی پێکهاتەکە لە ڕستەوە بۆ فرێز و دواتر بۆ وشە دەنوێنرێن ، وەک لە ڕستەی (٢٨) دا دیارە سەرەتا ڕستەکە (شیرین کچێکی جوانە) دواتر بۆ فرێز ، کە هەردوو فرێزی (شیرین) و (کچێکی جوانە) دەگرێتەوە ، دواتریش بۆ وشەکانی (شیرین) و (کچێکی) و (جوانە) دەنوێنرێن .

به شێوەیەکی گشتی هێڵکاری نواندنی ڕۆنانە ڕستەییەکان بەم ڕێگایانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت :

### ٢-١-١- ڕێگای کەوانەکردن و ناونانی کەوانەکان

ئەم جۆرە نواندنە ڕێگەیەکی نواندنی پێکهاتەی ڕستەیە ، (( کە بە جووتە کەوانە دەردەبڕێت کەوانەی لۆجیکیشی پێ دەڵێن ، کەوانەکان کە لە دەوری کەرەسەکان دادەنرێن هەڵگری ناوی کەتیگۆرییەکەیە)) (سەباح رشید،٢٠٠٩: ٢١)، لەم جۆرە ڕێگایەدا ((پێکهێنەکانی ڕستە لە نێوان دوو کەوانە دادەنێین دواتر پێکهێنی وردتر وەک وشە لەنێوان دوو کەوانە دادەنێین .)) (عبدالواحد مشیر،٢٠١٤: ١٨٢) بەم شێوەیەی خوارەوە :

29- هەولێر پایتەختی کوردستانە.

لە قۆناغی یەکەم دا پێکهێنی ناوەندی دەستنیشان دەکرێت:

[[هەولێر][پایتەختی کوردستانە]]


لە قۆناغی دووەمیشدا دوا پێکهێن دەستنیشان دەکرێت:

[[[هەولێر]][[پایتەختی]][کوردستانە]]]


### ٢-١-٢- ڕێگای درەخت ئاسا :

لەم ڕێگایەشدا ڕستە شێوەی ڕەگی درەخت وەردەگرێت و پێکهێنە ناوەندییەکان و دوا پێکهێن لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابەش دەبن ، وەک :

30- ژێر ئاگرەکەی کوژاندەوە.




13- کچەکە ئاوەکەی خواردەوە.




بەم شێوەیە،کاتێ ئێمە لە ڕستە وردەبینەوە ، دەبینین وشە پێکهاتەیەکی ڕاستەوخۆی ڕستە نییە ، بەڵکو وشە دوا پێکهێنی ڕستەیە،چونکە وشەکان بۆ ڕۆنانی گەورەتر لەخۆیان ڕێک دەخرێن کە پێیان دەوترێت گرێ ، واتە گرێ پێکهێنێکی ناوەندییە و دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە ، لەرووی ڕۆنانەوەش لە وشە گەورەترە و لەڕستەش بچووکترە ، چونکە لە ڕۆنانی هەرەمیدا ، شوێنی بەرزترە لە وشە و نزمترە لە ڕستە . ڕۆنانی ڕستەی زمانی کوردی بەشێوەیەکی هەرەمی لە چەند پێکهێنێک دروستبووە و هەر یەکێک لە پێکهێنەکانیش کە پۆل (کەتیگۆری) هەیە . هەرچەندە کە وشەکان پێکهێنە ڕاستەوخۆکانی ڕستەکان نین ، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ وەک دواپێکهێن لە ڕۆنانی ڕستەدا دەبینن .(ساجیدە عەبدوڵلا،٢٠١٣: ٤)، چۆمسکی لە بارەی ڕستەوە دەڵێت :(ڕستە گەورەترین دانەی زمانە)، سادەترین ڕستەش لەدوو فرێز پێکدێت :

ڕستە        فرێزی ناوی + فرێزی کاری

ئازاد هات. Ø




واتە هەموو کاتێک ڕستە شوێنی لە لوتکەی هەرەمەکەدا دەبێت و پێکهاتەکانی تریش شوێنی خوارەوەی ئەم نۆدە دەگرن بەم شێوەیە(( دروستەی ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە ، بۆیە لە شیکردنەوەی تەپۆلکەیی پێکهێنەکانی زماندا ، ڕستە پێکهێنی ڕاستەوخۆی تەپۆلکەکە دەگرێت و شیدەکرێتەوە بۆ پێکهێنی ناوەندی ، کە دروستەی فرێزە ، تا دەگاتە دواپێکهێن ، کە دروستەی وشەیە ، هەریەکە لە دروستەکانی ڕستە و فرێز و وشە پێکهێنی تایبەتی خۆیان هەیە و بە پێی یاسای دروستەکانیان ڕیزدەکرێن ، بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر دروستە هەن)) (ئومێد بەرزان برزۆ،٢٠١٢: ٦٦) بەم شێوەیەی لای خوارەوە:


دروستەی ڕستە ← پێکهێنی ڕاستەوخۆ(بەرز)

دروستەی فرێز ← پێکهێنی ناوەند

دروستەی وشە ← پێکهێنی نزم (دواپێکهێن)

لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا دەتوانین پێکهاتەی بنچینەیی بە ڕێگای درەخت ئاسا بنوێنین . بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

2 3- یاریزانەکە تۆپەکەی هەڵدا.



### ٢-١-٣- ڕێگای دارِشتنەوەی یاساکان

ئەم ڕێگایەش ((لەسەر یاسای جەبری بیرکاری ڕۆیشتووە ئەو تیرئاساییەی دەکەوێتە لای ڕاستی (S) وەوە وەکو دارِشتنەوەی ئەو هێمایە دەبێ کە دەکەوێتە لای چەپی تیرئاساکەوە.)) (سەباح رشید،٢٠٠٩: ٢٢)بەم شێوەیەی خوارەوە:

S → NP VP

VP → V NP

NP → DN

### ٢-٣- شیکردنەوەی هەرەمی (درەختی) ڕستە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا :

ئەم جۆرە شیکردنەوەی ڕستە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ،بەهۆی یاساکانی فرێز پێکهێنانەوە دروستکراون،هەروەها شیکردنەوەی درەختی بەهۆی ئەو گوێزانەوانەوە بەرهەم هاتوون کە کار لەسەر ئەوە دەکەن ڕستە لەڕۆنانی سەرەوە بۆ ڕۆنانی ژێرەوە بگوازنەوە .((پێکهاتەکانی ژێرەوە و سەرەوە ئاستێکن دەدرێنە پاڵ بنیاتنانە فەرمییەکانی تیۆرەکە و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ فەلسەفەی قووڵ یان پێشینەی سایکۆلۆژی نییە.)) (smith,1999:61)سوودی ئەم جۆرەی شیکردنەوەی ڕستە ئەوەیە کە ((بە هۆی یاساکانی گرێ پێکهێنان و هێڵکاری دارئاساوە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دەستنیشان دەکرێن. پاشان وشەی فەرهەنگی گونجاو بە پێی یاساکانی دانانی وشە لەگرێ کۆتاییەکانی هێڵکارییەکە دادەنرێت .)) (ڤیان سلێمان،٢٠٠٩: ١٨) بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا یاساکانی فریزپێکهێنان ئەمانەن :

1- ڕ ⟵ ف ن + ف ک

2- ف ن ⟵ ن ((دیاریکەر)

3- ن ⟵ (ژن ، پیاو ،کچ،...تاد)

4- دیاریکەر ⟵ (ەکە، ێک ، ان،...تاد)

5- ف ک ⟵ ک

ک + ف ن


تە + ک

6 - ک ⟵ (هات ، دانیشت ، پێکەنی،...تاد)

7 - تە ⟵ پێشناو + ن


بەم پێیە دەتوانین ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە بنوێنین :

33 - ئەو پیاوە پارەکەی بە بارام دا.





دوای ئەوەی ڕستەکە بۆ هەردوو فرێزی نـاوی و کـاری دابەش کـرا و نۆدەکـان دیـاریکران ، وشەکان لە فەرهەنـگەوە هەڵـدەبژێردرێن و لە کۆتـایی نۆدەکـان (کۆتـایی فرێزەکـان) دادەنـرێن . هەروهـا ڕسـتەی ((٣٤)) بەم شێوەیە هێڵکاری بۆ دەکرێت :

34 - شیلان گوڵەکەی چاند.



کەواتە پێکهێنەکانی ڕستەیەک لەم ڕێزمانەدا بە چەند شێوەیەک دەتوانرێت بنوێنرێت ، کە((لە سیستەمی سینتاکسی بەرهەمهێناندا ، پێکهێنەکانی ڕستەیەک ، بەپێی یەکێک لەم شێوانە دەنوێنرێت : بەهۆی هێڵکارییەکی درەختی یان بەهۆی یاساکانی ڕۆنانی فرێز ، یاساکانی نووسینەوە ، یانیش بە هۆی کەوانەی دانراو / ناولێنراو (نیشانەکراو) .)) (حاتەم ولیا،٢٠٠٩: ٧٢) ئەم جۆرە نواندنانە لە ئاستی ڕستەدا ، ڕەنگدانەوەی لە سەر ئاستی وشەسازیش جێهێشتووە ،واتە ((بیرۆکەی بونیادی پێکهێنەر هەروەک لە ئاستی وشەسازیدا جێبەجێ دەبێ ، هەروەها لە ئاستی ڕستەسازیشدا جێبەجێ دەبێ ، واتە لەئاستی پەیوەندی نێوان وشەکان . لە پێکهاتەیەکی ئینگلیزی وەکو (on the wooden table) بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو :

[on[the[wooden table]]]




هەروەها هەنگاوی دواتر بریتییە لە گۆڕینی کەوانەکردنەکەی پێشوو و درەختییەکە بۆ هێمای کورتکراوە بە پۆلکردن ، یان نیشانەکردن (lable) . بۆ نموونە هێمای (ف ن) بۆ فرێزی ناوی و (ف ک) بۆ فرێزی کاری ، هەروەها هێمای (ئا) بۆ ئامراز ،.....)) (محمد محمد یونس،٢٠٠٤: ١٢١) بەم شێوەیەی باسکرا ڕستە لەسەر بنەمای یاساکانی فرێزپێکهێنان بە شێوەی درەختی شیدەکرێتەوە.

### ٢-٤- سەرە :

چۆمسکی لە جیاکردنەوەی کەرەسە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ڕستەدا لە ڕێگەی بنەماکانی لەبری دانانەوە توانی لە یاساکانی فرێزپێکهێناندا ئەو یەکە ڕێزمانییە دیاری بکات کە دەبێتە ناوکی فرێزەکە و بە (سەرە-Head) ئاماژەی بۆ دەکرێت،واتە ((هەموو فرەیزێک – سادە بێت یان فراوان بێت – سەرەیەکی ڕێزمانی هەیە ، کە دەبێتە دیارخراوی فرەیزەکەو دەکرێت دیارخەری لەگەڵ بێت یان نەبێت . بە دەرکەوتنی دیارخەر لەگەڵ دیارخراودا فرەیز سنوری سادەیی تێدەپەڕێنێت و هەبوونی (سەرە) لە فرەیزدا پێویستییەو لە فرەیزی ناویدا مەرجە تەنها یەک سەرە هەبێت جگە لە بریتی لەگەڵ کۆتاییەکی

کراوه – لەڕوی تیۆرییەوە – بۆ دیارخەرەکان ، لە هەندێک باریشدا سەرە لەڕۆنانی سەرەوەی فرەیزدا دەرناکەوێت ، ئەمەش نیشانەی نەبوونی نییە ، چونکە لەڕێگەی واتاو سەلیقەی زمانییەوە هەست بە هەبوونی دەکرێت و پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان پێکهێنەکانی فرەیز ، هەبوونی سەرە لەڕۆنانی ژێرەوەدا ئاشکرادەکەن .)) (دیار علی،طالب حسین،٢٠٠٤،٢١: ٢٤٤)

واتە لە ناو دروستەی فرێزی ناویدا (( ناوێک سەرێکە و ئەوانەی لە دەوروبەریدا دەردەکەون ، دەرخەرن بۆ ئەو ناوە ، دەرخەریش بە پێی ڕێسای سەرکۆتایی دەکەوێتە دواوە و ناوەکە لە سەرەتادایە . )) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف،١٩،٢٠٠٥:) واتە بەم جۆرە دەکرێ بڵێین هەموو فرێزێک سەرەی تێدایە و دەبێتە هەڵگری ناوەکەی ، بۆ نموونە لەفرێزی ناویدا ، ناوێک سەرەیە و بەهۆی سەرەکەوە بە فرێزی ناوی ناودەبرێ و بەهەمان شێوە بۆ فرێزی کاریش ، کە ڕەگی کار سەرەکەیەتی . بوونی سەرە لەڕستەدا وەک بنەمایەکی گشتی سەیردەکرێ و دەچێتە ناو ڕێزمانی سەراپا ، بەڵام شوێنی سەرە لەناو فرێزەکەدا،واتە چۆنیەتی دابەش بوون و دەرکەوتنی سەرەکان لەلای ڕاست و چەپ ، بنەمای تایبەتین لە زماندا .

## ٢-٥- تایبەتییەکانی سەرە :

سەرە چەند تایبەتییەکی هەیە ، کە ((لە دۆزینەوەی سەرەی ڕێزمانیدا پێویستمان بە پێوەرێکی سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی دەبێ .)) (سەباح رشید،٢٠٠٩: ٣١) بەپێی ئەم پێوەرە دەکرێ ئەم تایبەتیانەی خوارەوە بۆ (سەرە) دابنێین:

ا- سەرە پلەیێکی مۆرفۆسینتاکسی هەیەو هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە ، کە بۆ هەموو فرەیزەکە دەگەڕێتەوە .

ب- سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرەسە شوێن کەوتووەکانی خۆیەوە هەیە .

ج- سەرە لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ شوێن کەوتووەکانی خۆی ڕێک دەکەوێ .

**٢-٦- تەواوکەر :**

تەواوکەر وەک زاراوەیەک مەبەست لێی ئەو کەرەسە بنجیەیە کە لەگەڵ کاردا دەردەکەوێت،واتە دەبێتە بەشێک لە فرێزی کاری و واتای فرێزەکارییەکەی پێ تەواودەکرێت.بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ئەو قاڵبانەی [١] کە ڕستەی بنجی زمانی کوردی تێدا دەسنیشانکراوە.دەبینین تەواوکەر- complement- وەکو کەرەسەیەکی سەرەکی ئەرکی تەواوکردنی کارەکە لەئەستۆ دەگرێت،وەک:

ڕۆنانی ڕستە

١-ب.بە.تە.ک Ø بنێشت بەدەستیەوە لکا.

٢-ب.بە.ک.تە دەستی خستە ئاوەکە.

٣-ب.بە.تە.ک من تۆ بە ئازا دەزانم.

٤-ب.ک.تە ئازاد دەبێت بە مامۆستا.

ئەوەی لەم قاڵبانەدا تێبینی دەکرێت ، ئەوەیە کەتەواوکەر لە هەر قاڵبێکدا هەبێت ، ناکرێ لاببرێت، واتە دەبێتە پێکهێنەرێکی بنجی لە قاڵبی ڕستەکەدا ، چونکە بە لابردنی تەواوکەر لەو قاڵبانەدا دەبێتە هۆی ناتەواوی ڕستەکە لە ڕووی واتاوە .(طالب حسین،٢٠١٤: ٢١) وەک لەمانەی خوارەوەدا بەدەردەکەوێت :

35- Ø شیلەکە بە پڕچیەوە نووسا. * شیلەکە نووسا

ب بە تە ک ب ک

36- پیاوەکە دەستی خستە گیرفانییەوە. * پیاوەکە دەستی خستە

ب بە ک تە ب بە ک

---

١-بۆ قاڵبەکانی ڕستەی بنجی لەکوردیدا،بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

١- M.M.Fattah,1997

٢-تاڵیب حوسێن عەلی ،هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا

37- من تۆ بە پیاو دادەنێم.  * من تۆ دادەنێم

ب به ته ک  ب به ک

38- شیلان بوو بە ئەندازیار  شیلان بوو

ب ک ته  ب ک

بەهەمان شێوە فرێزی بەندیش کە ئەرکی تەواوکەر دەبینن ، لابردنیان لەڕستەدا ناڕێزمانی بوونی ڕستەکەو تێکچوونی هەردوو لایەنی سینتاکسی و واتایی لێ دەکەوێتەوە ، هەروەها گۆڕینی شوێنی جێکەوتەیان لەڕستەدا کار لە لایەنی ڕێزمانێتی ڕستەکە دەکات . بۆ نموونە :

39- ا- بزنەکە بەشاخەکەدا هەڵگەڕا.

ب- بەشاخەکەدا هەڵگەڕا بزنەکە.

پ- هەڵگەڕا بەشاخەکەدا بزنەکە.

ت- هەڵگەڕا بزنەکە بە شاخەکەدا.

د- * بزنەکە هەڵگەڕا

وەک دەبینین فرێزی بەندی (بە شاخەکەدا) ، بە لابردنی وەک لە ڕستەی (٣٩- د) دا ،هەروەها بە گۆڕینی شوێنەکەی لە ناو ڕستەکەدا وەک ڕستەکانی (ب ، پ ، ت) واتای ڕستەکەی گۆڕیوە . ((فرێزە بەندەکان کە دەبن بە تەواوکاری گوزارەیی وەکو کەرستەیەکی تەواوکەر کاردەکەن و دەبن بە کەرستەیەکی بنجی ڕستە و بە لابردنیان ڕستە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی و ناتەواو لە ڕووی واتاوە.)) (عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان ، ٢٠٠٩: ٧٢) وەک لەم نموونانەدا بەدەردەکەوێت :

40- من تۆ بە زیرەک دەزانم.

41- ئەو بوو بە ئەندازیار.


یەکێک لە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی تەواوکەر ئەوەیە کە((کەرەستەیەکی پێویستە لەڕستەدا ، بە واتای ئەوەی لە پلەی کارو بکەردایەو لانابرێت بێ ئەوەی واتاو دروستەی ڕستەکە تێکنەدات.چونکە تەواوکەرو کارەکە توندتر چوونەتە ناو دروستەی ڕستەکەوەو دروستەی ناوەکییان پێکهێناوە .)) (ساجیدە عەبدوللا،٢٠١٣: ٣٠) بە واتایەکی تر دەکرێ بڵێین تەواوکەر (( ئەو فرەیزەیە ، کە کەتیگۆری لێکسیکی وەری دەگرێ ، یان هەڵیدەبژێرێ . ئەو کردارەی بەهۆی ڕووداوێکی دیاریکراوەوە

هەڵدەبژێردرێ ، تایبەتمەندی ئەو کردارەیە ، کە چ تەواوکەرێ هەڵدەبژێرێ . بۆ نموونە : کرداری (mird) ناتوانێ هیچ تەواوکەرێ وەربگرێ ، کەچی کرداری (xiwa:rd) فرەیزێکی ناوی وەکو تەواوکەر وەردەگرێ . تەواوکەریش بەپێی ئاستەکان دەبێتە کچی (X) و هەموو بەرکارەکان تەواوکەری کردارن .)) (سەباح ڕەشید،٢٠٠٩: ٣٥:٣١)، کە دەبنە بەشێکی بنجی لە پێکهاتەی ڕستەکەدا.

هەروەها ((سەرەو تەواوکەر تەنیا کەرت و کەرەسە نین بۆ فرەیزەکان ، بۆ نموونە فرەیزی ناوی زۆرجار وشە یان(هەندێ جار) فرەیزی پێش دەکەوێ بۆ نموونە (نە ، هەندێ ، هەموو ،...)ئەو وشانەن کە پێش فرەیزی ناوی دەکەون ، یان فرەیزی ئاوەڵناوی وەکو (زۆر ، بەهێمنی ، بەڕەقی ،...)یان پێش دەکەوێ.)) (سەرچاوەی پێشوو:٣٦)

## ٢-٧- سەربار :

مەبەست لە سەربار ((ئەو پێکهێنە سەرپشکییانەن / بەئارەزووانەن کە هەندێ زانیاریی سەربار (زیادە) سەبارەت بە چۆنیەتی و کات و شوێنی ،..هتد ڕوودانی کردارەکە پێشکەش دەکەن .)) ( حاتەم ولیا،٢٠٠٩: ٩٠) واتە دەشێ ڕستەی سادە بەهۆی هەندێ کەرەسەی ترەوە فراوان بکرێت . وەک( ئاوەڵناو ، دیارخەر...هتد)،کە دەبنە سەرباری ڕستەکە و ڕستەیەکی سادەی فراوانکراو پێک دەهێنن ، کە بێجگە لە(بکەر و بەرکار) دەتوانێ ژمارەیەکی بێ کۆتایی لەم کەرەسانە بگرێتە خۆ بێ ئەوەی لابردنیان کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە بکات بۆ نموونە :



هەروەها کەرەستەیەکە لەڕستەدا هەبوونی بەئارەزووە، واتە لابردنیان کار ناکاتە سەر لایەنی دروستی و نادروستی ڕستەکان لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە، بەڵام لابردنی تەواوکەر لە ڕستەدا ، ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمدێنێت و لابردنی سەربار هیچ جۆرە نادروستییەک لەڕووی ڕێزمانەوە دروست ناکات لەڕستەدا .بۆ نموونە:

4 2- کۆچبەرەکان به ناپاسایی ڕۆیشتن .

فرێزی بەندی (به ناپاسایی) دەبێتە سەربار لەو ڕستەیەدا ، چونکە بە لابردنی کاریگەری لەسەر لایەنی ڕێزمان و واتای ڕستەکە دروست ناکات ، سەربارەکان لە ڕستەکانی زمانی کوردیدا ، شوێنی جێگیرییان نییە و تا ڕادەیەک سەربەستن لە جولانەوەدا . ئەم سەربەستییەش بە هۆی ئەوە دروست دەبێت کە زیاتر لە سەربارێک لە ڕستەدا دەشێ بەیەکەوە بێن و پێش و پاش کردنیان لە نێوان خۆیاندا ئاساییە . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سەربارەکان وەکو کەرەستەی ناسەرەکی پەیڕەوی بنەمایەک دەکەن ،ئەویش ئەوەیە ((سەربارەکان لە زمانی کوردیدا دەکەونە نێوان بکەر و کار لە ڕستەدا.)) (Fattah,1997:240)

هەروەها سەربار((بەو کەرەسەیەی ڕستە دەگوترێت،کە دەکرێ لە ڕستەدا لاببرێت بێ ئەوەی دروستەو کرۆکی ڕستەکە بشێوێنێت.واتە سەربار تەنیا بارومەرجی ڕووداوەکە،یان بارەکەی دەردەخات و لەڕووی واتاوە گرنگی نییە،چونکە واتای ڕستەکە بەبێ ئەمیش هەر تەواوە . هەروەها سەربار دەشێت بەهۆی گرێی (ناوی ، ئاوەڵناوی ،بەرناو ، ئاوەڵکار ،...) یەوە بنوێنرێت ، لەناو ڕستەشدا پێش بکەر بکەوێت ، یان پێش بەرکار و کار بکەوێت،یان لەنێوان بەرکارو کاردا دێت .)) (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی،٢٠١٣: ٢٩)بۆ نموونە:

4 3- هێمن لەو باخچەیە دانیشتووە.

4 4- ئەوان لەژێربارانددا وەستاون.

4 5- مشک لەپشیلە دەترسێت.

ئاوەڵکار وەکو یەکێک لە جۆرەکانی سەربار ، کاتێک لە ڕستەیەکدا بەکاریدێنین و شوێنەکەی دەگۆڕین ، دەبینین ئەم شوێن گۆڕینەی کاریگەری بەسەر لایەنی ڕێزمانێتی ڕستەکەوە دەبێت ، واتە گۆڕینی شوێنی سەربارەکە لە جێکەوتەیەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی تر لایەنە ڕێزمانییەکەی ئاڵوگۆڕ دەکات .

4 6- ا- بەیانی ئازاد هات بۆ قوتابخانە.

ب- ئازاد بەیانی هات بۆ قوتابخانە.

پ- ئازاد هات بۆ قوتابخانه بەیانی.

ت- * هات ئازاد بەیانی بۆ قوتابخانە.

دەبینین نموونەی (٤٦- ا) ڕستەیەکی ڕێزمانییە ، بەهەمان شێوە ڕستەی (٤٦- ب) و ڕستەی (٤٦- ت) یش، بەڵام ڕستەی (٤٦- ت)،ڕستەیەکی ناڕێزمانییە ، بەهۆی ئەوەی ئاوەڵکارەکە ڕاستەوخۆ چۆتە دوای کارەکە ، ئاوەڵکاریش بە زۆری لە جێکەوتەی پێش کار دەردەکەوێت . بۆیە دەتوانین بڵێین ڕستەی (٤٦- ا) لەهەموو ڕستەکانی تر ڕێزمانی تر و پەسەندترە .

## ٢-٨- تایبەتییەکانی سەربار:

سەربار چەند تایبەتمەندییەکی هەیە ، کە ئەمانەی خوارەوەن :

١-زانیاری زیاتر لە بارەی ڕوودانی کارەکە و هاتن و نەهاتنی لە ڕستەدا پێشکەش دەکات کە بە ئارەزووی قسەکەرە.

- ئازاد بە پەلە هات.

٢- زیاتر لە سەربارێک دەتوانێ بەشداری لە ڕستەدا بکات .

- ساڵی رابووردوو بە پەلە ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە .

٣-سەربار لە ڕستەدا شوێن گۆڕکێی پێ دەکرێت.

- چێشتەکەیان بە چاوچنۆکی دەخوارد.
- بە چاوچنۆکی چێشتەکەیان دەخوارد.

## ٢-٩- جیاکردنەوەی تەواوکەر و سەربار:

١- تەواوکەر ((بەندی کارەو هاوبەشی دەکات لەو بارە،یان ڕووداوەی کە کارەکە ڕای دەگەیەنێ و بەشێکی گرنگە کەلە واتای کارەکە جیانابێتەوە،کەچی سەربار تەنیا بارومەرجی ڕووداوەکە،یان بارەکەی دەردەخات و لەرووی واتاوە گرنگی نییە.

- ئەو لەژوورەوە دانیشت.      سەربار

- ئەو لەژوورەوە بوو.      تەواوکەر

٢-لادان،یان فڕێدان بە تاقیکردنەوەیەکی سینتاکسی دادەنرێ بۆ جیاکردنەوەی تەواوکەرو سەربار.تەواوکەر بە ئارەزوو فڕێ نادرێ لە ڕستەدا،چونکە بەندە بەکارەوە و کارەکە وازی لێ ناهێنێ،بەڵام سەربار بەپێچەوانەوە بە ئارەزوو بە ئاسانی فڕێ دەدرێ بێ ئەوەی کاربکاتە سەر ڕستەکە لەرووی واتاوە.

- دارا کەل و پەلەکانی خستە ناو تورەگەیەکەوە. تەواوکەر
- دارا کەل و پەلەکانی لەناو تورەگەیەک هەڵگرتووە. سەربار

٣-ژمارەی تەواوکەر سنووردارە بە پێی جۆری ئەو کارەی داوای تەواوکەر دەکات،بەڵام ئەو سنوورداریە بۆ سەربار نییە،چونکە هیچ سنوورێکی ڕێزمانی بۆ ژمارەی سەربار لە دروستەی ڕستەدا نییە.)) (ساجیدە عەبدوڵڵا،٢٠١٣: ٣١)بۆ نموونە:

- پیاوەکە لە منداڵەکەی دا.
- دوێنێ بەیانی دایکەکە بەپەلە منداڵەکەی لەبێشکەدا نواند.

سەربار ١ سەربار ٢ سەربار ٣

لەڕووی ڕێزمانەوە دەکرێ (کار) بەپێی تەواوکەرەکەی پۆلین بکرێ ، بەڵام هەرگیز بەهۆی سەربارەوە (کار) پۆلین ناکرێ ، بۆ نموونە ((کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە سەر بنچینەی وەرگرتن و وەرنەگرتنی تەواوکەر پۆل دەکرێن.)) (Fattah ,1997: 239)بەم شێوەیە:

47- أ- کتێبەکەم لەناو جانتاکە دانا.

بەرکار بکەر سەربار کار

ب- کتێبەکەم دانا.

بەرکار بکەر کار

48- أ- شنە چیرۆکێکی نووسی .

بکەر بەرکار کار

ب- * شنە نووسی

بکەر کار

تەواوکەر لەو ڕستانەی کە کارەکانیـان داوای تەواوکەر دەکەن ، پێویستن و بە نەبوونیـان لە ڕستەدا ، ڕستەی نارێزمانی و ناتەواو لەڕووی واتاوە بەرهەمدێنن.((هەروەهـا نە سـەرەکە بەتەنیـا دەردەکەوێت و نە تەواوکارەکە ، بوونی هەردووکیان بەیەکەوە لە پێکهاتەیەکدا ، فرێزێکی بەنـد دروست دەکـات . بە کرتاندنی هەرکامێکیشیان (تەنها لە هەندێک باردا نەبێت) ڕستەیەکی ناتەواو لەڕووی ڕێزمان و واتـاوە بەرهەم دەهێنرێت . وەک :

من لە تۆ ناترسم

من لە ناترسم *

من تۆ ناترسم *

تەواوکارەکانی فرێزی بەندیش کە سـەرەکان حوکمیـان دەکەن لە گەڵ سـەرەی فرێـزەکەدا بەیەکەوە یـان دەبن بە سەربـار یان بە تەواوکار .هەر کاتێک تەواوکاری فرێزی بەند بریتی بوو لە ئاوەڵکـاری (شـوێن ، کات ، چۆنیەتی) ئەوا فرێزە بەندەکە دەبێت بە سەربـار. چونکە فرێـزی بەنـد بە پێـی تەواوکـارەکەی یان دەبێت بە سەربار یان دەبێت بە تەواوکـاری گـوزارەیی.)) (عـومەر ئەحمەد عەبـدولڕەحمان ، ٢٠٠٩: ٥٩:٥٨) هەروەها ((هاتنی سەربار بە پێچەوانەی تەواوکەرەوە ،پێوەندیی بە جۆری ئاوەڵناوەکەوە نییە .واتە ئەو زانیارییە سینتاکسییەی ئاوەڵناوێکی تایبەت لە فەرهەنگدا دەیدات ،ئەو تایبەتمەنـدێتییەی تێـدایە ،کە ئایـا تەواوکەر وەردەگرێت ،یـان وەرینـاگرێت ،بەڵام ئامـاژە بە سـەربار نـادات.))(محەمەد عومەر عەول،٢٠٠٨: ٩٠)

## بەشی سێیەم

### فێربوون و وەرگرتنی زمان:

### ٣-١- فێربوونی زمان :

بەشێکی گرنگ لەو توانا تایبەتییە کە پەیوەستە بە فێربوونی زمان وەکو چوارچێوەیەکی زمانی گشتی دەبینرێت، کە توانای ئەوەی هەیە کەرەسە و مادە تێخراوەکانی بەکاربێنێت و کۆمەڵێک گریمانە ڕێکبخات دەربارەی ئەو پێکهاتەی زمان کە وەردەگیرێت لە مێشکدا.هەروەها دەکرێت ئاماژە بەو توانایەی مێشک بکەین کە توانایەکی خۆرسک و زگماکییە بە ئامرازی وەرگرتنی زمان.دەتوانین پرۆسەی بنیات نانی ڕێزمان لەم هێڵکاریەی خوارەوە بخەینەڕوو:




واتە،ئەوەی کە پێویستە هەر منداڵێک فێری ببێت بریتی نییە لە ڕێزمانێکی تەواوی زمانەکە، بەڵکو زیاتر لەوەی کە دەبێت فێری ئەو تایبەتمەندییە بێت،کە زمانەکە لە سەرجەم زمانەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەو سیمایانەی کە باون بۆ هەموو زمانەکان و زمانە جیهانییەکان لە ئامرازی وەرگرتنی زمان دیاریکراون. ئەم دیدەی وەرگرتنی زمان ئێستا بەشێوەیەکی گشتی وەکو بۆچوونێکی هەست و هۆش ئاماژەی پێ دەکرێت.(Jacobsen,1978: 37)

بە بۆچوونی چۆمسکی هۆکاری فێربوونی زمان بریتییە لەو میکانیزمە ئەقڵییە خۆرسکەی کە تایبەتە بە فێربوونی زمان و لە مێشکی مرۆڤدا دروستبووە.تیۆری ب.گ ((توانی بە شێوەیەکی زانستییانە دیاردەی فێربوونی زمان (فێربوونی مرۆڤ بۆ زمان)لێک بداتەوە بە هۆی ئەو توانستە بۆماوەییەی هەموو مرۆڤێک هەیەتی بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمان لە دەربڕین و تێگەیشتندا،مرۆڤ کە لەدایک دەبێت توانایەکی تەواوی بە ڕێزمانی گشتی هەیە مەبەستیش لەوەیە کەنەخشەیەکی چەسپیوی هەیە بەکاری دەهێنێت بۆ فێربوونی زمان،بەڵام لەبەرامبەردا تیۆرەکانی تری زمان کەم و کوڕییەکی زۆریان نیشان دەدا لەم ڕووەوە

چونکە نەیانتوانی بەتەواوی چۆنیەتی  ڕوودانی دیاردەکە و سەرجەم ڕەهەندەکانی چارەسەر بکەن. ))
(دیــار علــی،٢٠٠٢: ٣٥)ئەمەش دەکــرێ بە یەکێــک لە جیــاوازییە گرنگەکــانی نێــوان تیــۆری ب گ و تیۆرەکانی تر دابنرێ.

چۆمسکی پێی وابوو کە منداڵان کاتێک لە دایک دەبن توانایەکی خۆڕسکی و بۆماوەییان تێدا هەیە بۆ ئەوەی فێری زمان ببن و پێکهاتە زمانییە دیاریکراوەکان، کە منداڵان زۆر بە دروستی بەکاری دێنن، دەبێت پێشووتر لە مێشکیان هەبێت. هەروەها پێی وابوو کە هەموو منداڵێک ئامێری وەرگرتنی زمانی هەیە، کە بنەما سەرەکیەکانی زمانێک و پێکهاتە ڕێزمانیەکەی لە مێشکیدا هەڵگرتووە. کەواتە منداڵان دەبێت تەنیا فێری وشە نوێیەکان ببن و جێبەجێیان بکەن لەسەر پێکهاتە سینتاکسیەکان و بەهۆی ئامێری وەرگرتنی زمان بۆ ئەوەی ڕستەکان بینات بنێن.ئاماژەی بەوەش کردووە کە منداڵێک ناتوانێت فێری زمانێک ببێت  بەتەنیا لەڕێگەی لاسایکردنەوەوە،چونکە ئەو زمانە ئاخاوتنەی کە لەدەوروبەریەتی ڕەنگدانەوەی قسەی گەورەکانە، قسەی گەورەکانیش زۆربەی کات تەواو لە بار نییە، تەنانەت هەندێ جاریش ناڕێزمانییە. تیۆرەکەی چۆمسکی لەسەر تەواوی زمانەکان جێبەجێدەبێت، لەبەرئەوەی هەموو زمانەکان ناوو کار و دەنگە بزوێنەکان و نەبزوێنەکان لەخۆ دەگرن،منداڵانیش زۆر بە باشی ئامادەی وەرگرتنی ڕێزمانەکەن. هەموو زمانێک تا ئەوپەڕی ئاڵۆزە، زۆربەی کات جیاوازییەکی زۆر بچووک هەیە لە ڕادەی ئاڵۆزییەتی زمانەکان ،کە قسەکەرە ڕەسەنەکانی زمانەکەش هەستی پێناکەن و بێ ئاگان لێی. هەرچەندە هەموو منداڵان، بەبێ ڕەچاوکردنی توانای زیرەکییان، زمان پاراو و ڕەوان دەبن لە زمانی زگماکیان لە میانەی پێنج تا شەش ساڵیدا..https://aggslanguage.wordpress.com/chomsky/ واتە دەکرێ تیۆرەکەی چۆمسکی لەبارەی فێربوونی زمان لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

1. منداڵان فێری زمان دەبن بەبێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکی ڕێزمانی بکەن لە چەشنی ڕیزبوونی بکەر و کار و بەرکار بە هەڵە.
2. ئەگەر کەسێکی پێگەیشتوو بە ئەنقسەت ڕستەیەک بڵێت کە لەڕووی ڕێزمانییەوە نادروست بێت، ئەوا منداڵ هەستی پێدەکات.
3. منداڵان زۆربەی کات شتی ناڕێزمانی دەڵێن، وەکو (دایە تۆپ)، کە ناکرێت ئەوشتەی بە شێوەیەکی سست فێربووبێت.(سەرچاوەی پێشوو:؟)

(("زانیاری زمان بەشێوەیەکی ئاسایی بەدەست دەهێنرێت لەڕێگەی نیشاندان یان بەرکەوتنێکی کورتەوە، هەروەها کاراکتەر و نیشانەی زانیاری وەرگیراو کە لەوانەیە پێشتر بڕیاری لەسەر درابێت. "))
https://www.bu.edu/wcp/Papers/Lang/LangLiu2.htm

بە شێوەیەکی ڕوون، فێربوونی زمان مەبەست ئەوە نییە کە فێری ئەو لایەنانەی ڕێزمان بین کە بە بنەمای ڕێزمانییە جیهانییەکان دادەنرێن،بەڵکو زیاتر مەبەست لێی فێربوونی بەشێکی سنووورداری ڕێزمانەکەیە کە پێیان دەگوترێت "پاڕامیتەرەکان/دیارکەرەکان" ، بەواتایەکی تر، "ڕەهەندەکان و لایەنەکان"ی ڕێزمان کە تایبەتن بە زمانێک. ئەو پاڕامیتەرانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن. فێربوونی ڕێزمان سنوودار کراوە بۆ لایەنە دیاریکراوەکانی ڕێزمانەکە. لە ڕێگای دەستنیشانکردنی لایەنەکانی ڕێزمانەکە کە منداڵان فێری دەبن لە زمانەکەدا.ئەویش بە هۆی پشکنین لەسەر هەمەجۆرییەتی ئەو پاڕامیتەرانە دەکرێت کە لە ڕێزمانی زمانە جیاوازەکاندا هەن. (Radford,2004:11) هەروەها چۆمسکی پێی وابوو،کە((منداڵ خاوەنی توانایەکی زگماکییە،کەیارمەتی دەدات لە وەرگرتنی زانیاری زمانی و تەواوکردنی شێوازی زمانەکەی،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت،کە ئامادەیە بەهەر ڕێگەیەک بێت ڕێزمانی "یاسا" زمانی دایک لە ڕێگای ئەو قسانەی کە دەیبیستێت فێرببێت،هەروەها دەتوانێت بە ڕێگای نەست ببێتە خاوەنی ئەو ڕێزمانەی کەلەنێو دەسکەوتە زمانییەکاندا بەدەستی دەهێنێت،ئەمەش بە شێوەیەکی داهێنەرانەو ڕێککەوتن(گونجان) لەگەڵ توانا زگماکییەکاندا،هەروەها بەگوێرەی بەرەوپێشچوونی لە پرۆسەی فێربوون(بەدەستهێنان)ی زمانەکەیدا،ئەم پرۆسەیەش لە سەر سروشتی گەشەی زمانی منداڵ دەوەستێت.)) (میشال زکریا،١٩٨٣:٢٦٢)کە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە.

هەر لەبارەی فێربوونی زمان لەلایەن منداڵەوە چۆمسکی لەو بڕوایەدایە کە ((فێربوونی زمانی دایکی لەلایەن منداڵەوە لە سفرەوە دەستپێناکات و فێربوونی زمان بەتەنها بەرهەمی ئەزموون نییە ،بەڵکو بەشێکی زۆری لەڕێگای بۆماوەزانییەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ .هەڵبەتە مەبەستی ئەوە نییە کە زمان بۆماوەییە و منداڵ کاتێک لەدایکدەبێت زمانی دایکی دەزانێت یان بۆ فێربوونی زمانی دایک و باوکی ئامادەگییەکی زیاتری هەیە .بە هیچ شێوەیەک وا نییە .منداڵ لەهەر جێگایەک لەدایک بێت ئەوا زمانی ئەو دەوروبەرەی خۆی بە ئاسانی فێردەبێت .)) (محەمەد ڕەزا باتنی،٢٠١٢: ٥٦) منداڵ بە هۆی لاساییکرنەوە وەکو تووتی فێری زمان نابێت ،بەڵکو ئەم پرۆسەیە(( پەیوەستە بە پرەنسیپی گشتی،کە لەسەر بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە زمانییەکاندا جێبەجێ دەکرێت،چۆمسکی پێداگری لەسەر سروشتی گەشەی عەقڵی و لێهاتوویی زمانی زگماکی لەلایەن منداڵەوە دەکات،کە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی یاسای "ڕێزمان"ی زمانی دایک.)) (میشال زکریا،١٩٨٣:٢٦٢)

هەر لەبارەی منداڵان و زانینی ئەو ستراتیژیەتەی کە بەکاری دێنن لە فێربوونی زماندا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە،((هەر مرۆڤێک، گەنج و پیر پەیڕەوی دوو شێوەی ستراتیژیەتی فێربوون دەکەن. یەکەم، وێنەکێشان و ڕەنگدانەوەی توانای فیزیکی، ئەوەش ئەوەیە کە ئێمە قۆناغ بە قۆناغ فێردەبین. بۆ نموونە لەوە دڵنیا دەبینەوە کە دەتوانین قسە بکەین بەرلەوەی بتوانین ڕابکەین. دووەمیان، وێنەکێشانی توانای زیرەکی و بیری منداڵەکەیە، ئەوەش واتە ئێمە شتەکان بە ئەزموونی ڕابردووەوە دەگشتێنین. بۆ نموونە، کاتێک مێروویەک دەبینیت کە لەسیسارک دەچێت، ڕاستەوخۆ بیرت بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو مێرووە سیسارکە. ئەو ستراتیژیەتانە یارمەتیمان دەدەن بۆ ڕوونکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی منداڵ لە تەواوی زمانەکەدا. ئەمەش لە گۆکردنەوە دەست پێدەکات بۆ وشە و ڕێزمان و تا ئەو ڕادەیەی کە چۆن گفتوگۆیەک بەرهەمدێت. گەشەسەندنی توانای مێشک و فیزیکی منداڵان باشترین شتن بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت))http://linguistlist.org/ask-ling/lang-acq.cfm

هەروەها ((هۆکارێکی تری ئاڵۆزی زمانی بێ ئاگایی مرۆڤە لە فێربوونی زمانی دایک.لە یادی هیچ مرۆڤێکی گەورەساڵ نییە کە چۆن فێری زمانی دایکی بووە.ئاڵۆزی و دژواری زمانی دایک هەستی پێناکرێت هەتاکو مرۆڤ بەگەورەیی دەیەوێ زمانی دووەم فێرببێ.مرۆڤ لە پرۆسەی فێربوونی زمانێکی نوێ.زمانی دووەم لە گەڵ زمانی دایکی بەراورد دەکا.لێرە مرۆڤ بە هۆشیاری هەڵسەنگاندن بۆ زمانی خودی خۆی دەکا و سەرنج لە پێکهاتە و ڕێسا و سیستەمی زمانی دایکی دەدا.)) (غازی عەلی خورشید،٢٠١٣: ٦٣) هەر لەم بارەیەوە ئەوەی کە پەیوەندی بە خودی زمانەوە هەیە،لەرووی حاڵەتی بنچینەیی عەقڵ لە ماوەی قۆناغی سەرەتای ژیان چەند گۆڕانکارییەکی خێرا ڕوودەدات،دواتریش حاڵەتی عەقلیی چەسپاوو وشک دێت کە تووشی چەند گۆڕانکارییەکی کەم دەبێت و تەواودەبێت،چۆمسکی ئاماژە بەو حاڵەتە وشکە دەدات لەرووی ئەوەی کە حاڵەتێکی کۆتاییە بۆ عەقڵ کەتیایدا زانینی زمان بەهەر ڕێگەیەک بێت دەنوێنرێت.(میشال زکریا،١٩٨٣:٢٦٢)

## ٣-٢- وەرگرتنی زمان:

چۆمسکی وەرگرتنی زمانی پەیوەست کردووە بە بیر و مێشکەوەو هەروەها منداڵ لە زگماکییەوە خاوەنی رێکخراوێکی رۆشنبیرییە کە دەتوانرێت ناوببرێت بە "حاڵەتی بنچینەیی عەقڵ" لە ماوەی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەدا،کە لە رێگەی ئەنجامی گەشەی خودی،عەقڵ بەچەند حاڵەتێکی یەک لە دوای یەکدا تێپەڕ دەبێت و تیایدا نواندنی پێکهاتەی هەستی"پێزانین- درک پێکردن" دەنوێنرێت.(میشال زکریا،٢٦٢:١٩٨٣) دیارە ئەمەش لە ئەنجامی گەشەکردنی هزری منداڵدا بەچەند قۆناغێکدا هەنگاو دەنێت و بەپێی ئەو قۆناغەش هەستی زانین و درکپێکردن نیشاندەدرێت.

((بۆچوونێکی تر سەبارەت بە وەرگرتنی زمان لەلایەن زانایانەوە خرایەڕوو بە تایبەتی زانا تۆماسێلۆ گفتوگۆی لەسەر زمانی منداڵانی لاو کردووە بە پشت بەستن بە ماددەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئاخاوتنەکانیان لەسەر بنەمای وشەکان دامەزراوە،ئەو وشانەش لە ژینگەکانیانەوە وەریانگرتووە،واتە لە کەسانی دەوروبەرو بەخێوکەرانیان وەریانگرتووە. سەرەڕای ئەوەش، منداڵان چەندان وتەی داهێنەرانە بەرهەمدێنن دەربارەی زانیاری و ئەزموونی پێشتریان و پێشبینیەکانی داهاتوویان، لەبەرئەوەی بەرکەوتن و خستنەڕوویکی تەواویان دەربارەی زمانی ئامانج نیە.ئەمە ئەوەمان نیشاندەدات کە خستنەڕووی زمان بۆ منداڵەکان و بەریەککەوتنی زمان لەگەڵ منداڵەکاندا و ئاشنابوونیان بە زمانەکە زیاتر لە رۆڵێک دەگێڕێت لە توانستی زمانی منداڵەکە، نەک هەر رۆڵی توانا خۆڕسکەکانیان بۆ ببینێت.)) https://en.wikipedia.org/wiki/Linguistic_competence

((زمان کۆمەڵێک بنەمای جیهانی لەخۆ دەگرێت کە رێبەری منداڵ دەکەن لە وەرگرتنی رێزمانەکەدا. هەرچەندە ئەمە واتای ئەوە نییە کە سەرجەم لایەنەکانی رێزمانی زمانەکە جیهانی بن. ئەگەر وابووایە، ئەوا رێزمانی سروشتی هەموو زمانەکان وەکو یەک دەبوون و لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانیش دا هیچ فێربوونێکی رێزمانی نەدەبوو. واتە لە فێربوونی زمانێکی تردا هیچ پێویستییەک بە یاسا و رێزمانی ڕستەکان نەدەبوو، تەنیا پێویستیان بە فێربوونی وشەکان دەبوو. واتە منداڵەکان تەنیا دەبووایە فێری وشەکان و تایبەتمەندیەکانی وشەکان بن. ئەگەرچی بنەمای رێزمانی جیهانی هەیە کە دەستنیشانی پوختە و پلانی رێزمانی زمانەکان دەکات لە چەند لایەنێکی دیاریکراو تایبەت بە زمانەکاندا بەڵام پێویستە کە چەند لایەنێکی رێزمانی تایبەت بە زمانەکە هەبێت تا منداڵان فێری بن

وەکو بەشێک لە کاری وەرگرتنی زمانەکە. بەم شێوەیە، وەرگرتنی زمان تەنیا فێربوونی وشەکان لە خۆناگرێت، بەڵکو دەبێت بەشێک لە فێربوونی ڕێزمانیشی تێدابێت.))(Radford,2004 :11) واتە لە پرۆسەی وەرگرتنی زماندا ،فێربوونی ڕێزمان پێویستە،سەبارەت بەوەی کە ئایا منداڵان هەمان کۆپی پێگەیشتووان دەکەن ،دەکرێ بڵێین ((منداڵان ڕێک هەمان ئەو شتانە بەرهەم ناهێننەوە کە بۆیان دەخرێتەڕوو، ئەمەش لەبەر دووهۆکار،لەبەرئەوەی منداڵان لەڕووی فیزیکیەوە گەشەدەکەن. وەکو چۆن ماوەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی توانایان هەبێت شتێک بدوورن، بەهەمان شێوە ماوەیەکی دەوێت تاوەکو توانای ئەوەیان دەبێت کە ئەندامەکانی ئاخاوتنیان بە یەکسانی بەکاربێنن. هەروەها منداڵان لەڕووی توانای هزرییەوە بەردەوام لە گەشەسەندن دان. منداڵان پێویستیان بەوەیە کە ڕێگاکان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ژینگە و دەوروبەریان تێبگەن، بۆیە دەبێت ئاوێتەی ئەو ژینگەیە بن. ئەمەش لەڕێگەی گونجان و پەیڕەوکردنی ئەوەی کە وەریدەگرن ،بەبەردەوامی دەیخەنە سەر توانای زمانی و توانای هزری خۆیانەوە.هەروەها لە کاتی وەرگرتن دا ئەو شتانە وەلاوەدەنێین کە هێشتا لای ئەوان ئاڵۆزە.))http://linguistlist.org/ask-ling/lang-acq.cfm واتە جیاوازی فیزیکی و هزری لەنێوان منداڵان و پێگەیشتووان بە لێکۆڵینەوە لە وەرگرتنی زمان لای منداڵانەوە بەدەردەکەوێت.سەبارەت بە پرۆسەی وەرگرتنی زمان لەلای منداڵانەوە ،دەبینین کە منداڵان گەشە بە ستراتیژییەتەکانی فێربوونی خۆیان دەدەن بۆ هەرشتێک کە پەیوەست بێت بە دەوروبەریان، بەزمانیشەوە. منداڵان زۆر لەوە زیاتر بەتوانان، نەرم و داهێنەرن لەوەی کە ئێمە بۆیان هەژمار دەکەین. منداڵان زۆر باشن لە هەڵبژاردنی ئاماژەکانی خەم و پەژارەی پێگەیشتووان، هەروەها منداڵان، فێری ئەوە دەبن کە نیگەرانی و پەژارەی گەورەکان تێکەڵ بە قسەکانیان بکەن . (سەرچاوەی پێشوو:؟)

هەروەها ئەم پرۆسەیە(( مەسەلەی دانانی پارامیتەرەکانە بۆ بنەما گشتییەکان .جگە لەو یاسا تۆمارکراوانەی وەردەگیرێن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێزمانی سەراپا.)) (سەلاح حەویز،٢٠١٤: ١٠)هەروەک ((چۆمسکی دەڵێت: منداڵ لە زگماکییەوە خاوەنی کۆمەڵێک سەلمێنراوی ئەبستراکتە لەسەر دەسکەوتە زمانییەکان ،هەروەها بە زگماک دەبێتە خاوەنی چەند شێوەیەکی ئەبستراکت لە ڕێزمان،کە هەر دەتوانێت لە ڕێگای وەرگرتنی دەسکەوتە زمانییەکانییەوە بەدەستی هێناوە،ئەو منداڵەش بە شێوەیەکی

بــێ ئاگاییــانه توانــای دروســتکردنی ژمــارەیەکی بــێ ســنووری ســەلمێنراوی هەیە کە بە چــۆنیەتی بەرهەمهێنانی ڕستە و تێگەیشتن و تەواوکردنی ڕستەی دەگەیەنێت.)) (میشال زکریا،١٩٨٣:٢٦٢) هەر لەم بــارەیەوە واتە وەرگرتنــی زمــان یــان فێربــوونی زمــانی یەکەم لە لای منــداڵانەوە دەکــرێ بڵێــین ((مێشکی منداڵ سەرەتا بەڕووی هەموو زمانێکی مرۆڤایەتیدا کراوەیە .دواتر فێری یەکێک لە زمانەکان دەبێ ،هەرچییەک لەو زمانەی فێری دەبێ ،پێویستە لەسەر بنچینەی ئەو ئەزموونانەیەوە ئەنجام بدرێ ،کە لە هەموو خاڵێکی هەڵبژاردندا یاساکانی زمانەکەی خۆی هەڵدەبژێرێ. منداڵ بۆ ئەوەی فێری زمان ببێ دەبێ فێری دارشتەی ڕێزمانێک بێ ،بەڵام بەچی و لەکوێ فێری دەبێ ؟ بەڕای چۆمسکی لەگەڵ لەدایکبوونیدا بنەما و یاساکانی زمان فێربوون لەگەڵ خۆیدایە ،ئەمە سەلیقەی زمانی ،یان توانستی پێ دەڵێن ،ئامادەیە بۆ فێربوونی زمان ،تەنیا هەر ئەو ئامادەییەی نییە بۆ نموونە زمانێکی وەکو ،کوردی ،یان ئینگلیزی فێربێ ،بەڵکو ئامادەیی تێدایە بۆ فێربوونی هەر زمانێکی تر ،یان زیاتر لە چەند زمانێک ،کەڵک لە چەند یاسایەک وەردەگرێ ،کە لە دروستکردن و دارشتنی خۆیەتی بە ڕێگای هەڵهێنجانی خۆی پێی دەوترێ پارامیتەر .بۆ نموونە ،ئەوانەی تایبەتن بە زمانەکەی خۆی ،لەو ژینگەیەی لەدایک بووە کەڵک لەو یاسایانە وەردەگرێ ،کە گشتین و ئەوانەش ،کە لە زمانەکەی خۆیدا هەیە .)) ( سەلاح حەویز،٢٠١٤: ١٢:١١)بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئامراز دەکەوێتە دوای فرێزی ناوی لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێچەوانەوەیە و دەکەوێتە پێش فرێزە ناوییەکە،ئەمەش بە پارامیتەر ناسراوە ،چونکە لە هەر یەکێک لەو زمانانەدا تایبەتی خۆیان هەیە،بۆ نموونە:

49- کچەکە

50- The girl

وەرگرتنــی زمــان لای منــداڵانی کەڕولاڵ تــاڕادەیەک وەکــو وەرگرتنــی زمــانە لای منــداڵانی ئاســایی، چونکە((منداڵانی کەڕ کە لەدایک و باوکی کەڕەوە لە دایک دەبن یەکسەر بە شێوەیەکی سروشتی ئاشنا دەبن بە ئاماژەی کەڕەکان، هەروەک چۆن ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان کێشەی کەڕییان نییە و قسەدەکەن و توانــای بیستنیان هەیە منداڵەکانیشیان بە شێوەیەکی سروشتی ئاشنا دەبن بە زمانی ئاخاوتن.کاتێ جیاوازی لە نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی ئاماژە دەکەین،دەبینین کە ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە گەشەسەندنی زمان لەو منداڵە کەڕانە دا هاوتا و هاوتەریبە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمان لای ئەو منداڵانەی کە زمانی ئاخاوتن وەردەگرن. منداڵانی کەڕ گڕو گاڵ دەکەن، دواتر بەرەو پێشچوون لە گەشەسەندنی زمانیان دەردەکەوێت و دەتوانن ئاماژە فێربن کە هاوشێوەی فێربوونی وشەیە لای ئەو منداڵانەی کە ئاخاوتنیان هەیە، لەو قۆناغەدا ئاماژە ئەرکییەکان لای ئەو منداڵانەی کەڕن دەرناکەوێت، هەروەک وشە ئەرکییەکانیش لای ئەو منداڵانەی قسەدەکەن پێنەگەیشتووە. لە قۆناغی دواتردا، بەکارهێنانی ئاماژە ئەرکییەکان گەشەدەکەن لای منداڵانی کەڕ،لە هەمان قۆناغدا

وشە ئەركییەكـانیش گەشـەدەكەن لای ئەو منـداڵانەی كە قسـەدەكەن. لەوەرگرتنـی زمـان دا،قۆنـاغەكـانی تەمەن لە كـاتی گەشەسـەندنی ئـامـاژە لای منـداڵانی خـاوەن زمـانی ئـامـاژە هاوتـایە لەگەڵ قۆنـاغەكـانی تەمەنی منداڵانی قسەكەر لەكاتی قۆناغەكانی گەشەسەندنی زمانی ئاخاوتنیان .

هەروەها وەرگرتنی زمانی ئاخاوتن و وەرگرتنی زمانی ئاماژە هاوشێوەی كارلێكی نێوان پێكهاتەكان لە خۆ دەگرن كە هەندێك لەو كارلێكانەی پێكهاتەكان جیهانین و هەندێكیش تایبەتن بەزمانەكە. منداڵان لەكاتی وەرگرتنی ڕستە و شێوازی پرسیاری لە زمانی ئینگلیزی دا،بە شێوەیەكی ئاسان جوڵە پێكردنی وشەی پرس وەردەگرن، كە لەلایەن هەندێك بنەمای جیهانی زمانەوە بەڕێوە دەبرێن، بەڵام هەمان ئەو منداڵانە كەمێك دواتر فێری جوڵە پێكردنی كارە یاریدەدەرەكان دەبن لە ڕستەی پرسدا، چونكە ئەو منداڵانە دەبێت سەرەتا فێری ئەو كارە یاریدەدەرانە بن، ئینجا فێری جوڵە پێكردنیان دەبن لە ڕستەی پرسدا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو كارە یاریدەدەرانە تایبەتن بە زمانی ئینگلیزی، نەك بنەمای جیهانی زمان بێت.(Fromkin,..,2005:341)

وەرگرتنـی زمـان و فێربـوونی زمـان لەوەدا جیاوازییـان هەیە ،كە وەرگرتنـی زمـان زیـاتر پەیوەنـدی بە زمانی دایكەوە هەیە و بە شێوەیەكی نائاگایانە مرۆڤ فێـری دەنگ و وشـەو ڕستەو یاسـاكانی زمـانەكەی دەبێت و بەپێـی ئەو توانسـتەی هەیەتـی ڕستەكانی زمـانەكە بەشێوەیەكی دروست و ڕاست دەردەبـڕێ و ڕستەی ڕێزمـانی بەرهەم دەهێنێ،فێربـوونی زمـانیش زیـاتر پەیوەنـدی بە فێربـوونی زمـانی دووەم یـاخود زمانی تر،جگە لەو زمانەی - زمانی دایك - كە هەیەتی ،بەشێوەیەكی ئاگاییـانە مرۆڤ فێـری دەبێت و هەر كەسێك كە زمانی دووەم فێردەبێت هەست بە زەحمەتی فێربوونەكە دەكات و هەنگاوەكانی فێربـوونی زمانەكەی لەبیرە،هەرچی وەرگرتنی زمـانەو فێربـوونی زمـانی دایكە،هیچ كەسێك ئەوەی لەیـاد نییە كە سەرەتا چۆن زمانی دایكی فێربووە و چۆن توانستی زمانیی لە مێشكیدا گەشەی كردووە.

((چۆمسـكی و هـاوبیرانی دەگەنە ئەو ئەنجـامەی كە بە هـیچ شـێوەیەك ناگونجێـت منـداڵ بەهـۆی ئەو ئەزمـوونە دیـاریكراوەی كە لە دەوروبەرەوە وەریـدەگرێت بەو ئاسـانییە زمـانی دایكـی فێرببێـت مەگەر ئەوەی ئەو ئەگەرە دابنێـین كە بونیـادی زمـان بەشـێوەیەكی خۆڕسكی لەو كەسـەدا هەیە و پێویسـتی بە فێربـوونی نیـیە و ئەزمـوونیش تەنهـا بـۆ گەشـەكردنی ئەو سـەرمایە خۆڕسـكەیە.)) ( مـحەمەد رەزا باتنی،٢٠١٢: ٦١)

## ٣-٣- ڕێزمان و واتا:


چۆمسکی  له تیۆری ستاندەرد دا له (١٩٦٥) هەوڵیدا گرنگییەکی تەواو بەلایەنی واتایی ڕستەکان بدات،بەو پێیەی کە پەیوەندی نێوان ڕێزمان و واتا بەهۆی پێکهێنەکانی ڕێزمانەوە ڕووندەبێتەوە ،هەروەها لە ڕێزمانی (ب.گ) دا پێکهێنی سیمانتیکی بە یەکێک لە پێکهاتەکانی زمان دادەنرێت و لە نەخشەی ئەندازەیی ڕێزمانەکەدا گرنگی پێدەدرێت ،((مەبەست لە نەخشە ئەندازەی ڕێزمانیی یان دروستەی ڕێزمانیی دارشتنەوەی ڕێزمانە بۆ جۆرەکانی یاسا و دیاریکردنی تایبەتمەندیی و ڕوکاری یاساکان،کە لە چۆنێتی کارلێک و پەیوەندکردنی جۆر و چەشنە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتردا بەرپرسیارن،چونکە هەریەک لەو یاسایانە لە دیاریکردنی ڕوکاری تایبەتی ئاستەکانی نواندن بەرپرسیارەو بریتین لە:دروستەی فۆنۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیک. چۆمسکی پێکهاتەی سیمانتیکیی(semantic component) بە پێکهاتەی کۆتایی لە ڕێزماندا دیاریکردووە.ئەمە بەستنەوەی سیمانتیکە بە ڕێزمانەوە و مەبەست لێی دیاریکردنی سنووری واتایە بە توانستی زمانییەوە و ئەو لایەنانەی واتایش وەک:(مەبەستی قسەکەر،دەوروبەرو....)،کە لە چالاکی و توانای زمانییەوە وەردەگیرێن. نیشانە سیمانتیکییەکان (semantic features) پێکهێنەری بنەڕەتی یاسا سیمانتیکییەکانن.نیشانە سیمانتیکییەکان (توخم،مرۆڤ،گیانلەبەر،بزاوو،....)دەگرێتەوە.ئەگەر هاتوو وشەیەک یان کۆمەڵە وشەیەک لە یەکێک یان زیاتر لە نیشانە سیمانتیکییەکاندا هاوبەش بن،وەک(مەڕ،شەمشەمەکوێرە،دۆلفین)،کە نیشانەی سیمانتیکیی(+مێ،+شیردەر+...)ییان هەیە.هەرچەندە(-مرۆڤ)ن،ئەم نیشانانە سیمای واتای بنەڕەتی بوار یا کێڵگە سیمانتیکییەکان پێکدەهێنن. )) (شیلان عومەر،٥٢،٢٠١١: ٥٥) کەواتە دەکرێ پەیوەندی نێوان ڕێزمان و واتا لەو خاڵەدا زیاتر بەدەرکەوێ،کاتێک چەند وشەیەک بە هۆی هاوبەشییان لە سیما واتاییەکانیاندا توانای شوێنگۆڕکێیان هەیە و لە شوێنی یەکتر بەکاردەهێنرێن لەناو ڕستەدا،ئەم حاڵەتەش هەموو کاتێک و بۆ هەموو وشە سیما واتاییە هاوبەشەکان ناگونجێ،چونکە دەبێ شوێنگۆڕکێی ئەو وشانە لەسنووری ڕستەدا واتای ڕستەکە نەشێوێنێ و ڕستەکەش نەکاتە ناڕێزمانی ولەگەڵ لۆجیکیشدا بگونجێ.بۆ نموونە:

1 5 -      ڕێبوار نانەکەی خوارد.

دەکرێ لەڕستەی ژمارە (٥١)دا لەجیاتی وشەی(ڕێبوار)ئەو وشانەی کە لە ڕووی سیمای واتاییەوە لە گەڵیدا هاوبەشن،وەک:( ئازاد ژن،کوڕ،کچ، پشیلە، ،......)ببنە شوێنگرەوەی ئەو وشەیە،چونکە سیمای واتایی(+گیاندار،+زیندوو..)یان هەیە.بەهەمان شێوە لە شوێنی وشەی(نانەکە)ش،دەتوانین ئەو وشانەی لە شوێنی بەکاربهێنین لە ناو ئەو ڕستەیەدا کە شیاوی خواردن بێ و سیمای(+بێگیان،+نەرم،+خواردن،+..)ی تیابێ،بەڵام ناکرێ وشەی وا شوێنی بگرێتەوەکە لە ڕووی

لـــۆجیکەوە نەگـــونجێ یـــاخود واتـــای ڕســـتەکە بشـــێوێنێ و بگۆڕێ.بـــۆ نمـــوونە لە شـــوێنی وشـەی(ڕێبـوار)وشـەی(دیـوار) دابنێـین،(دیـوار نـانەکەی خـوارد)ڕستەیەکی ناپەسـەند لەڕووی واتـاوە پێکـدەهێنێ و لەڕووی لۆجیکیشەوە،ڕسـتەیەکی ناپەسـەندە،بەڵام ڕسـتەیەکی ڕێزمـانییە.کەواتە بەمە پەیوەنـدی نێـوان ڕێزمـان و واتـا و لۆجیک ڕوون و ئاشکرا بەدیاردەکەوێت. بەجۆرێک کەپەیوەنـدییەکی ئـاڵوگۆڕ و بەهێـز لە نێوانیانـدا پەیـدادەبێت ئەو پەیوەنـدییەش لە نـاو ڕستەکانی زمانـدا بەرجەسـتە دەبن.هەروەها لایەنی واتایی و کرۆکی ڕستەکانی تێدا دیاری دەکرێت.

((لەگەڵ ئەوەشدا بەشی کۆتایی نواندنی واتـایی لە سەر بنەمـای ئاستی سەرەوەی پێکهـاتی سینتاکسی بنیات نراوە کە داکوکی کردن و پێشبینییەکان لەخۆدەگرێت . زانیارییەکانی گوێگر سەبارەت بە بـابەتی باسکراو و ئاگاداربوونی قسەکەر لە رادەی زانیارییەکـانی گوێگر و رادەی پشتراستبوونی لەو زانیاریـانە دەشێ کـاریگەر بێ لە سەر جۆری ڕستە و دەربـڕینەکە . شوێنی هێز لە ڕستەدا ، ئـاوازەی ڕستە و لە هەندێ جێگا دووبـارەکردنەوەی فۆنیمێک یا درێژکردنەوەی لەوانەیە کار لە واتای ڕستە بکات .)) (ڤیان سلێمان ،٢٠٠٩: ٢٧)بـۆ دەرخسـتنی لایەنـی واتـایی ڕستە،یاساکانی گوێزانەوە ڕۆڵـی گرنـگ دەبیـنن لەم بـارەدا ،هەروەهـا ((یاسـاکانی گـوێزانەوەی بەئـارەزوویی- لادان- ئەرکـی هێنـانە دی کەم کـردنەوەو پاراستنی وزە لە ئاخاوتندا دەبینن و لە کاتی لادان و کرتـاندن دا ڕێزمانی ب.گ لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕۆنـانی ژێـرەوەی رستەکە دەتوانێت بنەڕەتـی رستەکە دەست نیشـان بکـات و واتـای تەواوی بەرجەسـتە ببێت. )) (دیار علی،٢٠٠٢: ٣٥)،چونکە یاساکانی گوێزانەوە لە نێـوان هەردوو ئاستی سەرەوە وژێـرەوە کاردەکەن.بەهەمان شێوە ((واتـا لە هەردوو ئاستی ژێرەوەو سەرەوەدا بوونی هەیە،گومانی تێدا نییە،کە شـوێنی واتـا ڕۆنـانی ژێـرەوەیە،بەڵام دەتـوانین بڵێـین،ئەو واتـایەی کە لە ڕۆنـانی ژێـرەوەدایە واتـای سێبەرە،و واتـای مەبەسـت نییە،بەڵکو لێکـدانەوەکانی واتاکەیە،واتـای تەواوو مەبەسـتی قسـەکەر لە ڕۆنـانی سـەرەوەدا دەردەکەوێت، واتە لەکـاتی گوێزانەوەدا لەڕۆنـانی ژێـرەوە بـۆ ڕۆنـانی سـەرەوە واتـاش دەگوێزرێتەوە،بەڵکـو زۆرجـار پێڕەوکردنـی خـودی یاسـاکانی گـوێزانەوە لە پێنـاو گەیانـدنی ئەو واتـایەدایە،کە لەڕۆنانی سەرەوەدایە.)) (دارا حمید،٢٠١٢: ٢٨) وەک لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




## ٣-٤- ڕێزمان و لۆجیک:

به هەمان شێوەی پەیوەندی واتا به ڕێزمانەوە،لۆجیکیش پەیوەندییەکی زۆری به ڕێزمانەوە هەیە،بۆ نموونە:

52- ئەو ئافرەتە بێوەژنە.

53- ئەو پیاوە بێوەژنە.

((ئاخێوەر دەتوانێت لە زمانی کوردیدا بە دوو شێوە پێکهاتەیەک لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆی بهێنێتە دەرەوە،کەهەریەکە لەم دوو شێوەیە تایبەتێتی خۆیان هەیە و لە هەمانکاتیشدا ناوکۆیی بنەڕەتییان هەیە،دوو شێوەکەش بریتین لە:

١-دەرهێنانی ڕێزمانی پێکهاتە

٢-دەرهێنانی لۆجیکی پێکهاتە

تایبەتییەکەیان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە،کە شێوەی یەکەمیان زیاتر پەیوەستە بە سینتاکسەوە و ناسینەوەو دیاریکردن و پێناسەکردنی پەیوەستە بە ڕێسا و یاساکانی زمانی کوردییەوە.بەڵام شێوەی دووەمیان زیاتر پەیوەستە بە ئاستی واتاوە.ناوکۆیی هەردوو شێوەکەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە،کەهەم دەرهێنانی ڕێزمانی و هەم دەرهێنانی لۆجیکی پێکهاتە زیاتر بۆ بەلوتکەکردنی(زەقکردنەوەی)زانیاری و واتای ئەو پێکهاتە دەرهێنراوەیە.واتە قسەکەر بەم دەرهێنانە مەبەستی خۆی لە ڕستەکە دەرهێناوەو بۆ

بەرانبەری دەربڕیوە.)) (کاروان عومەر قادر،٢٠٠٨: ١٣١) داڕشتەی سیمانتیکی وەک داڕشتەی لۆژیکی وایە لەڕێی لۆژیکەوە دەزانین،کە خەڵکی چۆن بیرەکانیان ڕێک دەخەن و چۆن خۆیان لە هەڵەو شاراوەی و لێڵی بەدووردەگرن لەناو ئارگیومێنتەکانیاندا.سەبارەت بە لۆژیکیشەوە بەهای ڕاستی زاراوەکان لەناو ئارگۆمێنتەکاندا بە پلەی یەک دێت و لە هەندێک باردا هەڵەیەکی لۆژیکی لە نەسەلماندن و ئاشکرانەکردنی زاراوەکانەوە سەرهەڵدەدات و پێناسە نەکردنیان وەک ئەووەی هەن لەڕاستیدا گرفت لە لۆژیکی بوونی ڕستەکەدا دروست دەکات. کەرەستەکانی لۆژیک بریتین لە (زاراوە،گوزارەکان(المقولات)،ئارگۆمێنتەکان و یاسا لۆژیکییەکان))وەک مەرجێکی بەڵگە نەویست دەبێت زاراوەکان لەڕووی بەها و واتاوە ئاشکرابن و دووربن لە لێڵی و تەمومژی و ئەو بیرەی قسەکەر هەیەتی وەک خۆی بگەیەنن بەبێ دروستکردنی واتای شاراوەو پەرشوبڵاوکردنی بیری گوێگر،ئەمەش بەشێکە لەئامانجی بەکارهێنانی لۆژیک،کە دەبێت بەجۆرێک کەرەستەکان ڕیزبکرێن لەکردەی گەیاندنەکەدا،کە گوێگر ڕاستەوخۆ لەڕستەوە دەربڕاوەکانی قسەکەر تێبگات و بەهای ئاخاوتنەکەش لە گرنگترینەوە بۆ گرنگ بناسێتەوەو بە پێی پێویستی و بەهێزی بەڵگە هێنانەوەکان لە مەبەست و کردەی پەیوەندیکردنەکەی قسەکەر بگات.(بەکر عومەر،٢٠١٤: ٥٤)

بنەماکانی زمان و لۆجیکی سروشتی بە شێوەیەکی بێ ئاگاییانە زانراون و تاڕادەکی زۆریش بنەماکانی زمان و لۆجیکە سروشتیەکە بە مەرجی پێشینەی وەرگرتنی زمان دادەنرێن، نەک بابەتی خوو و نەریت و مەشق پێکردن کە بە شێوەیەکی گشتی بەستراونەتەوە بە لێکدانەوەیەکی بیرکارییانەی زمانی. هەرچەندە کە چۆمسکی پێویستی بەوە نەبوو کە خۆی پەیوەست و سنووردار کردبا بە گریمانەی ڕاموس کە دەربارەی لۆجیکی سروشتی مێشکە،سەبارەت بە بیروبۆچوونە خۆرسکەکان،هەموو مرۆڤێک سێ جۆر بنەمای خۆڕسکی زمانی هەیە، کە لەگەڵ پێداویستی سەرجەم کردارەکانی دەگونجێن. ئەوانیش:(زانین، ئامادەبوون، بەدەستهێنان)ە. لە هەموو مرۆڤێکدا بنچینەی زانیاری هەیە، کە پێیان دەگوترێت "چەمکە باوەکان". هەروەها ووروژێنەر و ئارەزوو هەیە کە ناویان نراوە "غەریزە باوەکان". سەرەڕای ئەم دووانە، ئەندامەکان توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکیان هەیە، کە لەوانەیە بشێ پێیان بڵێین "بەشە باوەکان". تا ئێستا فەیلەسوفەکان تەنها لەسەر بابەتی "چەمکە باوەکان" دواون.(Padley,1976:236 )

((ڕستەکان لە زمانی کوردیدا و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا پشت بە هەردوو داڕشتەی دەنگ و واتا دەبەستن،بۆ لێکگەیشتن و ئەم لێکتر تێگەیشتنەش تەنها لەو بارەدا ڕوونادات،کە ڕستەکان لەڕووی دروستەی سینتاکسییەوە ڕاست بن و مەرج و یاسا و پرنسیپ و قەیدەکانی ئاستی سینتاکسیان جێبەجێکردبێت،بەڵکو ڕستەکان دەبێت لەڕووی داڕشتەی سیمانتیکیشەوە دروستەو واتاکانیشیان دروست و ڕاستبن و پەیوەندیی وابەستەگی واتایی لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەیەک و ڕستەکانی زمانێکدا هەبن،لۆژیک لەم ئاستەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت،کە دەبێت ڕستەکان دروست بن بە پێی یاسا لۆژیکییەکان

**و لادان لەناو ڕستەکان و پەیوەندیی نێوان وشەکانیاندا نەبێت،چونکە هەر لادانێک لە یاساو دیاردە لۆژیکییەکان دەبێتە هۆکاری لێکپچڕان و تەواونەبوونی کردەی لێک گەیشتن و دەرکەوتنی کەلێن لە پرۆسەی بیرکردنەوەکەدا.)) ( بەکر عومەر،٢٠١٤: ٥٢)واتە سینتاکس و سیمانتیک بەیەکەوە ڕۆڵ دەبین لە ناو ڕستەدا و لۆجیکیش لەم بارەدا ڕۆڵی خۆی لە دروستی ڕستەکان دەبینێ.**

**سینتاکس سیمانتیک و لۆجیک هەرسێکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە،چونکە ((سیمانتیک و لۆژیکیش لەناو هزرو زەینی مرۆڤدا کاردەکەن و پشت دەبەستن بە ڕاستییە زمانی و فۆرمییەکان و ڕاستی هەریەکێکیان پابەندە بە مامەڵەی عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵییەکان و ئەم هۆکارەشە کەوا دەکات پەیوەندی توند هەبێت لە نێوان سیمانتیک و لۆژیک لە سینتاکسدا)) (سەرچاوەی پێشوو: ٥٧) و دەتوانین هەندێک لەو پەیوەندییانە بە بەرامبەرکردنیان لەگەڵ یەکتریدا بخەینەڕوو:**

| **کەرەستەی سینتاکسی** | **هێماوئاماژەی کەرەستەکان لەسیمانتیکدا** | **کەرەستەو بابەتی لۆژیک** |
|---|---|---|
| **هەرگیز** | **+کات** | **نەرێ** |
| **لەشوێنێک** | **+شوێن** | **دەرخەری بڕێتی** |
| **کێ** | **+کەس** | **پرسیار** |
| **ڕۆیشتن** | **+جوڵە** | **ڕوودانی کار(ئاماژەی واتایی)** |

**هەروەها ((دەربڕینەکان لەزماندا ڕستەن و لە لۆجیکدا وەک مەسەلە(preposition) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ،لۆجیکیش مامەڵە لەگەڵ دروستی و نادروستی واتادا دەکا،لە سیستەمی زماندا،نەک لەگەڵ هەڵوێستی ڕاستەقینەی تری ئاخاوتندا،بەو واتایەی لۆجیک مامەڵەلەگەڵ مەسەلە(preposition- قضية )کاندا دەکا.)) (دیار علی،طالب حسین،٢٠١١: ٣٥)وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا مەبەستەکە زیاتر ڕوون دەبێتەوە:**

**نالی مرۆڤە،مرۆڤەکان نەمرنین کەواتە نالی نەمر نییە.**

**((گوزارشتی یەکەم،کەبریتییە لە (نالی مرۆڤە)و گوزارشتی دووهەم،کە (مرۆڤەکان نەمر نین)ە،دەبنە هۆکاری هاتنە ناوەوەی ئەنجامی (نالی نەمر نییە)وهەر ڕستەیەکی ئەنجامی،کە لە پێشەکییەکانەوە هەڵنەگوێزرابێت لە ڕووی لۆژیکییەوە نادروستە،ئەم حاڵەتەش پەیوەندییە سیمانتیکییەکەش دەخاتەڕوو،کە واتای سیمانتیکییانەی ڕستەکان مەرجە کە پێکەوە بێنەوەو بە هەموویان یەک چەمکی دروست بگەیەنن،هەروەک چۆن دەبێت، پێکهاتەکانی ناو ڕستەش لە ڕووی سیمانتیکییەوە دروست بن.**

أ-منداڵەکە نانەکەی خوارد و نووست.

*ب-منداڵەکە نانەکەی خواردو پیاوەکە مرد لەبەرئەوە منیش ڕامکرد.

لەڕستەی (ب)دا سێ ڕستە لێکدراوەکە لە ڕووی سیمانتیکییەوە پێکەوە نایەنەوەو تەواوکەری یەکترنین،بەڵکو گوێگر هەست بە دابڕانێک دەکات لە نێوانیاندا،بەڵام هەر هەمان ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراوداو بە بەستنەوەی بە یاساکانی پراگماتیکەوە،مەبەستێکی دیاریکراو دەدات بە گوێگر و زەمینەی زانیاری لە نێوان گوێگر و قسەکەردا هەریەکێک لە توخمە پێکهێنەکانی ئەو ڕستەیە مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنن وەک لە کاردەکات بەڕادەیەک دەوروبەرێکی فیزیکی یان دەقیداو لە گێڕانەوەی ڕووداوێکدا. بۆ نموونە:

أ- مامۆستا ئازاد زۆر زیرەکە...ڕاگرەکە زۆر زیرەکە

ب- مامۆستا ئازاد باڵای کورتە...ڕاگرەکە باڵای کورتە

ت- کەواتە مامۆستا ئازاد ڕاگرە

پەیوەندی نێوان (أ،ب) پەیوەندییەکی فۆرمی لۆژیکییانەیەو ئەو ئەنجامەی ،کە بەدەستهێنراوە لە(ب)دا لە ئەنجامی هەڵگواستنی فۆرمییەوەیەو پەیوەندی نێوان >>ئازاد<<و>>ڕاگر<<پەیوەندییەکی فۆرمی و ناولێنانە هێندەی پەیوەندییەکی چەمکی بێت،چونکە مەرج نییە،لەڕێی هەندێ پێکهاتەی چەمکییەوە دوو ناولێنراو بن، وەک لە ڕستەی(ت)دا دەرکەوتووە،کە بە هۆی هەردوو چەمکی >>زیرەک<<و>>باڵای کورتە<< بەهاو نرخی ڕاستەقینەی >>ئازاد<<و>>ڕاگر<<یەکسانبوون و دەکرێت لە چەندین پێکهاتەی تری چەمکیدا لەیەک جیاواز بن،وەک(رەچەڵەک،ڕەنگ،ڕووخسار،بیروباوەڕ...هتد) )) ( بەکر عومەر،٢٠١٤:٥٩: ٦٠)

54- فەرهاد کوڕە .

55- ماست سپییە .

ئەو وتانەی سەرەوە لە ڕووی مەنتقەوە ڕاستن ، واتە لای هەمووان و قسەکەر پەسەندن و هەست بە ڕاستیان دەکرێت . لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (فەرهاد) وەک باوە لە زمانەکەدا زیاتر بۆ ناونانی ڕەگەزی نێر (کوڕ) – نەک (کچ) – بەکاردێت ، بۆیە لای قسەکەری زمانەکە دەبێتە شتێکی سەیر ، کە بڵێین (فەرهاد کچە) .لە ڕستەی دووەمدا وشەی (ماست) هەموو بە بینین هەست بە سپێتی دەکەین و لە ڕەنگەکانی تر جیای دەکەینەوە . واتە بەڕاستی نازانین ئەگەر بڵێین (ماست ڕەشە) . لەبەرئەوە کارێکی ئاساییە ، کە یاساکانی بیرکردنەوەی ڕاست (واتە مەنتقی) وەک یەک بن و لەڕووی ڕۆنانەوە

لێکچوونیـــان لە گەڵ یاســاکانی زمانــدا هەبێــت ،چــونکە زمــان لە خۆیــدا بــریتییە لە دەربڕینــی بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ .

هەروەها لە شیکردنەوەی ڕستەدا – لەڕووی ڕێزمـان و مەنـتقەوە – دەکرێ دوو جۆرە ڕەگەز (بـکەر یـان بەرکار) جیابکرێنەوە ، بەم شێوەیە:

1 - بکەری ڕێزمانی :

لە نـاو چوارچێوەی ڕستەدا ئەو ناوەی کە خانەی بکەر دەگرێتەوە ، نـاوەکە چ بـکەری ڕاستەقینە بێت ، چ ڕاستەقینە نەبێت . کە بکەری مەنتقی بەرامبەری دەوەستێت .

- دیوارەکە ڕووخا.

2 - بکەری مەنتقی :

بـریتییە لە بکەری ڕاستەقینەی کـارەکە ، ئەگەرچـی لە شـوێنی بـکەری ئـاساییدا بەکارنەهـاتبێ ، یـان لانەبراییێت بۆیە زۆرجار دەبینین ڕستە لەڕووی ڕێزمان و مەنتقەوە یەک جۆرە شیکردنەوەی هەیە ، واتە ئەو کەرەسـەیەی لەڕسـتەدا دەبێـتە بـکەری یـان بەرکـاری ڕێزمـان ، هەمـان کەرەسـە دەبێـتە بـکەر یـان بەرکاری مەنتقی ڕستەکە ، بۆ نموونە :

گۆران سێوەکەی خوارد.

ب.ڕێ ب.م بە.ڕێ بە.م

بەڵام هەنـدێ جـار شـیکردنەوەی ڕسـتە لەڕووی ڕێزمـان و مەنـتقەوە جیاوازیـان دەبێـت ، واتە بـکەری ڕێزمانی دەبێتە بەرکاری مەنتقی و بەرکاری ڕێزمانیش دەبێتە بکەری مەنتقی ڕستەکە ،(تـاڵیب حوسێن عەلی ، ٢٠١٤: ٥٣: ٥٤) وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

سەیارەکە فرۆشرا. (باوکم سەیارەکەی فرۆشت.)

ب.ڕێ بە.م

واته (بکەر لەڕستەدا لەڕووی پەیوەندی ڕێزمانی یەوە دەشێ بکەرێکی مەنتیقی (logical subject) ،یا بکەرێکی ڕێزمانی بێت .مەبەست لە بکەری مەنتیقی ئەو بکەرەیە ،کە لە ڕستەدا کاری ڕستەکە رادەپەڕێنێت و دەستی هەیە لە بەجێ هێنانی دا وەک بکەری ئەم ڕستانەی خوارەوە:

56- **شێرکۆ** ڕۆیشت .

57- **کامەران** رادەکات .

مەبەست لە بکەری ڕێزمانیش ئەو بکەرەیە ،کە لەڕووی پەیوەندی ڕێزمانی یەوە بەرکارەو نە کاری ڕستە رادەپەڕێنێت و نە دەستیشی لە بەجێ هێنانی دا هەیە. (احمد حسن فتح الله،١٩٩٠: ٤٣) وەک بکەری ئەم ڕستانەی خوارەوە:

58- **دزەکە** گیرا .

59- **خانووەکە** سووتا .

((زانیاری یاسا سینتاکسیەکانی زمانەکە یارمەتیمان دەدات لەوەی کە دەستنیشانی ئەوە بکەین کە چۆن بەشە جیاوازەکانی ڕستەیەک پەیوەستن بەیەکەوە، وەکو لەم ڕستانەدا:

60- قوتابییەکە کێشەکەی چارەسەرکرد

61- کێشەکە لەلایەن قوتابییەکەوە چارەسەرکرا

وشەی "قوتابییەکە" بکەری ڕێزمانی ڕستەی ژمارە (٦٠)ە، بەڵام لەڕووی لۆژیکییەوە بکەری هەردوو ڕستەکەیە.یاسا سینتاکسییەکان دەستنیشانی ئەو پەیوەندییە ڕێزمانی و لۆژیکییانە دەکەن،کە بەیەکەوە لەگەڵ یاسا سیمانتیکییەکاندا یەکدەگرن و واتای ڕستەکانیش بەدەردەخەن.)) ( Fromkin& Rodman, 1988:166)

## ٣-٥- جۆرەكانی ڕستە بەپێی پۆلینی لۆجیكی:

دەكرێ ڕستەكانی زمان ،بەپێی پۆلینی لۆجیكی بۆ سێ جۆر پۆلین بكرێن ،بەم شێوەیەی خوارەوە :

### ٣-٥-١- ڕستەی شیكاری:

ئەم جۆرە ڕستەیە ((بریتییە لەو ڕستانەی كە لە خودی خۆیاندا ساغكردنەوەی دروستییان تێدایە،واتە پێویستییان بە سەلماندن نییە لە ڕێگەی میتۆدی ئەزموونەكی دەرەكییەوە. )) (دیار علی،طالب حسین،٢٠١١: ٣٧)هەروەها ئەم جۆرە ڕستانە،((پرۆپۆزیشن و تیۆرەكانی مەنتیق و ماتماتیكن ،روخسارەكین، راستن بەپێی ئەو ناوەڕۆكە روخسارەكییەی كە هەیانە ،هیچ شتێك دەربارەی جیهانی دەوروبەر ،جیهانی بابەتی نالێن. )) (حەمید عەزیز،٢٠٠٥: ١٢)،بۆ نموونە:

62 - ڕەبەنەكە ژنی نییە.

### ٣-٥-٢- ڕستەی لێكدانی:

ئەم جۆرە ڕستانە ((ئەزموونەكین وەك گریمانە و پرۆپۆزیشنەكانی زانستە ریالیستەكان وەك (فیزیك ....هتد) ، شت دەربارەی بابەتەكانی دەوروبەر دەلێن ،پێویستیان بە ساغكردنەوە هەیە .ئەگەر راست بوون دەمێننەوە ئەگەر نا لە جیهانی زانست دوور دەخرێنەوە .ئەمانە ئەو كەرەسەیەن لەدوای ساغ بوونەوەو پشت راستكردنەوەیان بەپێی پێوانە یاخود بەپێی پێودانگی تایبەتی زانستی كە بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێن ،وەك تابلۆ تەلاریی وێنەی جیهانی زانستییان لێ دروست دەكرێ .)) (سەرچاوەی پێشوو:١٣) هەروەها ئەم جۆرە ڕستانە ((بۆ ساغكردنەوەیان لەڕووی دروستی و نادروستییەوە،دەبێ پەنا ببرێتە بەر میتۆدێكی زانستی لە دەرەوەی خودی ڕستەكە،چونكە ئەم جۆرە ڕستانە زانیاری دەربارەی بابەتەكانی دونیای دەرەكی دەدەن،واتە زانیاری لەبارەی ئەو بابەتانەوە دەدەن كە دەكەونە دەرەوەی سنووری زمانەوە،ڕستە لێكدانییەكان زانیاری دەربارەی شت دەدەن.)) (دیار علی،طالب حسین،٢٠١١: ٣٧) وەك لەم نموونەیەدا زیاتر دەردەكەوێت:

63 - ئاو لە پلەی سفری سەدیدا دەیبەستێ.

**٣-٥-٣- ڕستەی مێتافیزیکی:**

**سەرەڕای ئەم دوو جۆرە ڕستەیە،((جۆرە ڕستەیەکی تر هەیە کە لە بوارێکی تردا بەرچاو دەکەون .ئەمانە نەشیکارین و نە لێکدانین ،بابەتی زانست و مەنتیق و ماتماتیک نین بەڵکو بابەت و ناوەڕۆکی مێتافیزیکن .ئەم جۆرە ڕستە و دەستەواژانە ئەگەرچی ئاسایی بێنە بەرچاو ، پووچ و بێ واتان و جۆری بەکارهێنانەکەیان لە بواری تێکستێکی مێتافیزیکدا بە پێچەوانەی بنەڕەتەکانی سینتاکس – سیمانتیکی زمانە ،شیکردنەوەی مەنتیقییانە ئەم لایەنەساغ دەکاتەوە .)) (حەمید عەزیز،٢٠٠٥: ١٢: ١٣) بەم پێیە مێتافیزیک ((لەم جۆرە ڕستانە پێکدێ و مەسەلەکانی مێتافیزیک لە سیمانتیکی لۆجیکیدا دەبنە مەسەلەی بەتاڵ لە واتا.**

4 6 - **ڕەها سوورە.**

**ڕستەیەکی مێتافیزیکییە،نادروستە بەپێی ناوەڕۆکەکەی،چونکە دژایەتییەکی لۆجیکی تێدایە بەو پێیەی سیفەت دەربارەی ( نا – شت ) دەڵێ.)) (دیار علی،طالب حسین،٢٠١١: ٣٧)**

**ڕستەکانی لۆجیک(( تاوتۆلۆجین واتە هەمان گوتن .هەروەها ڕستەکانی مەنتیق هیچ شتێک نالێن .ئەمانە چەند ڕستەیەکی شیکارین .ڕستەی مەنتیق لە سێ بەش پێک دێت ،ناو (بکەر) ،بار ((خەبەر)) و ئامرازێک کە ئەم دووانەبە یەکەوە دەبەستێتەوە .ئەم ئامرازە لەزمانی کوردیدا نییە و مەبەست لە (is) ە لەزمانی ئینگلیزیدا .ئەگەر بوترێ :سوکرات مرۆڤە .هیچ نەوتراوە چونکە مرۆڤ وەک بار (سیفەت ،محمول) لە چەمکی بۆچوونی سوکرات خۆیدا هەیە و هیچ کاتێک ناکرێ سوکرات مرۆڤ نەبێ یاخود (ئا هەر ئا)یە.)) ( حەمید عەزیز،٢٠٠٥:١٤)**

**هەروەها((کارێکی ئاساییە ، کە یاساکانی بیرکردنەوەی ڕاست (واتە مەنتقی) وەک یەک بن و لەڕووی ڕۆنانەوە لێکچوونیان لەگەڵ یاساکانی زماندا هەبێت، چونکە زمان لەخۆیدا بریتییە لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ .لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لە ڕستەسازیدا بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕستەکانی زمان ،لەگەڵ شیکردنەوەی مەنتقیدا جیاوازیان دەبێت،بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک:**

5 6 - **کەوە جوانەکە لە قەفەسەکەدا دەخوێنێ.**

**بۆ شیکردنەوەی فۆرمی سینتاکسی ئەو ڕستەیە،دەکرێ هەمان ڕێگە بەکاربهێنرێت ،کەلە ڕستەسازیدا باوە لە شیکردنەوەی ڕستەکاندا،وەک: بکەر و دیارخەر و کار...تاد.هەروەها بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەکە تەنیا بایەخ بە واتای کەو و جوان و قەفەس و خوێندن دەدرێ،بەڵام لێکدانەوەی ئەو ڕستەیە لە ڕووی مەنتقەوە بە جۆرێکی تر ئەنجام دەدرێت. )) (تالیب حوسێن،٢٠١٤: ٥٣) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

66- بەلای کەمەوە کەوێک هەیە.

67- ئەو کەوە جوانە.

68- بەلای کەمەوە قەفەسێک هەیە.

69- ئەو کەوە لەناو قەفەسەکە دانراوە.

70- کەوەکە دەخوێنێ.

## ٣-٦- ڕێزمان و تێگەیشتن :

ڕێکخستنی کەرەسەکانی ڕستە ،ڕێزمان جێبەجێی دەکات ئەمەش بەمەبەستی گەیاندنی واتای پەسەند و دروستی ڕستەکەیە لای گوێگر و تێگەیشتن لێی واتە((بۆ دەستنیشانکردنی هەر ئەرکێکی ڕستە،دەبێ تەواو لە مەبەستی قسەکەر (یا نووسەر) بگەین و بەپێی مەبەستی وردی قسەکەر ئەرکەکە دەستنیشان بکرێ،لە ئاخاوتندا هێز و ئاواز و هێما جوڵەییەکانی قسەکەر یارمەتییێکی زۆری قسەکەر دەدەن بۆ گەیاندنی مەبەستە وردەکەی.)) (عەبدوڵڵا حوسێن ، ٢٠١٤: ٤٧) لێکۆڵینەوە لە توانا شتێکی بەرهەڵستکاری و بەرەنگارییە، لەبەرئەوەی کە زانیارییەکانمان سەبارەت بە زمان هەم ئاڵۆزە و هەم هەست پێنەکراوە. چەند کەسانێکی کەم توانای تێگەیشتنیان لەو ڕستەیە هەیە کە شیکارێکی زمانی بەدەستیەوە دەدات،بۆ ئەو پرسیارەی کە چۆن دەکرێت لێکۆڵینەوە لەو زانیارییە بکرێت، ڕێگە بەهەبوونی وەڵامی ئاسان نادات. ئەگەرچی زانیاری خۆی شتێکی ناوەکییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی زانیاری دەستکەتوو کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ لێکۆڵینەوە گشتی و تایبەتییەکان. دەتوانین سەرنجی چالاکی کەسانی دیکە بدەین یان ژێری خۆمانیان پێشکەش بکەین. (smith,1999:28)هەروەها ((دەقەکان ناکرێن بە بناغەی پەسنکردن ،بەڵکو ڕستە دەکرێت بەو بناغەی پەسنکردنە .کەواتە توانست وەک لەباردابوونی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ڕستە پێناسە دەکرێت .)) (محەمەدی مەحوی ،٢٠٠٩: ٣٤٤)

هەرسێ پێکهێنەکەی ڕێزمان(سینتاکسی و سیمانتیکی و فۆنۆلۆژی) ڕۆڵیان هەیە لە تێگەیشتن لە ڕستەکانی زماندا.هەروەها ((توانستی ڕێزمانی توانستێکی ناوخۆیی زمانە و بریتییە لە زانیاری ئاخێوەرە ڕەسەنەکان بەرامبەر بە ڕێزمانی زمانەکەیان لەڕووی تێگەیشتن و ئاخاوتنەوە کە لەسێ شێوەی توانای زمانیدا (توانای سینتاکسی ،توانای سیمانتیکی ،توانای فۆنۆلۆجی) دا بەرجەستە دەبێ.)) (دیار علی،٢٠٠٢: ١٧)وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

71- ئێمە خواردمان نان .*

72- ئێمە نانمان خوارد . توانای سینتاکسی

73- باوکم تا ئێستا ڕەبەنە .*

74- براکەم تا ئێستاش ڕەبەنە. تواناى سيمانتيكى

75- هەمووومان لە ئەوماندا .*

76- هەمووومان لەوماندا . تواناى فۆنۆلۆجى

توانای قسەکەری زمان لە بەخشینی زانیاری لە سەر کۆمەڵە وشەیەکی یەک لەدوای یەک بە تایبەتی کە ڕستەیەکی ڕاست یان ڕستەیەکی لادراو لە ڕێزمانی زماندا دروست دەکات ناو دەنێت بە درکپێکردنی (الحدس اللغويى) کە تایبەتە بە قسەکەری زمان ،ئەم پەیڕەوە زمانییەش کە لە توانای قسەکەری زماندا هەیە بچەسپێنێت (تایبەت بە ڕستەی زمانەکەی )،مادده زمانییەکان دابین دەکات کە لە ڕێگەی ئەوەوە یاساکان دادەنێین ئەوەش لەبەرئەوەی کە پرۆسەی بابەتی درکپێکردنی زمانی تایبەت بە قسەکەر بوار دەڕەخسێنێت بۆ تێبینی کردنی بابەتە زمانییەکان و دەسکەوتنی ڕێزمان لە ڕێگەیەوە.)) (میشال زکریا،١٩٨٣: ٩)بەم شێوەیە دەبینین کە تێگەیشتن و پەیوەندی تێگەیشتن بەڕێزمانی زمان گرنگی خۆی هەیە.

## ٣-٧- لادانی زمانی :

لادانی زمانی لادانە لە یاساکانی زمان ،((بنەمایەکی گرنگی تری شێوازە کە دەرچوونە لە یاسا باوەکانی بەکارهێنانی زمان . (ئینکفست) وا پێناسەی لادان دەکات دەڵێت : مەبەستمان لە زاراوەی لادان جیاوازی نێوان دەق و یاسای ڕێزمانی گشتی زمانە بەمەش لادان دەبێتە ناڕێزمانی و نائاسایی .لادانی ڕێزمانی بەزاندنی یاساکانی ڕێزمان ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە و کار لە ناوەڕۆک ناکات ،ئاشکرایە ڕێزمان بریتییە لە (وشەسازی + ڕستەسازی) بەمەش لادانەکان دەبنە دوو جۆر : لادانی وشەسازی (لێکسیکی)و لادانی ڕستەسازی. لادانی وشەسازی :بەکارهێنانی وشەی داهێنراو و نوێباو دەگرێتەوە .لادانی ڕستەسازیش لە ڕێگەی گۆڕینی ڕیزبەندی کەرەستەکانی ڕستە ئەنجام دەدرێت.)) (عەبدولواحید موشیر،٢٠١٢ :٤٦: ١١٦) واتە لادانی وشەسازی گەردانکردن یان دروستکردنی ئەو مۆرفیمانەی کە لە دەرەوەی شێوەی ئاسایی زمانن دەگرێتەوەو لەڕێگەی لادان لە یاسا وشەسازییەکانی زمانەکە دروست دەبن. هەرچی لادانی ڕستەسازیشە لەڕێگەی شوێنگۆڕکێی کەرەسەکانی ڕستەوە،واتە بە گۆڕینی ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستەکە لادەدات،چونکە بەمە لە یاسا ڕستەسازییەکانی زمانەکە لادەدات.

لە زمانی کوردیدا ڕیزبوونی بنجی بەشێوەی (بکەر- بەرکار- کار)ڕیز دەبێت،چونکە زۆربەی ڕستەکانی زمانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە،کە بە (بکەر) دەست پێدەکات و بە (کار)یش کۆتایی پێ دێت،هەرچەندە لە قسەکردندا هەندێ جار ڕیزبوونی ئەو ڕۆنانە گۆڕانی بەسەرداديێت،بەتایبەتی لە

**دەربڕینــی ڕســتەی کــورتکراوە و بە لــووتکەکردنی بەرکاردا،یــاخود بەکارهێنــانی شــێوازی جیــاواز لە قسەکردندا.**

**بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا،دەکرێ بڵێین(( بە گشتی لە زماندا دوو جۆرە وشە ڕیزبوون بەدی دەکرێت :**

**١-ڕیزبوونی چەسپاو**

**مەبەســت لە ڕیزبــوونی چەســپاو ئەوەیە،کە هەر گۆڕانێــک لە ڕیزبــوونی کەرەســەکان ،لە ســنووری گرێکاندا،ڕووبــدات ،دەبێــتە هــۆی گــۆڕانی ئەرکــی سینتاکســی ڕســتەکەو هەروەهــا لێکــدانەوەی واتــایی کەرەسەکان دەگۆڕێت. واتە لەم جۆرەدا دەبێ کەرەسەکان پابەندی ڕیزبوونەکە بن ،بۆ نموونە:**

77 - **باوکم خانووەکەی فرۆشت.**

78 - **خانووەکەی باوکم فرۆشت.**

**٢- ڕیزبوونی ئازاد :**

**وەک سیستەمێکی ڕیزبوون بریتییە لە ڕیزبوونی وشەکان لە ناو ڕستەدا بە چەند شێوەیەکی جیـاواز، بـێ ئەوەی کــار لە واتــای ڕســتەکە بکــات. واتە هەر گۆڕانێــک (پــێش خســتن و پــاش خســتن) لە ڕیزبــوونی کەرەسەکاندا ڕوودات، نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی ڕێزمانی وشەکان، بۆ نموونە:**

79 - **مناڵەکە ژێرپیاڵەکەی شکاند.**

80 - **ژێرپیاڵەکە مناڵەکە شکاندی.**

**پــێش خســتنی (بەرکــار) لەو ڕســتانەدا دەگەڕێــتەوە بــۆ بــایەخ پێــدانی قســەکەر بەو بەشــە و بە لــووتکەکردنی بەشــەکە لە ڕســتەکەدا.)) (تــاڵیــب حوســێن ، ٢٠١٤ : ١٥: ١٦) واتە لە ڕیزبــوونی کەرەســەکانی ڕستەدا هەر گۆڕانێـک ، لە سنووری فرێزەکانـدا ، ڕووبـدات ، گـۆڕانی ئەرکـی سینتاکسـی ڕستەکە و گۆڕان لە لێکدانەوەی واتایی کەرەسەکان دروست دەکات . ئەمە لەکاتێکدا لە ڕیزبـوونی ئـازاد دا گۆڕانی شێوەی ڕیزبوونی کەرەسەکان ، گۆڕانی لایەنی واتایی و گۆڕانی ئەرکـی ڕێزمـانی وشـەکانی لـێ نـاکەوێتەوە .هەروەهـا لادان ((گەورەو بچـووکی هەیە و پێوەریشـی بـۆ دادەنرێ.بـۆ نمـوونە ئەو لادانەی تەنیــا یەک ســیما فەرامــۆش دەکــات لەو لادانە بچــووکترە،کە دوو یــان زیــاتر یــان هەمــوو ســیماکانی پەیوەندی نێوان کار و بکەر یان بەرکار بەلاوە دەنێ.)) (محەممەد مەعروف،٢٠١٠: ٤٠٦)**

((له زمانەوانی نوێ دا زۆرجار کێشەی جیاکردنەوەی نێوان ڕێزمان و فەرهەنگی وشەکان بە ڕێگەی جیاکردنەوەی نێوان ئەو ڕستانەی کە ناپەسەندن بە هۆی لادانی ڕێزمانی ،لەگەڵ ئەو ڕستانەی کە بە هۆی وشەکانیانەوە دووردەخرێنەوە ،ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە ،دەکرێ لە زمانەکەدا بە ئاسانی ئەو ڕستانەی کە لە بەر هۆیەکی ڕێزمانی لایان داوە ،دەستنیشان بکرێن ،وەک :

1 8 - منداڵەکان لە ژوورەکەدا نووست.*

لەم ڕستەیەدا یاسایەکی ڕێزمانی جێبەجێ نەکراوە ،ئەویش ڕێک نەکەوتنی بکەر و کارەکەیە لە کەس و ژمارەدا .لەبەر چەند هۆیەکی تر ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕەت دەکرێنەوە:

2 8 - دارسێوەکە زیرەکە.*

3 8 - منداڵەکە شکا.*

لەم جۆرە ڕستانەدا دووچاری کێشەی گونجان و بەکارهێنانی وشەکان دەبین ،کە دەبێ لە ڕیزبوونی کەرەسەکاندا ،سنووری دەرکەوتنیان لە گەڵ یەکتردا ڕەچاو بکرێت ،هەروەها ئەو وشانەی کە دەشێ لە هەمان بیئەدا لە شوێنی یەکتردا بەکاربهێنرێن .)) (تاڵیب حوسێن ،٢٠١٤: ٤٤: ٤٥) وەکو لە نموونەکانی سەرەوەدا دیارە.

((بەزاندنی یاساکانی ڕێزمان ئاستی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە نەک ئاستی ناوەوە. لادان لە ئاستی دەرەوەدا رووکەش و تەنکە و پەیوەندی بە ڕووخسارەوە هەیە،و کار لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە ناکات و لەم رووەوە لە هەڵەی ڕێزمانی دەچن.نموونە لە شیعری کۆن و نوێدا هەن،بەڵام سەرچاوە کوردییەکان بە زۆری لە شیعری کۆندا بەدی دەکرێن.

- لە پەرچەمتایە دڵ شانەی مەکە لانەی مەشێوێنە.(عەلی کەمال باپیر ئاغا:١٩٨٦:١١١)

لێرەدا لە ڕستەی (لە پەرچەمتایە دڵ) تەواوکەر و بکەر جێگەیان گۆڕیوەتەوە، واتە،(دڵ لە پەرچەمتایە)زیاتر لە کوردی ڕۆژانە دەچێ.)) (محەمەد مەعروف ،٢٠١٠: ٤١٢) وەک:

- پارەکە لەگیرفانم دایە.
- لە گیرفانم دایە پارەکە.

لادانی ڕێزمانی،لادانە لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان کەرەسەکانی ڕستەکە، ئەمەش لە دوو جۆرە لاداندا دەردەکەوێت ،کە بریتین لە لادانی سینتاکسی و لادانی فەرهەنگی یان وشەیی.

4 8 - * شیرین ئاوەکەی دڕاند .

85- **شیرین ئاوەکەی ڕشت.**

86- *** ئاوەکەی شیرین ڕشت.**

**ڕستەی (٨٤)،ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، هۆی ناڕێزمانیەکەشی لادانی ڕیزمانییە لە جۆری لادانی فەرهەنگی،بەکارهێنانی وشەی(ئاو) لەگەڵ وشەی (دراند) بەیەکەوە نەگونجاون لەم ڕستەیەدا ، ئەگەرچی ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستەکەش تەواون.**

**ڕستەی (٨٥) ڕستەیەکی ڕیزمانی و دروستە،لەبەر ئەوەی کە لادان لە ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستەکە و لادانی وشەسازی تێدا نییە،واتە بەکارهێنانی هەر سێ وشە فەرهەنگییەکانی (شیرین ، ئاو ، ڕشت) لە گەڵ یەکتردا گونجاون ،بۆیە ڕستەیەکی تەواو دروستە لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە.**

**هەرچی ڕستەی (٨٦)یشە،بەهۆی گۆڕینی ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستەکە،لادانی ڕێزمانی تێدا بەدیدەکرێت و لە ڕووی سینتاکسییەوە لادانی دروستکردووە کە بە هۆیەوە ڕستەیەکی ناڕێزمانی پێکهێناوە.ئەمەش بۆتە هۆی لادانی ڕستەکە لەڕووی سینتاکسییەوە ،کە بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی لەقەڵەم دەدرێت.**

**لە نموونانەکانی پێشوودا دەردەکەوێت،کە پەیوەنییەکی بە هێز و توند و تۆڵ لە نێوان لادانی ڕێزمانی و ڕێزمانێتی دا هەیە،چونکە لادانی ڕێزمانی لە ڕستەیەکدا دەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە، یان ڕستەیەکی ڕێزمانییە ،بەڵام ناپەسەندە لە ڕووی واتاوە.**

**لادانی ڕیزمانی بەزۆری لە شیعرەکاندا دەردەکەوێت،هەردوو جۆرەکەی لادانی ڕێزمانی ،سینتاکسی و فەرهەنگی لە ناو شیعرەکاندا بە ڕیژەیەکی زۆر و بەرچاو دەردەکەون.بۆ نموونە:**

**موساوی وەک یەک و لولن لە هەردوو لاوە زولفەینی**

**نموونەی عەکسی حەرفی(میم)و(نون)و(واو)ە زولفەینی**

**لەم دێرە شیعرەدا بە هۆی ئەوەی (نالی)ی شاعیر سوودی لە وشەسازیی زمانی عەرەبی وەرگرتووە بۆ دروستکردنی وشەی (زولفەین)،ئەمەش وای کردووە لە وشەسازیی زمانی کوردی لای داوە.**

**((لە ڕاستیدا بریاردان لەسەر ڕستەی بنچینەیی تەنها بە پەسەندکردنی ڕستەی دیاریکراو یان ڕەتکردنەوەی ئەو ڕستەیە نابێت، بەڵکو بە دیاریکردنی پلە جیاوازەکان دەبێت لەڕووی تێڕامانی ڕستەکە ، لەبەرئەوەی ڕستە نابنچینەییەکان بە گوێرەی پلەی لادانیان لە ڕێزمانی زمانەکەدا جیاوازییان دەبێت، پلەی ڕستەی نابنچینەیی پەیوەست دەبێت بەو یاسایەی کە ڕستە لادراوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.)) (میشال زکریا،١٩٨٣: ٩)**

## بەشی چوارەم

### ڕێزمانێتی و بنەماکانی:

### ٤-١- ڕێزمانێتی

ڕێزمان یان زانستی ڕێزمان لقێکە لە زانستی زمانی تیۆری ،بایەخ بە کورتکردنەوەی ڕەفتارە زمانییەکان دەدات کە نەتەوەیەک لە ئاخاوتن و نووسیندا بەکاریان دەهێنێ یان پەیڕەویان دەکات.(محمد علي الخولي،١٩٨٢: ١٠٩)لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە چۆنیەتی لێکدان و ڕیزبوونی ئەو کەرەسانەی زمان لەچوارچێوەی ڕستەدا کە لە ڕێگەی یاساکانی زمانەوە بەرجەستە دەکرێن،کەواتە ((دەستنیشانکردنی سروشت و چۆنیەتی پێکهاتنی ئەم کەرەسانە (دەنگ – فۆنیم – برگە – مۆرفیم – وشە – فرێز ) و پێشاندانی جۆری پەیوەندیی نێوانیان و چۆنیەتی لەیەکدانیان لەناو چوارچێوەی ڕستەدا ڕێزمانی زمانەکەیە.)) (وریا عمر امین،١٩٨٦: ٢٥)

هەرچی چەمکی ڕێزمانێتییە ئەوەیە کە پەیوەندی بەلایەنی دروستی دەربڕینە زمانییەکانەوە هەیە واتە دەکرێ بڵێین ((ڕێزمانێتی وەکو سیفەتێک یان ئاکارێک ئاماژەیە بۆ ئەو ڕستە و دەربڕاوە دروستانەی کە لەگەڵ ڕێزمانی زمانەکەدا دەڕوات.)) ( محمد علي الخولي،١٩٨٢: ١٠٩)

چەمکی ڕێزمانێتی تەنیا پەیوەست نییە بە واتاوە،واتە لەبەرئەوە ((ناتوانین چەمکی ڕێزمانییتی بەپێی هیچ پێوەرێکی واتایی بەوە دەستنیشان بکەین کە هەموو ئەوانەی مانایان هەیە،یان ئەوانەی کە مەبەستێک دەگەیەنن ڕێزمانیین.)) (حاتەم ولیا ،٢٠٠٩: ٥٦) بۆ نموونە لەو دوو ڕستەی چۆمسکی ئاماژەی پێداوە لەم بارەیەوە لە زمانی کوردیشدا هەموو قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانەکە دەزانن کە ڕستەی (٨٧) ڕێزمانییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو ڕستەکە(٨٧، ٨٨ )بێ واتان.

87- بیرۆکە سەوزە بێ ڕەنگەکان شێتانە دەنوون .

88- شێتانە دەنوون بیرۆکە سەوزە بێ ڕەنگەکان.

ئەو یاسا سینتاکسیانەی کە ڕێگە پێدراون بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لە سەر ڕێزمانی بوون،یاسای بێ ئاگایین. ڕێزمانێکی هزرییە و جیاوازە لەو یاسا ڕێزمانییە وەسفیگەرییانەی کە لە قوتابخانە فێریان دەکردین،واتە ئێمە پەرە بە یاسا هزرییەکانی ڕێزمان دەدەین زۆر بەر لەوەی بچینە قوتابخانە.((Fromkin,2005:321)) دەتوانین بڵێین بنەمای ڕێزمانێتی ڕستەکان،یاسا سینتاکسییەکانی ڕێزمانە،چونکە ((زانیاری بێ ئاگایی یاسا سینتاکسیەکانی ڕێزمانەکە

رێگە بە قسەکەران دەدات کە بڕیار لەسەر ڕێزمانێتی ڕستەکان بدەن.)) ( Fromkin&Rodman 1988:165 ,) لەبەرئەوەی ((دەکرێت ماوەیەکی پێ بچێت تا منداڵان سەرجەم مۆرفیم و کارە یارەدەدەرە ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بەکاربێنن. هەرچەندە منداڵ بە ئەنقەست وشە ئەرکییەکان جێناهێڵێت، وەکو ئەوەی هەرزەکارێک دەیکات. ڕستەکان ڕەنگدانەوەی لایەنی ڕێزمانی منداڵەکانن لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەسەندنی زمانەکەدا. ئەگەرچی لەوانەیە ئەم ڕستانە کێشەی نەبوونی چەند مۆرفیمێکیان هەبێت،بەڵام پێدەچێت پێکهاتەکانیان سیستەمێکی ڕیزکردنی تێدا بەدیبکرێت و یاسا سینتاکسیەکان لێکچوو بێت لەگەڵ ئەو ڕێزمانەی کە کەسێکی هەرزەکار هەیەتی. بۆ نموونە، منداڵان هەرگیز پێشێلی یاساکانی ڕیزبوونی وشەکانی زمانیان ناکەن.)) (Fromkin 2005:334 ,..,)هەروەک لە زمانێکی وەکو زمانی کوردیدا هەیە کە ڕیزبوونی وشەکانی لە سنووری ڕستەدا لە جۆری (SOV)یە "بکەر- بەرکار- کار " منداڵان هەر لە قۆناغێکی زووەوە فێری بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕیزبوونە دەبن.

وەک چۆن بۆ ڕێزمانێتی بوونی ڕستەکان ،پێویستە ڕستەکان پابەندی یاسا سینتاکسییەکانی زمان بن،بەهەمان شێوە یاسا سینتاکسییەکان لەڕێزمان دا دەبێت بەلایەنی کەم ڕەچاوی ئەمانە بکەن:

1. ڕێزمانێتی ڕستەکان.
2. ڕێزبوونی وشەکان .
3. لێڵی پێکهاتەیی
4. ئەو ڕستانەی کە پێکهاتەکانیان جیاوازە دەکرێت هەمان واتایان هەبێت.
5. پەیوەندییە ڕێزمانی و لۆژیکییەکان لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا.
6. توانای داهێنەری قسەکەران بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی کۆمەڵە ڕستەیەکی بێ شوومار کە هەموویان ڕستەی گونجاون.

ئامانجێکی سەرەکی زمانەوانی بریتییە لەوەی کە بەڕوونی و بە ئاشکرایی نیشانی بدات چۆن یاسا سینتاکسییەکان هەژماری ئەو زانیارییە دەکەن. تیۆری ڕێزمانی دەبێت بە شێوەیەکی تەواو تایبەتمەندی ئەوە بەرجەستە بکات کە قسەکەران چ دەزانن دەربارەی زمانەکەیان. ,Fromkin& Rodman)

1988:167)هەروەها بۆ ئەوەی ڕستەیەک ڕێزمانی بێ دەبێ پابەندی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە بێت ،بۆ نموونە ڕستە لە زمانی کوردیدا دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێت :

١-((هەر ڕستەیەک دەبێ لە چەند وشەیەک – ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ – پێک هاتبێ ، هەر وشەیەکیش بەدەوری خۆی واتایەک ببەخشێ .

٢-لە کاتی گرێدانی وشەکان بەیەکەوە لە سیاقێکی زمانیدا ، پێویستە ڕەچاوی تایبەتییەکانی ڕێزمانی بکرێت ، واتە ئەو یاسایانەی کە ڕستەکانی لە سەر بنیاد دەنرێت .

٣-دەبێ پێش بینی واتای ڕستە بکەین ، لە ڕێگای واتای ئەو وشانەوە ، کە بەشداریان کردووە لە داڕشتنی ، یان پێک هێنانی ڕستەکەدا .)) (تاڵیب حوسێن عەلی ، ٢٠١٤:٣٧) ئەمانە وەکو مەرج بۆ ڕستەکانی زمانی کوردی دانراون ،بەڵام مەرجی ڕێزمانێتی ڕستەکان لەگەڵ ئەم مەرجانەدا هاوسەنگ نین ،چونکە چەمکی ڕێزمانێتی بە پێی تیۆری ب گ پابەندی واتا نییە و واتا نابێتە مەرج بۆ ڕێزمانێتی ڕستە.واتە لەم خاڵانەی سەرەوەدا تەنیا خاڵی سێیەم لە ڕێزمانێتیدا بە مەرج دانانرێت و ناتوانرێت ((چەمکی ڕێزمانی بوون بە واتادار دابنرێت و ناتوانرێت بە گرنگیش دابنرێت لە هیچ ڕوانگەیەکی سیمانتیکیەوە.)) (Jacobsen,1978: 92 )

((چۆمسکی ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە کاری لێکۆڵەری زمانی کورتبکرێتەوە لە تۆمارکردن و ڕێکخستن و پۆلینکردنی دەسکەوتە زمانییەکان،چونکە ئەم ڕێرەوە وەسفی و پۆلینکراوەو ناتوانێت بگاتە ئامانجی زانستی لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا،چونکە لە کۆمەڵێک بنەمای ڕێکخستنی ڕێزمانی پێکهاتەیی پێک دێت کە دۆزینەوەیان ئاسان نابێت لە ڕێگەی پرۆسەی پۆلینکردنی دەسکەوتە دیارەکان،لەبەرئەوە چۆمسکی دەیەوێت تیشکێکی نوێ بخاتە سەر لایەنی دۆزینەوەی بنەما پەیوەستەکان بە عەقڵی مرۆڤ،ئەمەش لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە زمانی مرۆڤ دەبێت،چونکە لێکۆڵینەوەی زمان لە چوارچێوەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ئاسۆیەکی نوێ بە رووی لێکۆڵینەوەی سیاقی عەقلی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.)) (میشال زکریا،١٩٨٣:٢٦٩) لە بارەی پەیوەندی ڕێزمانی و دیالێکتەکانی زمانەوە((ئەو فۆرمانەی زمان کە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە زانراون بە هەمان شێوەی ئەو فۆرمانەی کە ستانداردن لە زمانەکەدا ناسراون.قسەکەرانی دیالێکتە نا ستانداردەکان پەیڕەوی کۆمەڵێک یاسای هزری دەکەن، هەروەک چۆن کەسانی قسەکەری دیالێکتە ستانداردەکان پەیڕەوی کۆمەڵێک یاسای هزری دەکەن. لەڕاستیدا بوونی فرە دیالێکتی لە زماندا، یاسا هزرییەکانی دیالێکتە ستاندارەکان و ناستاندەرکان نیشان دەدات، بەڵام ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ئەو یاسا هزرییانە هەیە زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت. قسەکەرانی دیالێکتە پایەدارەکان لەوانەیە وا هەست بکەن کە تەنیا دیالێکتی ئەوان لەڕووی ڕێزمانییەوە ڕاست و دروستە،

بەڵام ئەو بۆچوونانە ناتوانرێت بەرگرییان لێ بکرێ، نە لەڕووی زمانییەوە، نە لەڕووی لۆژیکییەوە.)) (Tallerman,2005:4) هەروەها ((ئاشکرایە ،کە پێکهێنانی مۆدێلێکی ڕێزمانێک ،لەو چەشنەی کە دەبێت ،تەنها ڕستەی ڕێزمانیی بەرهەمبهێنێت ،تەنها دەربڕاوی ڕێزمانیی بناغەو بنەما قووڵ و بنەڕەتییەکەی دەبێت .تاقیکردنەوەیەک لەگەڵ قسەکەرێکی بە توانستدا لەوەدایە ،کە ڕێپێدەدرێت بڕیار لەسەر ڕێزمانیی و ناڕێزمانیی ئەو دەربڕاوانە بدات ،کە دەخرێنە بەردەستیی.)) ( محەمەدی مەحوی ،٢٠٠٩: ٣٥٥)

## ٤-٢- پلەی ڕێزمانێتی

ڕێزمانێتی وەکو سیفەتێک یان پەسن کردنێکی ڕێزمانی دادەنرێت بۆ ئەو دەربڕین و ڕستە دروستانەی ،کە لەگەڵ ڕێزمانی زمانەکەدا هەڵدەکات،بۆ ئەم مەبەستەش ((زانایانی زمان هەوڵیانداوە یەک ڕەهەندی پلەی ڕێزمانێتی دیاری بکەن ،بەمەش بۆیان دەرکەوت کە شتێکی گونجاوە ئەگەر ڕەهەندی پلەی ڕێزمانیەتی سنووردار بکرێت سەبارەت بە پێشێلکردنی یاسا هەلبژاردەییەکان، نەک بابەتەکە فراوان بکرێت بۆ پێشێلکردنی تەواوی یاساکانی ڕاستی و دروستی ڕستەکان. لەڕاستیدا ئەگەر پەیڕەوی ئەم پێشنیازە بکرێت،لەوانەیە یەکێک بگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا ئەرکی یاسا هەلبژاردەییەکان ئەوە بێت کە ناچارمان بکات بەوەی کە سیستەمێکی پلەبەندی دابنرێت بۆ پێشێلکردنی ڕێزمانێتی کۆمەڵە ڕستەیەکی دیاریکراو. بەتایبەتی ئەو ڕستانەی کە دەشێ بەرهەمبهێندرێن لەلایەن سنوورە هەڵبژاردەییەکان، ئەوکاتەش ڕێزمانەکە بە نەگۆڕی و جێگیری دەمێنێتەوە.)) (Chomsky,1971:119)

- ٨٩ - من هەموو مامۆستاکان دەناسم.
- ٩٠ - هەموو مامۆستاکان من دەناسن.
- ٩١ - مامۆستاکان هەموو من دەناسن.
- ٩٢ - مامۆستاکان من دەناسن هەموو .

ئەو ڕستانەی بە هۆی بەلووتکەکردنەوە بەرکارەکەیان دێتە پێشەوە ، لە ڕووی پلەی ڕێزمانێتییەوە نزمترن لەو ڕستانەی کە بکەر و بەرکارەکەیان لە شوێنی خۆیانن ، ((هەندێ جار ڕیزبوونی ( ب . بە . ک ) بە پێی ویستی قسەکەر دەگۆڕێت ، بە تایبەتی لە پێش و پاش خستنی بکەر و بەرکاردا . واتە سووربوونی یان دووپاتکردنەوەی قسەکەر لە سەر کەرەسەیەکی ڕستەکە ، بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت ،بە گوێگری بگەیەنێت ، بێ ئەوەی کار لە واتای گشتی ڕستەکە بکات ، بۆ نموونە دەکرێ بەرکاری ڕستە بە ڕێگەی بەلووتکەکردنەوە – بە پێی یاسایەکی گوێزانەوە – بخرێتە سەرەتای ڕستەوە )) (تاڵیب حوسێن عەلی ، ٢٠١٤:١٨) وەک :

93- منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە .

94- شیرەکە منداڵەکە خواردیەوە .

95- ئەم دارتاشە مێزەکەی چاک کردەوە .

96- مێزەکە ئەم دارتاشە چاکی کردەوە.

97- شوان کەوەکەی فرۆشت .

98- کەوەکە شوان فرۆشتی .

لە لایەکی ترەوە دەبینین ئەم جۆرە دەربڕینە لای قسەکەر یان گوێگری زمانەکە پەسەند نییە و بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی لە قەڵەم دەدرێت . هەروەها ((چۆمسکی گفتوگۆ لەسەر ڕێژەی ڕێزمانی بوونی ئەو ڕستانەدەکات)) (Jacobsen,1978: 93) بۆ نموونە:

99- جۆن شەیدای دڵسۆزییە.

100- دڵسۆزی شەیدای جۆنە.

کەواتە هەست و ژیری وەک چەمکێک ((بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی و ڕێزمانیەتی ڕستەیەک، چەمکێکی سادەیە و چەند تیۆرێکی بنیاتنان لە خۆ دەگرێت دەربارەی سروشتی واتایی بوونی ئەو ڕستانە.چەند هۆکارێکی جیاواز چۆنیەتی لێکدانەوەی ڕستەیەک دیاری دەکەن.)) (Chomsky,1971:118)

پلە و پێوەری ڕێزمانێتی ڕستە ((یاسا ڕێزمانییەکانی زمان حوکمی لە سەردەکات و لە لایەن ئەوانەوە دیاری دەکرێت .بەڵام ئەستەمە ڕستەی ناپەسەند پەسنێکی ڕێزمانی بکرێت ،واتە یاسایەکی ڕێزمانی دیاریکراو هەبێت بۆ جیاکردنەوەی پەسەند و ناپەسەند یاخود دیاریکردنی پلەکانی پەسەندێتی لەگەڵ یەکتردا ،بەڵکو دەتوانرێت لە ڕێگەی سیفەتێکی گشتی ڕۆنانەکانەوە پەسن بکرێن کە ناگەڕێتەوە بۆ یاسایەکی دیاریکراو بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەیوەندی یاساکان لەگەڵ یەکتردا لە ڕۆنانێکی دیاریکراودا.)) (دیار علی،٢٠٠٢: ٣٢)

بەواتایەکی دیکە، پێکهێنەری سینتاکسی هیچ سیستەمێکی پلەبەندی ناسەپێنێت بۆ دیاریکردنی ڕادەی ڕێزمانێتی لە ئاستە نزمەکانی پێشێلکردندا. ئەو کارەش ئێستا دەبێت لەلایەن پێکهێنەری سیمانتیکیەوە بەدەست بهێنرێت.))(Chomsky ,1971:121) واتە بە هەردوو پێکهێنەرەکە سینتاکس و سیمانتیک،دەتوانن پلەی ڕێزمانێتی ڕستەکان دیاری بکەن.هەروەها ڕستە لەڕووی پلەبەندی ڕێزمانییەوە

،هەر ئەوە نییە کە ڕێزمانی یان ناڕێزمانی بێت،بەڵکو بە پێی پلەی ڕێزمانێتی دەشێ ڕستەیەک ڕێزمانی تر بێت لە ڕستەیەکی تر.

## ٤-٣- پەسەندێتی

لەبارەی خستنەڕوو و دیاریکردنی لایەنی پەسەندێتی لە ڕستەکانی زماندا چۆمسکی ئاماژە بە یاساکانی گـوێزانەوە دەدات،بەمەبەسـتی ڕوونکـردنەوەی دیـاردەکە و پەیوەسـتکردنی بەو ئەنجامـانەی کە لە بنەماکـانی گـوێزانەوەدا بەدەسـت دێن،بـۆ بەدیهێنـانی ئەو مەبەسـتەش ((چۆمسـکی پێشـنیازی چەنـد فیلتەرێکی ڕۆنانی دەوڵەمەندی کردووە،سەبارەت بە ڕوونکردنەوە و لێدوان لەسەر گونجانی ئەو فلتەرانە کە لەوانەیە ببنە خاڵی بەیەکگەیشتنی تیۆری چالاککردن و تیۆری توانست، هەروەکو چۆن هەنـدێک لە هەڵ و مەرجەکانی سەر گوێزانەوە دیاری دەکات.جگە لەوەی کە بـارە زۆر ڕوونەکـان هەیە،کە هـاوڕایە و ڕێککەوتنێکی کەم لەسـەر ئەو پرسـە هەبـووە کە ئایـا گـوێزانەوەیەک فلتەری ڕۆنـانی ڕوونکردنەوەیەکی بـاش شـتێکی ڕێـک و پێکە.)) (Newmeyer, 1980:222 ) هەروەهـا جاکۆبسـن سـەبارەت بە هەردوو چەمکی ڕێزمانێتی و پەسەندێتی دەڵێت:

((قسەکەرانی ڕەسەن بڕیاردەدەن لەسەر ڕێزمانێتی.هەروەها جاکۆبسن بڕیاری ئەوە دەدات کە پەسند کردن شتێکی تەواو جیاوازە لە ڕێزمانێتی.)) (Jacobsen, 1992:7) دیارە مەبەستی جاکۆبسن لەم وتەیە ئەوەیە کە هەردوو دیاردەکە وەکو دوو بابەتی جیاواز لەیەکتر تەماشادەکرێن. هەروەها ((دیارە کە پەیوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا بە هۆی واتای ڕستەکەوە لێک دەدرێتەوە. بەڵام جیاوازی نێوان پەیوەندی سینتاکسی و پەیوەندی فەرهەنگی لەوەدایە ، کە هەر ڕستەیەک دەشێ لەڕووی ڕێزمانەوە تەواو بێت ، بەڵام لە ڕووی فەرهەنگی وشەکانەوە تەواو نەبێت ، بۆ نموونە :

101 - سیروان کتێبەکەی خوارد .
102 - دارەکە دەوەڕێ .

ئەم ڕستانە لەڕووی ڕێزمانەوە تەواون ، بەڵام لە ڕووی فەرهەنگەوە – گونجانی وشەکان – تەواو نین ، چونکە دەرکەوتنی وشەی (کتێب) لەگەڵ (خواردن) دا ، یان وشەی (دار) لەگەڵ (وەڕین) دا ناگونجێن .)) (تاڵیب حوسێن عەلی ،٢٠١٤: ٤٧) هەروەها ئەم ڕستەیەش :

103 - مێزەكە سێوەكەی خوارد.

سەبارەت بە ڕیزبوونی كەرەسە و شوێنی كەرەسەكان لە ڕستەی(١٠٣)دا،وەک ڕستەیەكی ڕێزمانی دروست تەماشادەكرێت،بەڵام بەهۆی نەگونجانی سیمای واتایی وشەی (مێز) لەگەڵ (خواردن) و نەگونجانی ئەو ڕستەیە لەڕووی واتا و لۆجیكەوە،وەک ڕستەیەكی ناپەسەند ئاماژەی بۆ دەكرێت.

((بە شێوەیەكی گشتی ئەم خاڵانە لەرووی پەسەندێتی یەوە دەور دەبینن:

1 - ڕۆنانە بەناویەكداچووەكان
2 - ڕۆنانە وێكچووەكان
3 - ڕۆنانە فرەلقەكان
4 - ڕۆنانە لقدارەكانی لای چەپ
5 - ڕۆنانە لقدارەكانی لای ڕاست

ئەم خاڵانە وا دەكەن پێوەری پەسەندێتی گۆڕانی تێبكەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- بەناویەكداچوونی دووبارە بەشداری لە ناپەسەندێتی دا دەكات.
104 - ئەمڕۆ ئێمە ئەو ئازادییەی كە لە ڕابردوودا داوامان دەكرد پێی گەیشتین.
2- ڕۆنانە وێكچووە ئامێزییەكان ناپەسەندییان زیاترە.
105 - ئەوەی كە تۆ باست كرد،ئەوەی كە تۆ باست كرد ئەوەی كە دوێنێ ئەومان بینی.
3- ڕۆنانە فرەلقەكان پلەی پەسەندییان نزمترە (لە بەرامبەر ئاساییەكان)
106 - شاندی وەزارەتی خوێندنی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستان هاتن. (ئەو ڕۆنانە بەرەو چەپ پلەی پەسەندێتی ڕستەكە دادەبەزێنێت.)
107 - هەر هەموو پەرلەمانتارەكان مانیان گرت.(بەرەو لای ڕاست پلەی پەسەندێتی ڕستەكە دادەبەزێنێت).
4- بەناویەكداچوونی توخمە درێژ و ئاڵۆزەكان بۆ ناو ڕۆنانێكی زمانی پلەی پەسەندی ئەو ڕۆنانە كەم دەكاتەوە.
108 - ؟؟ دوێنی شەو لە یاری نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و ئیسپانیا كە بڕیار بوو پێشتر ئەنجام بدرێ و لە میانەی ئەو یارییەدا كە هاندەران چاوەڕێی ئەنجامدانی بوون و بە جۆش و خرۆشەوە تێیدا ئامادەبوون هەردوو هەڵبژاردەكە لە یارییەكەدا یەكسانبوون.
5- سەبارەت بە لق لێبوونەوە بەرەو ڕاست یان چەپ،ئەوا نموونەكانی ئەم جۆرە بە ئاشكرا بەدیاری دەخەن كە پێوەری پەسەندی ڕۆنانەكەیان نزم كردۆتەوە ئەمە جگە لەوەی

دەتوانرێت لەرێگەی نائاسایی بوونی ئاوازی ڕۆنانەکەوە هەستی پێ بکرێت،چونکە بڕین و وەستانی ئاوازەکە لە جێگەی ئاسایی خۆیدا ناکەوێت.)) (دیار علی،٢٠٠٢: ٣٢: ٣٣)

## ٤-٤- جیاوازی نێوان ڕێزمانێتی و پەسەندێتی:

چۆمسکی جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان ڕێزمانێتی و پەسندێتی دەکات. ئەم دوو چەمکە پەیوەستن لەگەڵ هەردوو چەمکی توانست و چالاکی دا. ((ڕێزمانێتی چەمکێکی تیۆرییە، هەروەکو چۆن چەمکەکانی دۆخی ڕێزمانی فرێزی ناوی چەمکی تیۆرین. ڕستەیەک ڕێزمانییە ئەگەر لەلایەن ڕێزمانەوە بەرهەمهێنرابێت،ڕستەیەکیش ناڕێزمانییە ئەگەر لەلایەن ڕێزمانەوە بەرهەم نەهێنرابێت. بەواتایەکی تر،تەنیا دەشێت باسی ڕێزمانێتی بکەین لەرێگەی ئاماژەکردن بە نواندنێکی فەرمی دیاریکراو بۆ توانستی کەسی قسەکەری ڕەسەن، لەبەرئەوەی ئەمە لەڕووی زمانییەوە بینات نراوە. ڕێزمانێتی بەشێکە لە بازنەی زمانی ناوەوە. ئەوە زمانەوانە کە ڕێزمان شی دەکاتەوە ، دەتوانێت بڕیاری ڕێزمانێتی بدات، لەبەرئەوەی زمانەوان ئەو کەسەیە کە زانیاری ڕوونی دەربارەی زمانی ناوەوە هەیە.)) (Jacobsen,1992: 9) ئەم دوو زاراوەیە لەڕووی پێوەرەکانیشیانەوە جیاوازییان هەیە،بەوەی کە (پێوەری پەسەندێتی پابەندە بە لێکۆڵینەوەی چالاکی زمانی و پێوەری ڕێزمانێتی ڕستەش پابەندە بە لێکۆڵینەوەی توانستی زەینی زمان،ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە هەندێ ڕستە دەشێت لە زماندا پەسەند نەبن ،بەڵام لەبەرامبەردا لەرووی ڕێزمانەوە دروست بن،واتە ڕێزمانیین بۆنموونە ئەم ڕستەیەی خوارەوە لە کوردیدا ڕستەیەکی تەواو پەسەند نییە بەڵام ڕێزمانییە.

١٠٩- ئەو پیاوەی دوێنێ لە ڤیستیڤاڵەکەدا بینیمان کە کتێبێکی دەربارەی جوگرافیای کوردستان نووسیوە کە ئێمە قسەمان لەسەر دەکرد ئەمڕۆ هات بۆ لام .

هەر لە ژێر ئەم پۆلینەشدا رستەکان لەرووی پەسەندێتی یەوە بە ئاست و پلەی جیا جیا ڕیزدەبن ،واتە رستە هەیە پلەی پەسەندێتی نزمترە لە رستەیەکی دیکەو کۆمەڵێک هۆکاری زمانی هەن کار لەسەر پێوەری پەسەندێتی رستەکانی زمان دەکەن وەک خێرایی ، رێکخستن ، وەبیرهاتنەوە ، ئاوازەی ئاسایی.... بەمەش بەشێوەیەکی ئاشکرا جیاوازی نێوانیان دەردەکەوێت و دەبێ زمانەوان بزانێت کە مەرج نییە پێوەری پەسەندێتی و ڕێزمانێتی هاوسەنگ بن .)) (دیار علی،٢٠٠٢: ٣٢) واتە پەسەندی زیاتر

**پەیوەندی بە لایەنی ڕۆشنبیری قسەکەر و ئامادەیی دەروونی و ئاستی زمانی و بارودۆخی گەیاندنەوە هەیە.هەروەها پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ چالاکی دا هەیە، لەبەرامبەریشدا ڕێزمانێتی زیاتر پەیوەندی بە توانستەوە هەیە.((ئەو قسەکەرە ڕەسەنانەی کە لەڕووی زمانییەوە ئاڵۆزنین ، ناتوانن بڕیاری ڕێزمانێتی بدەن، بەلاّم تەنیا دەتوانن بڕیاری پەسندێتی بدەن. قسەکەری ڕەسەن هیچ زانیارییەکی ژیری و هەستی نییە دەربارەی ڕێزمانێتی وەکو چەمکێکی تیۆری. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ڕێزمانێتی و ناڕێزمانێتی تەنیا دەکرێت لەڕێگەی ئەو یاسایانەوە پێناسە بکرێت کە دەخوێندرێن و ئەو بنەمایانەی کە زمانی ناوەوە بنیات دەنێن. چۆمسکی زیاتر ئەوە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت کە))نە ڕێزمانێتی و نە پەسندێتی چەمکی تەواو نین و ئەو چەمکانە نین کە لە هیچیان کەم نەبێت. ڕادەی ڕێزمانێتی هەیەو ڕادەی پەسندیەتی هەیە. سەرەڕای ئەوەش هیچ هاوسەنگی و هاوئاستیەک لە نێوان ناڕێزمانێتی و ناپەسندێتی و ڕێزمانێتی و پەسەندێتی نییە بەشێوەی یەک بۆ یەکی بەرانبەری.))**
(Jacobsen, 1992:10)**بۆ نموونە:**

110 - **منداڵەکە تۆپەکەی هەڵدا.**

111 - * **تۆپەکە هەڵدا منداڵەکە.**

**هەموو قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانی کوردی ڕستەی (111) بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دادەنێت، لەم بارەشدا بڕیاردانی کەسەکە ڕەنگدانەوەی توانستەکەیەتی. بەواتایەکی دیکە، بڕیاردانەکەی دەربارەی ناڕێزمانی ڕستەی (111) بۆ زانیاری بێ ئاگایی دەگەڕێتەوە کە ئەو کەسە لە بارەی پێکهاتەی زمانی ناوەوە هەیەتی. زمانەوان ناڕێزمانێتی ڕستەیەکی وەکو ئەوەی ڕستەی (111) پەیوەست دەکات بە بنەماکانی زمانی ناوەوە، کە لەم بارەدا ئەو بنەمایانە بریتین لە پارامیتەرەکانی ڕیزبوونی وشەو فرێزەکان.**

112 - **[سیاسەتمەداران] کە وادەزانن[کە[ ئەگەر ئێستا پێوەر هەبێت و لەلایەن حکومەتەوە پێشنیازکرابێت دەبێت وا دەربکەوێت کە بێ کاریگەریە لەسەر هاوسەنگی پارەدانەوە] چەند پێوەرێکی توندتر دەبێت پەیڕەو بکرێت]] ئەگەری زۆرە کە ڕاست بن]**

**لە ڕستەی ژمارە (112) دا ((سێ ڕستەی تێخراو دەبینین کە یەک بەدوای یەکدا هاتوون. ئەوە شتێکی ئاساییە کە زۆربەی قسەکەرانی ڕەسەنی زمانەکە ئەو ڕستەیە بە ناپەسند بزانن، بەلاّم ڕستەکە ڕستەیەکی ڕێزمانییە. هیچ سنووردار کردنێک لەسەر هێزی تیخستنی ڕستە بۆ ناویەکتری نییە لە ڕێزماندا. ڕستەی ژمارە (112) ڕستەیەکی باشە بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕێزمانێتی دەربخات لەگەڵ ئەوەشدا**

ڕستەکە لەسەر پێوەری پەسندێتی لە ئاستێکی نزم دایە.)) (سەرچاوەی پێشوو:١٢) هەروەها چۆمسکی نموونەیەکی لەم شێوەی خوارەوەشی هێناوەتەوە:

113- ؟؟؟ هەریەکێک کە هەست بەوە دەکات کە ئەگەر ژمارە قوتابییەکی زۆر زیاتر کە لەڕاستیدا ئێمە وەرمان نەگرتوون لە کۆرسەکە دانیشتوون لەو قوتابیانەی کە وەرمان گرتوون دەبووایە پۆلەکە بگۆڕدرێت، کەوایە دەبێت ئەوانەی کە تەنیا گوێگرن بەلاوە بنرێن، ئەوە ئەگەریکی زۆرە کە هاوڕابین لەسەر ئەوەی کە دەبێت پرۆگرامەکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

ڕستەی(١١٣) لەوپەڕی ئاستی نزمی پێوەری پەسندێتی دایە، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووی ڕێزمانەوە بەرهەمهاتووە، بە ڕستەیەکی ڕێزمانی دادەنرێت. (Jacobsen, 1992:12)

ئەم ڕستانە بەپێی پلەی پەسەندی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ریزکراون:

114- منداڵەکە گوێی لە قیژەکە بوو.

115- منداڵەکە گوێی لەمن بوو.

116- منداڵەکە گوێی لەبەردەکە بوو.

((ڕستەی ١١٤ تەواو پەسەندە چونکە وشەی (قیژە) خۆی دەنگە،هەر ناوێک لە دوای کاری (گوێ لێبوون) بێت دەبێ دەنگ پیشان بدات.ڕستەی ١١٥ پەسەندی کەمترە چونکە (من) دەنگ نییە،بەڵام هەر تاڕادەیەک پەسەندە،ئەگەر (من) وەک سەرچاوەیەکی دەنگ لێک بدەیتەوە.ڕستەی ١١٦ لە هەموویان کەمتر پەسەندە چونکە (بەرد) کەمتر لەخۆیەوە دەنگی لێوە دێ.لە هەموو ئەم ڕستانە ناپەسەندتر ئەو جۆرە ڕستەیە دەبێ کە ناوی دوای کارەکە لەو جۆرانە بێت کە هەرگیز نە دەنگن نە دەبنە سەرچاوەی دەنگ و نە بەدەنگ دەردەبڕێن)) (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ٤٠٦)وەک:

117- ؟ مناڵەکە گوێی لە بۆنەکە بوو.

ڕێزمانێتی و ناڕێزمانێتی ڕستەکان لەڕووی ڕێزمانەوە دیاریدەکرێت و زۆربەی جار ئەوە ڕوودەدات کە ((زمانەوان چەند بڕیارێکی زمانەوانی جیاواز سەبارەت بە ڕێزمانێتی دەدات، بەبێ ئەوە کە دژی هیچیان بێت. چۆمسکی و لانسک لەبارەی ئەم نموونانەی خوارەوە گفتوگۆیان کردووە:

118 - کە ئەو هاتووە براوەیە.

119 - *ئەو هات براوەیە.

چۆمسکی و لانسک گریمانەی ئەوە دەکەن کە فلتەری ڕێزمانی هەیە کە زنجیرەیەک دیاردەی فراوان لەخۆ دەگرێت. کاریگەری ئەو فلتەرەش ئەوەیە کە ڕستەی ژمارە(١١٩)بەیاسای ناڕێزمانی ڕۆنراوە. خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ئەوە ڕێزمانەکە خۆیەتی لەڕێگەی فلتەریەوە ڕستەی ژمارە (١١٨)بە ناڕێزمانی دادەنێت. ئەگەرچی نووسەرێکی وەکو بیڤەر (1970) دەڵێت کە ڕستەیەکی وەکو ئەوەی ژمارە (١١٨) ڕستەیەکی ڕێزمانییە، بەڵام بە پێی بنەمایەکان نا پەسندە.)) (Jacobsen, 1992:13)هەروەها هەردوو چەمکی ڕێزمانێتی و پەسەندێتی لەڕووی پلەوە جیاوازییان هەیە،واتە پلەی پەسەندێتی نزمترە لە پلەی ڕێزمانێتی.

120 - ئەو پیاوە هات.     ڕستەیەکی تەواوە

121 - ؟ ئەو نانە هات.   لەڕووی واتاوە نادروستە

((بۆ ئەوەی ڕستە دروست بێ دەبێ لە ڕووی ڕیزمان و واتاوە تەواو بێت وەک:

122 - منداڵەکە بەردێکی تێ گرتم.

-ڕستەی دروست : ئەو ڕستەیەیە کە کەرەسەکان لەناوخۆیاندا ڕێکن واتە ئەم دوو مەرجەی تێدایە(ڕێزمانی ڕستە) + (پەسەندی واتا) وەک ڕستەی سەرەوە.

-ڕستەی نادروست : ئەو ڕستەیەیە کە کەرەسەکان لەناو خۆیاندا نەگونجاو و نالەبارن وەک:

- بەردەکە نانەکەی خوارد.

سەرهەڵدانی نادروستی واتـایی دەگەڕێتەوە بـۆ بەزانـدنی ئەو کۆتـانەی کە کەرەسـەیەکی ڕسـتە بەسـەر کەرەسەیەکی تردا دەیسەپێنێ.(کۆتی هاوسێیەتی،یان کۆتی پێکەوەهاتن)لەم ڕووەوە کەرەسـەکانی ڕسـتە دەبنە دوو جۆر:(ساجیدە عەبدوڵلا،٢٠١٣: ١٨)

- 1 هەڵبژێر
- 2 هەڵبژێردراو

## ٤-٥- بنەماکانی ڕێزمانێتی:

پێویست ناکات کە زمانەوان بیت یان ڕێزمانی زمانی کوردی بخوێنی بۆ ئەوەی فێربیت و بزانیت کە ڕستەیەکی وەکو "کوڕەکە کچەکەی خۆشدەوێ" ڕستەیەکی ڕێزمانییە، لەکاتێکدا کە ڕستەیەکی وەکو "کچ و کوڕەکە خۆشدەوێ" ڕستەیەکی ناتەواوە.هەروەها لەم ڕستانەی خوارەوەش بەهەمان شێوە:

123 - مۆبایلەکە زەنگ لێدەدات.
124 - *مۆبایلەکە دەنگ لێدەدات.
125 - *منداڵەکە بردی.
126 - ئەو گەندەڵە پارەکەی برد.
127 - یاریزانەکە هەموو ڕۆژێک ڕادەکات.
128 - *ڕاوچی ماسییەکە گرت.
129 - * ئەم نیشتیمانە شیرین.
130 - *جێگای ئاشتی لە جیهاندا گرتۆتەوە شەڕوئاژاوە.

ئەگەر قسەکەرێکی زمان لە جیاکردنەوەی ڕستە ڕێزمانی و ناڕێزمانییەکان ڕاست بێت ،ئەوا ئەوە دەردەخات کە بڕیاردان لەسەر ڕێزمانێتی شتێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بەهۆی یاساوە بەڕێوەدەچێت. هەروەها ئەو یاسایانەی کە بە هۆیانەوە دەتوانین دەستنیشانی ڕستە ڕێزمانی و ناڕێزمانییەکان بکەین و لەیەکتریان جیابکەینەوە.زۆر لە یاسایەک زیاترن کە تەنیا پەیوەست بن بە ڕیزبوونی وشەکانەوە. بۆ نموونە یاساکان ئەوە دەردەخەن کە کارێکی وەکو (لێدانی مۆبایل) دەبێت ڕاستەوخۆ وشەیەکی وەکو

(زەنگ) لەگەڵیدا دەرکەوێت، نەک وشەیەکی وەکو (دەنگ)، هەروەکو لە نموونەکانی (١٢٣، ١٢٤) دا خراوەتەڕوو. واتە دەکرێ بڵێین ((ڕستەکان بریتی نین لە زنجیرە وشەیەکی یان زنجیرە مۆرفیمێکی هەڕەمەکی، بەڵکو ئەو زنجیرە وشەیە یان مۆرفیمە پەیڕەوی چەند یاسایەکی دیارکراو دەکەن،کە لەڕێگەی یاسا سینتاکسیەکانی زمانەکەوە دیاریدەکرێن. ئەم وتەیەش بۆ هەموو زمانەکانی جیهان ڕاستە. ئەوەش ڕاستە کە قسەکەرانی زمانێک هەر هەموویان دەتوانن جیاوازی لە نێوان فۆڕمە ڕێزمانی و ناڕێزمانییەکانی ڕستەکان بکەن ، زۆربەی کاتیش ئەو قسەکەرانە دەزانن کە چۆن ڕستە ناڕێزمانییەکان چاک بکەنەوە و بیان کەن بە ڕستەی ڕێزمانی. ئەمەش زانیاری ئەو کەسانە نیشاندەدات سەبارەت بە یاسا سینتاکسیەکانی زمانەکەیان.)) (Fromkin& Rodman,1988:164) واتە توانستی ئەو کەسە یاخود بە واتایەکی تر بڵێین زانیاری ناوەوەی ئەو کەسە هەڵدەستێ بە ڕاستکردنەوەو چاکردنەوەی ڕستە ناڕێزمانییەکەو گۆڕینی بە ڕستەیەکی ڕێزمانی.

## ٤-٦- ئەو بنەمایانەی کە ڕێزمانێتی لەسەر بنیادنانرێت:

1 - ڕێزمانێتی بناغەی لەسەرئەوە نەبەستووە کە لە قوتابخانە دەگوترێتەوە، بەڵکو بناغەی لەسەر ئەو یاسایانە بەستووە کە وەردەگیرێن یان بە شێوەیەکی بێ ئاگایی لەلایەن منداڵانەوە بینات دەنرێن.زۆر لە زانیارییە ڕێزمانییەکان هەن تەنانەت پێش ئەوەی ئێمە فێری خوێندنەوەش ببین.

2 - هەبوونی توانای بڕیاردانی قسەکەر سەبارەت بە ڕێزمانێتی ڕستەکان لەسەر ئەوە ناوەستێت کە ئایا ئەو ڕستانە پێشتر خوێندوویەتی یان بیستوویەتی،بەڵکو لەوانەیە هەرگیز ڕستەیەکی وەکو ئەمەی خوارەوەی نەخوێندبێت و نە گوێی لێ بووبێت .

131 - مامزەکە لەناو جۆلانەکەدا مەلەی کرد.

لەوانەیە پێشتر هەرگیز ئەو ڕستەیەی نەبیستبێ ،بەڵام زانیاری سینتاکسی پێی دەڵێت کە ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ڕێزمانییە.

3- هەروەها ڕێزمانێتی ڕستە لە سەر ئەوە ناوەستێت کە ئایا ڕستەکە واتادارە یان نا، هەروەکو لەم ڕستەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

132- ؟ کارێک شیرەکەی قەد کرد .

ئەگەرچی ڕستەی ژمارە (١٣٢) واتایەکی پەسەند نادات بەدەستەوە، کەچی لەڕووی سینتاکسییەوە ڕستەیەکی تەواوە.

4- ڕستە ڕێزمانییەکان لەوانەیە لێک نەدرێنەوە، ئەگەر زنجیرەی ڕیزبوونی وشەکان یان مۆرفیمەکانیان بێ مانا بێت،واتە وشەکان لەڕووی ماناوە لەگەڵ یەکتریدا ڕێک نەکەوتوون، (Fromkin& Rodman, 1988:164:165) بۆ نموونە:

133- * دێت ئەگەر ئەو هاتی

5- ڕێزمانێتی لە سەر ڕاستی و دروستی ڕستەکان ناوەستێت، ئەگەر وابووایە، ئەوا درۆکردن شتێکی ئەستەم دەبوو. هەروەها ڕێزمانێتی لە سەر ئەوە ناوەستێت کە ئەو شتانەی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت شتی ڕاستەقینەن یان نا، یان شتێکن کە دەشێ، یان ناشێن و خەیاڵین. ڕستەی ناڕاستیش دەکرێت ڕێزمانی بێت و ئەو ڕستانەی باسی گیانەوەر و شتی ئەفسانەیش دەکەن دەکرێت ڕێزمانی بن. هەروەها ئەو ڕستانەی کە باسی (باوکی سک پڕ)یش دەکەن ،دەکرێت ڕێزمانی بن.(سەرچاوەی پێشوو:١٦٥) بۆ نموونە بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە کە دوورن لە حاڵەتی ئاسایی و ڕاستەقینە،یان خەیاڵین ، بەڵام ڕێزمانیین،وەک:

134- مێروولەکان جیهان بەڕێوەدەبەن.

135- ئەستێرەی ئاسمان بەدەست دەگیرێ و دەخورێتەوە.

136- شەمشەمەکوێرەکان دەست بەسەر هەموو دونیادا دەگرن.

## ٤-٧- پەیڕەوی سیستەماتیکی ڕستە نارێزمانییەکان:

بیرۆکەی سەرەکی لەم بابەتەدا ئەوەیە کە ((ڕستە نارێزمانییەکان سەبارەت بە سروشتی زمانی ناوەوە تێگەیشتنێکی زۆرمان بۆ بەرجەستە دەکەن ،هەروەک چۆن ڕستە ڕێزمانییەکان ئەو تێگەیشتنەمان بۆ دێننە ئاراوە.)) (Jacobsen, 1992:14) سەبارەت بە دیاریکردنی ڕستە نارێزمانییەکان ،ژیری و هەست وامان لێدەکەن ڕستە نارێزمانییەکان لە ڕستە ڕێزمانییەکان جیابکەینەوە.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێکهاتەی زمانی ناوەوە لەم بارەدا ڕۆڵ دەبینێ و کاریگەری لەسەر دیاریکردنی ڕستەی نارێزمانی و جیاکردنەوەی لە ڕستەی ڕێزمانی دەبێت.

ئەگەر هەندێک لە قسەکەرانی زمانی کوردی ڕستەی لەم چەشنانەی خوارەوە دەرببڕن ،ئەوا گوێگر هەست بە نارێزمانی ئەو ڕستانە دەکات و دەتوانێ جیایان بکاتەوە لە ڕستە ڕێزمانییەکان،وەک:

137- * بە یەکەم زیرەکەکە قوتابی دەرچوو.

138- * گۆلێکی یاریزانەکە لە خۆیان بەهەڵە کرد.

139- کچی پوورم دیارییەکی بۆ هێنام.

140- * لە خنکان کرا کورد ڕزگار بوو ئەو کچە.

141- ئەو کچەی لە خنکان ڕزگارکرا کورد بوو.

142- * دیلان پێدەکەنێت وێنەکە بە.

143- پێشانگاکە کۆتایی پێهات.

هەموو قسەکەرێکی کورد دەتوانێ ڕستە ڕێزمانی و نارێزمانییەکان جیابکاتەوەو تەنانەت ڕستە نارێزمانییەکانیش ڕاست بکاتەوە و بیانکاتە ڕێزمانی،چونکە سیستەمی زمانی کوردی لە مێشکی قسەکەرانی زمانەکە جێگیر بووەو بە بیستن یان بینینی ئەو ڕستانەی سەرەوە،گوێگر یان خوێنەر ڕاستەوخۆ هەست بە نادروستی ڕستەکان دەکەن و ئەو توانستەی لە مێشکیاندا هەیە ،وایان لێدەکات ناڕاستی ڕستەکان و چۆنیەتی ڕاستکردنەوەی ڕستەکانیش بزانن و هەست پێ بکەن.هەروەها ئەوانەی کە

به زمانی کوردی قسەدەکەن بەهیچ شێوەیەک فێرنەکراون یان پێیان نەگوتراوە کە کام ڕستە لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستە و کام ڕستەش دروست نییە.

هەر بۆ هەمان بابەت دەبینین ((زۆربەی هەرەزۆری ئەو ڕێزمانە هزرییانە هەرگیز لە بواری فێرکردندا ناگوترێنەوە نە لەڕێزمانی وەسفگەریدا نە لەڕێزمانی فێرکردندا.هەروەها تاڕادەیەکی زۆر ئەو یاسایانە کە "بەبێ ئاگاییەوە زانراون" وەکو زمانی ئینگلیزی و وێڵزی ، لەڕستیدا ئەوانە یاسای جیهانین و باون لەسەرجەم زمانەکاندا.))(Tallerman,2005: 4) بۆنموونە:

144- کێ دەڕوات؟

145- ڕەند وڕۆنەر دەڕۆن؟

146- کێ دەڕوات؟ڕەند وڕۆنەر

هەرگیز ڕێزمانی کوردی ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە بۆچی دەتوانین ڕستەکانی ژمارە(١٤٤،١٤٥) دەرببڕین،بەڵام ناتوانین ڕستەی ژمارە(١٤٦) بەو شێوەیە دەربب‌ڕین،تەنها دەتوانین ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەین کە ڕستەی ژمارە(١٤٦) ئاوازە زیاتر ڕۆڵی پرسیارکردنەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

لێرەدا دەکرێ بڵێین کە ڕستە ناڕێزمانییەکان لادانیان زۆرترە بەرامبەر بە یاساکانی زمان ،واتە ڕستەکان یاساکانی زمان پێشێڵ دەکەن و لە ئەنجامی ئەمەشدا ڕستەی ناڕێزمانی بەرهەمدێت،بۆ نموونە:

147- درەختەکان گەشەیان کردووە.

148- * درەختەکە گەشەیان کردووە.

یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ڕێزمانی زمانە .((مەبەستی چۆمسکی لە ڕێزمان ئەوەیە ،کە بتوانێت ،بەروونی پەسنی ڕستە ڕێزمانییەکان بکات و بتوانێت ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی لێک جیابکاتەوە ،بەوەی کە ڕستەی ڕێزمانی هەموو ڕەگەزە ڕێزمانییەکانی تێدابێت ،و دروست بەکاربهێنرێت ،کەچی ڕستەی ناڕێزمانی سنووری بوون یان بەکارهێنانی ڕەگەزێک یان زیاتری ڕستە دەبەزێنێت .)) (دارا حمید،٢٠١٢: ٢١)

## ٤-٨- جێگۆڕکێی کەرەسەکان و کاریگەرییان لەسەر ڕێزمانێتی ڕستە:

دەکرێت چەمکی "بەرکاری ڕاستەوخۆ" تێکەڵ بەو شوێنە بکرێت کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش کارەکەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرکارە ڕاستەوخۆیە نەبێتە گۆکردنیش لەو شوێنەدا.(smith,1999:61) بۆ نموونە:

149- من نانم خوارد.

150- نانم خوارد.

زمانی کوردی ڕێگە نادات بە جێگۆڕکێی کەرەسەکانی ڕستە،یەکێک لە سیما دیارەکانی لادانی بکەرە زمانی کوردی ڕێگە نادات بە گۆڕینی گەردانکردنی ڕستە و بە هیچ شێوەیەک بکەر ناچێتە پشتی کارەوە (Fattah,1997:300)چونکە ڕیزبوونی کەرەسەکان لە کوردیدا لە جۆری (بکەر- بەرکار- کار)ە.

151- من نەهاتبووم.

152- *نەهاتبووم من

هەروەها لە زمانی کوردیدا بەرکار لە ڕۆنانی سەرەوەدا لە جێگەی بنەڕەتی خۆی دوور ناکەوێتەوە و هەر لە ژێر نۆد و دەسەڵاتی (VP) دا دەمێنێتەوە ،بۆیە ئەگەر هاتوو لە ژێر دەسەڵاتی (VP) دا نەبوو دەبێتە هۆی ئەگەری ناڕێزمانی ئەو ڕستەیەی کە تێیدا بەکارهاتووە،بۆ نموونە:

153- منداڵەکە سێو دەخوات .

154- منداڵەکە دەخوات سێو.

155- *دەخوات منداڵەکە سێو.

وەک دەبینین ڕستەی ژمارە (١٥٥) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە،چونکە (سێو) لە ژێر دەسەڵاتی (VP) دوورکەوتۆتەوە.

هەروەها لە زمانی کوردیدا لابردنی سەربار لەناو ڕستەدا نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە،چونکە یەکێک لە تایبەتییەکانی سەربار ئەوەیە کە بە لابردنی لە ناو ڕستەکەدا،نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە،وەک لە بەشی دووەمی ئەم نامەیەدا باسکراوە.بۆ نموونە:

156 - کاروان لەسەر قەنەفەکە نووست.

157 - کاروان نووست.

بەڵام گۆڕینی شوێنی سەربار لە ناو ڕستەدا ،هەندێک جار ناڕێزمانی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە.بۆ نموونە:

158 - پێشمەرگەکە منداڵەکەی لەشەڕەکە ڕزگارکرد.

159 - منداڵەکەی لەشەڕەکە ڕزگارکرد پێشمەرگەکە.

160 - منداڵەکەی ڕزگارکرد لە شەڕەکە پێشمەرگەکە.

161 - * لەشەڕەکە ڕزگارکرد منداڵەکەی پێشمەرگەکە .

هەروەها ((کەرەسە ناسەرەکییەکان شوێنییان چەسپاو نییە لە ڕستەدا بە ئارەزووە ،واتە دەتوانن جێگۆڕکێ بکەن بە پێی مەبەستی قسەکەر.)) (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی،٢٠١٣:٣٤) لەم نموونانەی خوارەوە بەدەردەکەوێت :

162 - دوێنێ شەو میوانەکان گەیشتن .

163 - میوانەکان دوێنێ شەو گەیشتن .

164 - میوانەکان گەیشتن دوێنێ شەو .

هەروەها نەگونجانی ڕاناوی لکاوی دوای کاری ڕستەکە لەگەڵ بکەری ڕستەکە،ناڕێزمانی بوونی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە.بۆ نموونە:

165 - * مامۆستاکان لە خۆپیشاندان ئامادە دەبێت.

هەروەکو دیارە ناڕێزمانی ڕستەی (١٦٥) بۆ ڕێکنەکەوتن و نەگونجانی ڕاناوی لکاو لەگەڵ بکەری ڕستەکە لەڕووی کەس و ژمارەوە دەگەڕێتەوە.بەهەمان شێوە ڕێکنەکەوتنی ڕاناوی لکاوی ڕستەکە کە بۆ بەرکار

دەگەڕێتەوە لەگەڵ بەرکاری ڕستەکە لەڕووی کەس و ژمارەوە،ناڕێزمانی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە،بۆ نموونە:

166 - * کوڕەکە نانیان خواردن.

167 - * ئاراس نیشتمانی خۆیان خۆش دەوێت.

((پێکەوەهاتنی بەخورتی هەرسێ مۆرفیمەکانی (ڕەگ و کات و کەس) بنیاتی دروستەی فرێزێکی کرداریی دەستدەخەن، بەڵام ئەمە بۆ ئەو کردارانەیە، کە تێنەپەڕن. چونکە جگە لە فرێزێکی پێشناویی، کە سەرپشکییە، بەو سێ ئەندامە توانای پێکهێنانی دروستەیەکی ڕێزماندروست و واتا ڕاستیان هەیە.)) (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف،٢٠٠٥: ٧٥)

168 - ئەوان بەپەلە هاتن.

169 - ئەوان هاتن.

170 - هاتن.

هەروەها سەبارەت بەو ڕستانەی کە کارەکانی(ە-بوو –دەبێت)یان تێدایە،وەک لەم نموونانەدا:

171 - شیلان مامۆستایە .

172 - مامۆستایە شیلان .

173 - شیلان بووە مامۆستا .

174 - شیلان مامۆستا بووە .

175 - شیلان دەبێتە مامۆستا .

176 - *شیلان مامۆستا دەبێتە .

لە ڕستەی ژمارە (١٧٦) دا (دەبێتە) دەکەوێتە دوای وشەی (مامۆستا)بۆیە بووەتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەڵام لەنێوان هەردوو وشەکەدا (شیلان،مامۆستا) ڕستەیەکی ڕێزمانی و دروست بەرهەمدەهێنێت.

گۆڕینی شوێنی ڕاناوی لکاوی دوای بەرکار بۆ دوای کار ،ناڕێزمانی بوونی ڕستەکەی لێ دەکەوێتەوە.

177 - گوڵاڵە نانەکەی خوارد .

178 - * گوڵاڵە نانەکە خواردی .

به گۆڕینی شوێنی کاری بکەر نادیار لە ڕستەیەکدا،نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە،بەڵام کار لە پلەی ڕێزمانێتییەکەی دەکات،بۆ نموونە:

179- شیرینی بەسەر میوانەکاندا دابەش کرا.

180- بەسەر میوانەکاندا دابەش کرا شیرینی.

181- دابەش کرا بەسەر میوانەکاندا شیرینی.

ڕستەی ژمارە(١٨١) پلەی ڕێزمانێتی نزمترە لە ڕستەی (١٨٠) هەروەها هەردوو ڕستەی (١٨٠، ١٨١)یش لەڕووی ڕیزمانێتییەوە لە ڕستەی (١٧٩) پلەیان نزمترە.

سەبارەت بە گۆڕینی شوێنی وشەکانی پرس،هەندێ جار ناڕێزمانی بوونی لێدەکەوێتەوە.

182- من سۆزانم بینی.

183- کێ سۆزانی بینی؟

184- سۆزان کێ بینی ؟

185- چی دەخۆی؟

186- *دەخۆی چی؟

187- تۆ کەی دەڕۆی؟

188- * دەڕۆی تۆ کەی؟

وەک لەم ڕستانەدا دەبینین کە گۆڕینی شوێنی وشەی پرس لە ڕستەدا ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێ دەکەوێتەوە بە شێوەیەکی گشتی وشەکانی پرس وەک کەرەسەکانی تری ڕستە ئەگەر شوێنیان بگۆڕێ و لە شوێنی پێویستی خۆیان لابرێن،ناڕێزمانی ڕستەکەی لێ دەکەوێتەوە،یانیش ڕستەیەکی ڕێزمانی بەڵام لەڕووی پلەی ڕێزمانێتییەوە لاواز دەبێت.

هەروەها گۆڕینی شوێنی مۆرفیمی ناسیاری و نەناسیاری و کۆ و خۆیەتی لە شوێنی خۆیان، یان لابردنیان لە شوێنی پێویستی خۆیان بۆ شوێنێکی تری ناو ڕستەکە،دەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە.

189- پیاوەکە پێکەنی.

190- * پیاو پێکەنی.

191- کوردەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن.

192- كورد خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن.

193- خۆمان وڵاتمان بەڕێوەدەبەین.

194- وڵاتمان بەڕێوەدەبەین.

195- * وڵاتمان خۆمان بەڕێوەدەبەین.

لابردنی مۆرفیمی ناسراوی لە فرێزی ناویدا لەدوای دیارخەرەکەوە بۆ دوای دیارخراوەکە،بەهەمان شێوە نارێزمانی بوونی لێ دەکەوێتەوە.بەم شێوەیەی خوارەوە:

196- *کوڕەکە چاوشین زۆر زیرەکە .

197- کوڕە چاوشینەکە زۆر زیرەکە .

198- *منداڵەکە چاوجوان نووست .

199- منداڵە چاوجوانەکە نووست.

مۆرفیمی ناکردن (نە،نا) هەمیشە بە پێش کار دەکەون و ئەگەر لەو شوێنە لادران لەناو ڕستەدا ،ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی نارێزمانی .

200- نەسرین نەچوو بۆ قوتابخانە .

201- نەسرین بۆ قوتابخانە نەچوو .

202- *نەسرین نە بۆ قوتابخانە چوو.

203- شەماڵ یاری ناکات .

204- یاری ناکات شەماڵ.

205- *ناکات شەماڵ یاری.

بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ لەگەڵ ناوی تایبەت لەڕۆڵی بکەردا ،دەبێتە هۆی نارێزمانی بوونی ڕستەکە ،تەنیا لەهەندێ حاڵەتدا نەبێ،بۆ نموونە کە لەکەسێک دەپرسی : ڕۆژان و ڕەند و دیلان کامیان دەناسی؟ یان دەڵێی کامیان هاتن؟ لەوەڵامدا کەسەکە دەڵێ:

206- ڕۆژانەکە دەناسم بەڵام ڕەند و دیلان ناناسم.

207- دیلانەکەیان دەناسم و ئەوانی تر نا.

ئەو ڕستانەی لە تاکە وشەیەک پێک دێن و ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدێنن ، واتە ئەو ڕستانەی کە بەرکار تێیاندا دەرناکەوێ بەم شێوەیە دروست دەبن:((کاتێک کارەکە ڕابوردوی تێنەپەڕ بێ ،یان کارێکی ڕابوردوی بکەر نادیار بێ ، ڕاناوی کاراکەش بۆ کەسی سێیەمی تاک بگەڕێتەوە ،ڕاناوەکە وەک

مۆرفیمێکی قاڵبدار دەرناکەوێ.)) (عەبدوڵلا حوسێن،،٢٠١٤: ٤٩)وەک لەم هێڵکارییەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

سادەترین ڕستە (ڕستەی وشەیی)

فرێزی کاری + فرێزی ناوی

(ڕەگی کار) +(ڕاناوی لکاو)

ڕابوردوی تێنەپەڕ :هات ،نوست ، مرد ، دانیشت ،ڕۆیشت ،....

ڕابوردوی بکەر نادیار : نوسرا ،کوژرا ،برژێنرا ،بڕرا ، دزرا ،...

((ئەگەر لە ڕوانگەی کردەی تەواوکردنەوە سەرنجی تەواوکەر بدەین ،ئەوا مەبەست لەو ڕەگەزانەیە ،کە لەگەڵ کردار ،یان ئاوەڵناودا دێن و دروستەو واتای گوزارەی ڕستەکە تەواودەکەن .چونکە تەواوکەر لانابرێت ،لەبەرئەوە یان دروستەکە نارێزمانی دەکات ،یان کرۆکی واتای ڕستەکە دەگۆڕێت و لە مەبەستی قسەکەر دووردەکەوێتەوە.)) (محەمەد عومەر عەول ،٢٠٠٨: ٣١) بۆ نموونە:

208- جاڵجاڵۆکەکە بەدیوارەکە هەڵگەڕا.

209- *جاڵجاڵۆکەکە هەڵگەڕا.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەڕێگەی توانستی زمانییەوە دەتوانین بڕیار لەسەر ڕێزمانێتی ئەو ڕستانە بدەین،بڕوانە ئەم دوو نموونەیە:

210- *بەرد ئارام ەکەی فڕێدا ەکە گۆشە یە ەوە .

211- *ئارام کتێبەکەی گۆشەکانەوە فڕێمدا .

((هەر کەسێکی بە توانست بڕوانێتە سەرەوڕیێزوونی ئەو دوو ڕستەیەی (٢١٠، ٢١١) ،بۆیدەردەکەوێت ،کە ئەو ڕستانە ڕستەی ڕاست و دروستی کوردی نیین .لەو ڕستانەدا،هەموو وشەکان وشەی کوردیی ناسراون ، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕستەکان ڕستەی ڕێزمانیی کوردیی ڕاست نیین ،چونکە هۆو ئامرازەکانی ،بۆ بینای دروستەی سینتاکسیی بەکارهێنراون ،تەواو یان ڕاست دانەنراون .لە ڕستەی(٢١٠) دا سەرەوڕێزبوونی توخمەکان تەواو ڕێکنەخراوە .دروستەی ڕستەکە دروستەی سینتاکسیی زمانی کوردیی نییە .ئەگەر سەرەوڕییزبوونەکەیان بە دروستیی بگۆڕیین ،ئەوا ڕستەیەکی کوردیی دروستمان دەستدەکەوێت .هەر بەوەیشدا دەزانیین ،کە سەرەوڕیزبونی وشە و فرێزەکان ڕێگەیەکە بۆ بیناکردن و دروستکردنی

(وشەو)ڕستە.)) (محەمەدی مەحویی ،٢٠١١: ٤٠)هەروەها هەندێک ڕستە هەن لە پلەی ڕێزمانیی دروستدان ،بەڵام لەگەڵ ئەو ڕووداو و زانیارییانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا بەڕاستی ڕوویانداوە ،ناگونجێت.بۆ نموونە :

2 1 2 - قازی محەمەد لە ساڵی ٢٠١٥ لەسێدارە درا.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە ،ڕستەیەکی ڕێزمانییە ،بەڵام ئەو زانیاریەی لەڕێی ئەو ڕستەیەوە دەستمان دەکەوێت زانیارییەکی دروست نییە ،بۆیە ئەم ڕستەیە لەلایەن قسەکەر و گوێگری کورد بە ڕستەیەکی پەسەند دانانرێت.واتە دەکرێ ئەوە بڵێین کە خاڵی ڕێزمانێتی ڕستە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی هەمانە لەبارەی جیهانی دەرەوەدا، پێویستە لێک جیابکرێنەوە .

سەبارەت بەو ڕستانەی کە بەرکار تێیاندا هاتوونەتە شوێنی بکەر بە هۆی بەلووتکەکردنەوە،واتە ((بەرکار کە سەرتۆپی لاوەکییە،لە جێکەوتەی سەرەکیی خۆیەوە،کە بەشی کۆمێنتی ڕستەی سەرتۆپییە،دەتوانرێت ڕستەکە بە مەبەستی هێنانە بەرهەمی ڕستەی باسمەند بهێنرێتە سەرەتا.)) (کاروان عومەر،٢٠٠٦: ٧٧) ئەم هێنانە پێشەوەی بەرکاریش لەم جۆرە ڕستانەدا نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوون.هەروەها ((لەڕستەی باسمەندی زمانی کوردیدا سەرتۆپی لاوەکی بەمەبەستی جەختکردن دەهێنرێتە سەرەتای ڕستە بۆ جێکەوتەی (س.ە = سەرتۆپی هێنراوە پێش)بەمەش سەرتۆپی سەرەکی(بکەر) دەبێتە سەرتۆپی لاوەکی،لە جێکەوتەی سەرتۆپی لاوەکیشدا شوێنپێیەک بەجێدەمێنێت،کەلەگەڵ سەرتۆپی هێنراوەپێشدا هاونیشانە دەکرێت.)) (سەرچاوەی پێشوو: ٧٧) هەروەها بەلووتکەکردنی کار لە ڕستەدا لەڕووی ڕێزمانێتییەوە،ناڕێزمانی ترینە.بۆ نموونە:

3 1 2 - * دەخوێنێ ئەو وانەکە.

4 1 2 - * کردی یاری منداڵەکە.

ئەو کەرەسانەی پێویستن لە ڕستەدا و بەهیچ شێوەیەک بەبێ ئەو کەرەسانە ڕستە دروست نابێت بریتین لە بکەر و کردار کە ((لە ڕستەدا بەخورتی بوونیان هەیە،بەڵام کەرەستەکانی تر بە پێی داواکاری کردار ئامادەییان لە ڕستەدا دەبێت.)) ( Fattah, 1997:246، )بۆ نموونە:

5 1 2 - کوردستان پێشکەوتووە.

6 1 2 - *پێشکەوتووە.

7 1 2 - پێشمەرگە وڵات دەپارێزێت.

8 1 2 - *پێشمەرگە دەپارێزێت.

(( ئەم دوو جۆرە هێمایە(*،؟) ڕادەی ڕێزمانێتی و پەسەندێتی ئەو ڕستانە نیشاندەدەن یەک بەدوای یەکدا. واتە، ئەستێرە واتای ناڕێزمانێتییەو نیشانەی پرسیاریش واتای ناپەسەندێتی.کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بۆ دیاریکردنی ڕادەی ڕێزمانێتی ڕستەکان بەکاردێت.))(Jacobsen, 1992:19 )

هەرچی فراوانکردنی ڕستەی سادەیە نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستە و کاریگەری لەسەر لایەنی ڕێزمانی نابێت ،بۆ نموونە:

219- گۆڤارەکەم خوێندەوە.

220- دوێنێ گۆڤارەکەم زۆر بە پەلە خوێندەوە.

بەم شێوەیە دەبینین کە فراوانکردنی ڕستەکە نەبۆتە هۆی ناڕێزمانی بوون،بەڵکو زانیاری زیاتری داوە لەبارەی یەکێک لە کەرەسەکانی ڕستەکە .

# ئەنجامەکان

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان بەدەست هێنا:

1- پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان توانستی زمانی و چەمکی ڕێزمانێتیدا هەیە،ئەم پەیوەندییەش لەوەوە بەدەردەکەوێت،کاتێ قسەپێکەری ڕەسەنی زمانەکە بڕیار لەسەر ڕێزمانێتی (دروستی) و نادروستی هەر دەربڕاوێک یان ڕستەیەکی زمانەکە دەدات.واتە هەر هەڵەیەک لە ڕستە بەرهەمهاتووەکاندا ڕوودەدات،ئەوا ئەو هەڵەیە لە چالاکی زمانیدایە،نەک لە توانستدا،بەڵکو هەست کردن بەو هەڵەیە لە ڕێگەی توانستی زمانییەوە لێکدەدرێتەوە،کە پەیوەستە بە هزری مرۆڤەوە.

2- توانستی زمانی ڕۆڵێکی تەواوی هەیە لە وەرگرتن و فێربوونی زمانی یەکەم (دایک).هەرچی بەکارهێنانی زمانە کە خۆی لە چالاکیدا دەبینێ دیسانەوە ڕۆڵی لە فێربوونی زماندا هەیە بەتایبەتی زمانی دووەم یان هەر زمانێکی دیکە بێت،ئەم پرۆسەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵەی ڕێزمانی لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکەدا زۆر کەم و ئەستەم بێت ،جگە لەو هەڵانەی کە بەهۆی نەخۆشی و ماندوێتی و پەلەکردن لەقسەکردندا ڕوودەدات.

3- یاسا سینتاکسییەکان بە بنەمایەکی سەرەکی و گرنگ دادەنرێن سەبارەت بە ڕستەکانی زمان،چونکە پێشێلکردنی ئەو یاسایانە لە چوارچێوەی ڕستەدا دەبێتە هۆی لادانی ڕێزمانی ،هەروەها ڕستەکەش بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی دادەنرێت،هەرچی لایەنی واتاییە نابێتە بنەما بۆ ڕێزمانێتی ڕستە،بەڵکو ڕۆڵی لە پەسەندێتی و دروستی ڕستەکاندا هەیە.

4- لەهەندێ حاڵەتدا زمانی کوردی ڕێگە بە لادانی یاسا سینتاکسییەکان دەدات،وەک ئەوەی لە ڕیزبوونی وشەکاندا بەدیدەکرێت بەتایبەتی لە ئاڵوگۆڕکردنی شوێنی بکەر و بەرکاردا ئەمەش بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە ڕستەکەی تێدا دەردەکەوێت،هەروەها پێش و پاش خستنی هەندێ کەرەسەی تر وەکو سەرباری ئاوەڵکارییەکان لەناو ڕستەدا.

5- لە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەکانی زمانی کوردیدا دوو جۆرە تەواوکەر Complement بەدیدەکرێن،کە بە بەشێکی بنجی و سەرەکی ئەو ڕستانە هەژماردەکرێن ،بەلابردنیان ڕستەکە لەڕووی ڕێزمان و واتاوە دەشێوێ،تەواوکەرەکانیش بەمجۆرەیە:

1- ئەو تەواوکەرانەی کە لەگەڵ ڕستەی کار تەواودا دەردەکەون و بەپێی پێداویستی کارەکە دەبنە ئارگیومێنت لە شێوەی فرێزێکی بەندا دەردەکەون.

2- ئەو تەواوکەرانەی کە لەگەڵ ڕستەی کار ناتەواوی (ە،بوو،دەبێت) هەروەها دەبنە بەشێک لە فرێزە کاریەکەدا.

6 - دەکرێ بنەماکانی ڕێزمانێتی بەپێی ئەم چەمکانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

بنەماکانی ڕێزمانێتی

| + بنەما | - بنەما |
| --- | --- |
| یاسا سینتاکسییەکان | واتا |
| ڕێکەوتن و گونجانی کەرەسەکان | لۆجیک |
| ڕێکەوتنی بکەرو بەرکار و کار | گۆڕانی شوێنی کەرەسە |
| | ناسەرەکییەکان لەناو ڕستەدا |

7 - دەکرێ پلەکانی ڕێزمانێتی و پەسەندێتی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکەین :

| هێما | پلەکانی ناڕێزمانی | نموونە |
| --- | --- | --- |
| * | پلە یەک | ف ک ف ن ف بەند |
| ** | پلە دوو | ف بەند ف ک ف ن |
| *** | پلە سێ | ف ن ف بەند ف ک |
| **** | پلە چوار | ف ن ف ک ف بەند ..... |

| هێما | پلەکانی ناپەسەندێتی | نموونە |
| --- | --- | --- |
| ؟ | پلە یەک | بەیەکداچوونی توخمە درێژ و ئاڵۆزەکان بۆ ناو ڕۆنانێکی زمانی |
| ؟؟ | پلە دوو | ڕۆنانە وێکچووە ئامێزییەکان |
| ؟؟؟ | پلە سێ | بەناویەکداچوونی دووبارە |
| ؟؟؟؟ | پلە چوار | ڕۆنانە فرەلقەکان (بەرەو ڕاست) |
| ؟؟؟؟؟ | پلە پێنج | ڕۆنانە فرەلقەکان (بەرەو چەپ) ...... |

## سەرچاوەکان

### - بە زمانی کوردی


- أحمد حسن فتح الله ،(١٩٩٠)،بکەر وەک بەشێکی سەرەکی ی رستە لە زمانی کوردی دا،نامەی ماستەر
- ئازاد ئەحمەد حسەین ،(٢٠١٢)،یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا- شێوەزاری سلێمانی،گۆڤاری زانکۆی کۆیە،ژمارە ٢٢
- ئومێد بەرزان برزۆ ،(٢٠١٢)،شیکردنەوەی ڕستە،گۆڤاری زماننـاسی ژمارە ١٣ی٢٠١٢
- ئەمیـر مـحەمەد ئەمین،یوسـف شـەریف سـەعید،(٢٠١٤)،وشـە ئەرکییەکـان لە ئاسـتی سینتاکسدا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە ٣٠
- بەکر عومەر عەلی ،(٢٠١٤)،چەند لایەنێکی زمانەوانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر.
- تارا موحسین قادر ،(٢٠١١)،زمانی کوردیی و مینیمالْ پرۆگرام،نـامەی دکتۆرا،سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی
- تاڵیب حوسێن عەلی ،(٢٠١١)،واتاسازی ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر
- ____________ ،(٢٠١١)،ڕستەی پرسیار لە زمانی کوردیدا،گۆڤاری زانکۆ،ژمارە ٤٨
- ____________،(٢٠١٤)،هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتـا لە کوردیـدا ،چاپخـانەی حاجی هاشم،هەولێر
- ____________ ،(٢٠١٤)،زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر
- حـاتەم ولیـا ،(٢٠٠٩)،پەیوەنـدییە ڕۆنانییەکـانی نوانـدنە سینتاکسییەکان،چاپی یەکەم،چاپخـانەی خانی،دهۆک
- حەمیـد عەزیـز ،(٢٠٠٥)،بنەماکـانی فەلسـەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی،هەولێر،چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە
- دارا حمیـد محمـد،(٢٠١٢)،شیکاری ڕستەی ئـاڵۆز لە ڕوانـگەی پراگماتیکەوە،نـامەی دکتۆرا،فـاکەڵتی پەروەردە- زانکۆی سلێمانی

- دیار علی کمال، (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی .ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە،نامەی ماستەر،کۆلیژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین.

- __________ ،طالب حسین علی ،(٢٠٠٤)، یاساکانی ڕۆنان و گوێزانەوە لە ڕستەی کوردیدا،گۆڤاری زانکۆ ژمارە ٢١

- __________، طالب حسین، (٢٠١١)، پێشگریمانە و هەندێ لایەنی سیمانتیکی لۆجیکی،گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە(١٨)

- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ،(٢٠١٠)،ڕێزمانی بەندێتی هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی،چاپخانەی رۆشنبیری ،هەولێر

- ______________ ،(٢٠١٣)،چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی،هەولێر

- ______________ ،(٢٠١٣)،هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی،هەولێر

- سەباح ڕەشید قادر،(٢٠٠٩)،هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا- چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

- سەلاح حەوێز ڕەسووڵ ،(٢٠١٤)،پرەنسیپی بە ئابووریکردن لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر

- سەلام ناوخۆش،(٢٠٠٥)،پوختەیەک دەربارەی زمانناسی،چاپخانەی چوارچرا،چاپی یەکەم،هەولێر.

- شیلان عومەر حسەین،(٢٠١١)،پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا،نامەی دکتۆرا،کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی

- عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان ،(٢٠٠٩)،فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین

- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ،(٢٠٠٥)،دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی

- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول،(٢٠١٤)،پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپی سێیەم چاپخانەی هێڤی،هەولێر

- __________ ،(٢٠١٤)،ناکردن لە کوردیدا ،چاپخانەی هێڤی - هەولێر

- عەبدولواحید موشیر ،(٢٠١٢)،شێواز و پراگماتیک
- __________ ،(٢٠١٤)،ڕێزمانی کوردی،چاپی یەکەم
- __________ ،(٢٠١٤)،واتاسازی وشە و ڕستە،چاپی دووەم ،هەولێر.
- غازی عەلی خورشید ،(٢٠١٣)،ڕێزمان ،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر
- ڤیان سلێمان ،(٢٠٠٩)،کەرەسە بەتاڵەکان لەڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە،هەولێر
- کاروان عومەر قادر ،(٢٠٠٨)،ڕستەی باسەمەند لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی تیشک،چاپی یەکەم،سلێمانی
- کلۆد جێرمان – ریمۆ لۆبلان ،(٢٠٠٦)،واتاسازی ،و.یوسف شەریف سەعید،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
- محسن علی حسێن،(٢٠١٣)،هەندێ لایەنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەلە شیعری گۆراندا،نامەی ماستەر،کۆلیژی زمان-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
- محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١٠)،لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ،کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی:شێروان حسێن خۆشناو،شێروان میرزا قادر،چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر
- __________ ،(١٩٨٧)،زمانەوانی ،سەرەتایەک لە زمانەوانی بە کەرەسەی کوردی.
- محەمەد ڕەزا باتنی ،(٢٠١٢)،چەند بابەتێکی زمانەوانی،و.هێرش کەریم،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج،سلێمانی
- محەمەد ڕەزای باتینی ،(١٩٨٧)،ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان،و.حەسەنی قازی
- محەمەد عومەر عەول ،(٢٠٠٨)،کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارووda،نامەی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی
- محەمەدی مەحوی ،(٢٠٠٩)،زانستی هێما (هێما،واتا و واتا لێکدانەوە)،بەرگی دووەم ،چاپخانەی پەیوەند
- __________،(٢٠٠٩)،مۆدیل و مۆدیلەکانی ڕێزمان ،و.لە ئەڵمانییەوە،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی
- __________ ،(٢٠٠٦)،ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆک- وابەستە

- ـــــــــــــــــــــ ،(٢٠١١)،بنەماكانی سینتاكسی كوردی،بەرگی یەكەم،زانكۆی سلێمانی،سلێمانی .

- مەهاباد كامیل عەبدوڵڵا،(٢٠١٠)،چەند كردەیەكی سینتاكسی لە شێوەزاری هەورامیدا،نامەی دكتۆرا،كۆلیژی زمانی زانكۆی سلێمانی

- نایف خرما١٩٨٧،و.شهاب شیخ طیب ،(٢٠١٣)،چەند تیشكێك بۆ سەر لێكۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەكان ،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی-كەركوك.

- وریا عمرأمین ،(١٩٨٦)،ڕێزمان چییە ،گۆڤاری ڕۆژی كوردستان – بەغدا،ژمارە ٦٩

- یوسف نوری محەمەد ئەمین،(٢٠١٠)،هەندێ لایەنی ڕستەی لێكدراو لە زمانی كوردیدابە پێی یاساكانی گوێزانەوە،نامەی ماستەر ،كۆلیژی زمان-زانكۆی سەلاحەدین- هەولێر

- بە زمانی عەرەبی

- چومسكی ،(١٩٨٥)،جوانب من نظرية النحو،ترجمة مرتضى جواد باقر،مطبعة جامعة الموصل.

- عادل فاخوری ،(١٩٨٨)،اللسانية التوليدية و التحويلية ،دار الطبعة للطباعة والنشر،بيروت،لبنان،الطبعة الثانية

- عبدالقادر الفاسی الفهری ،(١٩٨٢)،اللسانيات و اللغة العربية ،نماذج تركيبية و دلالية

- محمد محمد یونس علی ،(٢٠٠٤)،مدخل إلى اللسانيات،دار الكتاب الجديدة المتحدة ،الطبعة الأولى

- محمد علي الخولي،(١٩٨٢)،معجم علم اللغة النظري،انگلیزی-عربي،مكتبة لبنان-بيروت.

- ميشال زكريا ،(١٩٨٣)،الألسنية التوليدية والتحويلية و قواعد اللغة العربية ،الطبعة الأولى، بيروت - لبنان

- ـــــــــــــ ،(١٩٨٣)،الألسنية ((علم اللغة الحديث)) مبادی والأعلام،الطبعة الثانية ،بيروت،لبنان.

- به زمانی ئینگلیزی


- Jacobsen (1992). *Remarks on Acceptability and grammaticality*.

- Padley. G.A.((1976). *Grammatical Theory in Western Europe 1500-1700*. Cambridge: Cambridge University Press.

●Crystal,(2012),A dictionary of Linguistics & Phonetics,David,sixth edition Blackwell publishing.

●Fattah M.M.,(1997)A generative grammar of Kurdish, Unpublished DoctoraDisseation, Univeresity of Amstrdum

●Noam. (1971). *Language and Language Learning:* ،Chomsky *Selected readings.* Oxford: Oxford University Press.

- Mahmud. (1999). *Government* , Farrokhpey *and Biding Chomesky's Language Theory*. Tehran: Shokhan.

- Roger. (1971). *An Introduction to Transformational* ،Fowler *Syntax.* Great Britain: Routledge and Kegan Paul Ltd.

- Victoria and Robert Rodman. (1988). *An Introduction to* ،Fromkin Rinehart ، *4th (eds).* The United States of America: Holt، *Language* Inc. ،and Wineston

- Robert Rodman and Nina Hyams. (2005). *An* ، Victoria،Fromkin a ، *8th (eds).* USA: Thomson Wadsworth،*Introduction to Language* part of the Thomson Conrporation.

Journal of Linguistics, Bent, no. 8. ،Hermes

- Bent. (1978). Transformational-Generative Grammar: ،Jacobsen (2nd eds). ،An introductory survey of its genesis and development Oxford: North-Holland Publishing Company.، New York،Amsterdam
- Frederick J. (1980). *Linguistic Theory in America*. ،Newmeyer New York: Academic Press.
- Andrew. (2004). *English Syntax and Introduction*. ،Radford Cambridge: Cambridge University Press.
- Neil. (1999). *Chomsky: ideas and ideals*. Cambridge: ،Smith Cambridge University Press.
- 2nd (eds). ، Maggie. (2005). Understanding Syntax،Tallerman Britain: British Library Cataloguing in Publication Data.

- ماڵپەڕی ئینتەرنێت

- http://linguistlist.org/ask-ling/lang-acq.cfm
- https://aggslanguage.wordpress.com/chomsky/
- https://www.bu.edu/wcp/Papers/Lang/LangLiu2.htm
- https://en.wikipedia.org/wiki/Linguistic_competence

// Abstract

This thesis is entitled (**Grammaticality Concept in Generative Theory**). It is dedicated to address the theory briefly in emergence aspect, the stages and those shortcomings that the theory has been through. Moreover, mentioning those important terminologies that invented by Chomsky within the theory framework, particularly *competence* and *performance* terms. The two terms have especially been cared more in language acquisition related to producing grammatical sentence in language. In this research, it is also referred to aspect of sentence grammaticality in which (un)grammaticality of the Kurdish sentences have been illustrated. Attempts have been made to apply the theory rules on the Kurdish sentences properly so as to get benefit in the application of those rules for the analysis and interpretation of the syntactic aspect of the language. The paper consists of the following four chapters:

The first chapter: in the chapter attempts are made to present the theory views, emergence, addressing the principles and benefits generally.

The second chapter: this chapter is specialised to sentence formation representation and those methods that are taken in sentence representation. It is also pointed to pyramidal analysis of sentence, particularly in generative grammar. This chapter also tackles (head-dependent- adjunct) topics as well as the differences among them.

The third chapter: the chapter deals with learning language and language acquisition by human, which is affected by competence and performance. Logic, logic and sentence grammaticality relation are also illustrated in this chapter. Moreover, (understanding, meaning and language deviation) topics are mentioned in this chapter, especially the relation of grammaticality aspect to the language sentences are demonstrated.

The fourth chapter: in this chapter attempts are made to highlight Kurdish language sentences practically, particularly it is focused on the sentences grammaticality and their degree of grammaticality. Despite of that, the acceptability of the sentences are pointed out. Further, it is tried to determine and analyse the grammaticality principles and the reasons of the sentences ungrammaticality. This is conducted through those data and samples that are used in this chapter so as to provide enough explanation to specify the ungrammaticality aspect of the sentences.

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Grammaticality Concept in Generative Theory

A thesis

Submitted to the Council of the College of Education at the University of Salahaddin-Hawler in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language.


By

**Trefa Muhsen Ahmad**

B.A. Kurdish Department


Supervised by

**Prof. Dr.Talib Hussen Ali**

Erbil, Kurdistan

October 2015